نەرکی زامنکردنی مافی رەوای نەتەوایەتی گەلی کوردمانو سەرکەوتنی ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی کۆماری عراقدا لە پێشەوەی ئەو نەرکانەوە بوە کە شۆڕش تەقەللایەکی کەوردوڵسۆزانەی بۆ داوە .
سەرۆکی فەرمانده
احمد حسن البکر

● الاثنین ٢٦ اذار ١٩٧٩ العدد ٤٦٧ ●

هاوکاری

٨ لاپەڕە — ٢٥ فلس

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

مەرکەزی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیسەلەی الغلانی شەقامی ٥ الجمهوریة ٥
بەغدا ـ س.پ ١٤٠١٦ تەلەفۆن ٨٨٢٥٤٩٥ ـ ٥ خەت

سەر نووسەر : سعاد ادیب علی

● دووشەممە ٢٦ی ئادار ١٩٧٩ ژمارە ٤٦٧ ●

هاوڕێ البکر: نەتەوەی عەرەب بوار نادا پیلانەکە ببڕێتە سەر

سەرۆکی فەرمانده پێشوازی ئەندامانی سەرکردایەتی سیاسی سوریا دەکات

بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکر لە بارەگای تایبەتی خۆی لە کۆشکی کۆماری سەر لە بەیانی ڕۆژی پێنج شەممەی رابوردوو پێشوازیی لە ئەندامانی سەرکردایەتی سیاسی سوریای براکردووە کە بڕێتیبوون لە بەڕێزان متعب شنان وعبدالله الاحمد واحمد الحسن .

لەو کۆبوونەوەیەدا کە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەڕێزان طارق عزیزو برهان‌الدین عبدالرحمن تیایدا ئامادەبوون باسی پەیوەندی یەکبوونی نێوان هەردوو وڵات کراوە لە بەرووناکی میساقی هاوبەش کاری نەتەوەیدا .

بەڕێز صدام حسین پێشوازی ئەندامانی سەرکردایەتی سیاسی سوریادە کات

سەعات هەشتی سەر لە ئێوارەی ڕۆژی هەینی رابوردو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەبارەگای تایبەتی خۆی لە ئەنجومەنی نیشتمانی پێشوازیی ئەندامانی سەرکردایەتی سیاسی سوریای برای کردووە کە بڕێتی بوون لە بەڕێزان متعب شنان‌و عبدالله الاحمد واحمد الحسن لەو چاوپێکەوتنەدا کە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەڕێزان نعیم حدادو طارق عزیزو جعفر قاسم حمودی‌و برهان‌الدین عبدالرحمن

بڕوانە : ل : ٧

● نەتەوەی عەرەب سوورە لەسەر ئەوەی ڕووبەڕوی دوژمن ڕاوەستێت‌و ئەو فەرمانڕەوایانە لابەرێت کە پێچەوانەی خواستیان دەجوڵێنەوە .

● یەك بوونی عراق‌و سوریا تەعبیرە لە لەدایكبوونی دوا ڕۆژێکی نوێی‌و توانایەکی نوێ .

● فەرمان ڕەوای میسر ریزی لایەنی دوژمنی هەڵبژارد .

نوێنەری هاوڕێ احمد حسن البکر جێگری ئەمینداری گشتیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئەمینداری نهێنی قوتری حزب سەرەك کۆمار هاوڕێ دکتۆر منیف الرزاز ئەمینداری گشتیی حزب لە نیقابەی ئەندازیارە کشتوکاڵیکان سەر لە ئێوارەی ڕۆژی شەممە چاوپێکە وتنی بغداد بۆ یەکێتیی دەزگا ئەمەریکاییە ـ عەرەبیکانی کردەوە .

هاوڕی الرزاز وتارەکەی سەرۆك البکری خوێندەوەو تیایدا وتی : فەرمان ڕەوای میسر ئەوەی هەڵبژارد کە لە بەرەی دوژمن بێت‌و بەرەوروی نەتەوەی عەرەب ڕابوەستێ‌و ڕێکەوتنێکیان لەگەڵدا مۆر بکات کە بەشێکی خۆشەویستی نیشتمانیان بدانێ کە ملکی نەتەوەیەو ملکی ئەو نییە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم لە ناوچەکەدا بەردەوام بکات‌و هەموو بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی پێشکەوتو ـ خوازی بە ئامانجی بنیاتنانی نەتەوەیەکی نوێ‌و مرۆڤی نوێ لە ناو بەرێت .

هەروەها وتی .. نەتەوەی ڕاگەیاندووە کە سوورە لەسەر ئەوەی بەردەوام بەرەوروی دوژمن ڕابوستێت‌و ئەو فەرمانڕەوایانەلا دات کە لەخواستەکانی لا دەدەن ،وریگا لە پیلانەکە دەگرێت‌و پێکەهاتنی کۆنگرەی بەرز لە بەغدا سەرەتای کەوتنە لێژی گلۆڵەی پیلانەکەی ئیمپریالیزم‌و زایونیزم بوو : ئەمەش تەواوی وتەکەیە . .

ئەی میوانە بەڕێزەکان..

بە ناوی خواو بە ناوی نیشتمان‌و بە ناوی عیراق‌و بە ناوی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی‌یەوە ، ئەم چاوپێکەوتنەتان دەکەمەوە ،یەکەم چاوپێکەوتنێکی فراوانە کە یەکێتیی دەزگا ئەمریکایە ـ عەرەبیکان لە نیشتمانی عەرەبدا پێکی دەهێنێت ، داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم لەمەبەستەکانتاندا وەجوانترین بە خێرهاتنتان لێدەکەم لە نیشتمانی دایکدا لە یەکی لەوڵاتە خۆشەویستەکانیدالە بەغدادا پایتەختی ڕەشید سەرفرازیی کۆنی عەرەب‌و مەڵبەندی ڕابەڕینی نەتەوەیی نوێی عەرەب ، لەم چاوپێکەوتنەتاندا بەغداد دەبینن ئەو بەغدادەی زۆربەتان نایناسن تەنیا مەگەر لە ڕێگای کتێبی هەزارویەك شەوەوە ، بەڵام ئەو بەغدادە کۆنەی تێدا نابینن کە لە بارەیەوە خوێندوتانەتەوە بەڵکو بەغدادێکی نوێ دەبینن ،بەغدادی هەزارویەك ڕۆژ لە کاری بەردەوام‌و بنیاتنان‌و سەرفرازی‌و بوژاندنەوەی نەتەوەیی وەڵەو بەرگریی‌یەی کە نەتەوەی عەرەب‌و مرۆڤی عەرەبی سەر لە نوێ تێدا دابوژێتەوە ، عیراقێك دەبینن جیاواز لەو عیراقەی باوك‌و باپیرانمان بۆیان بەجێ هێشتووین ، هەست بە ڕووی ئۆرانو پێشکەوتن‌و شۆڕش لە هەموو مەیدانێکك لە مەیدانەکانی ژیاندا دەکەن ، دوای ئەوەی عیراق بە سەرکردایەتی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب ڕزگاربوو لە تەبەعیەتی سیاسی‌و ئابووری‌و ڕۆشنبیری وەدوای ئەوەی سەرچاوەکانی سامانەکانی کەوتە دەستی نەوەك بە دەستی دوژمنەکانیەوە ، بۆ چاکەی گەل‌و جەماوەرەکەی خەرج دەکرێت نەك بۆ چاکەی تاقمێکی کەم ، دوای ئەوەی دەستی کرد بە بنیات نان نەك هەر بۆ ئەوەی ئەمڕۆ بەڵکو نەك هەر بۆ ئەوانەی لەچوار چێوەی سنووری عیراقدا دەژین بەڵکو بۆ ئەو نەوانەی پاشە ڕۆژ دێن‌و بۆ هەموو نەتەوەی عەرەب بە بەرینی نیشتمانی عەرەب .

میوانە خۆشەویستەکان

بەغدا بەپێشوازی کردن‌و میوان‌پەزێری ئەم کۆبوونەوەیەتانەوە شانازی دەکا چونکە ئێوە ڕۆڵەی ئەم نەتەوەین‌و بەیامبەرو یالیزی‌و ئەون بۆجیهان.. باوباپیرانتان لە بەنی کەنعان بەر لە زیاتر لە سێ هەزار ساڵ لە ڕۆخی سوریاو لوبنانەوە پێیان هەڵناو لە ڕۆخەکانی دەریای سپی ناوەڕاستدا بڵاوبوونەوەو تێیدا مەڵبەندی شارستانی فینیقیان دروست کردو براکانیان لە یەمەن‌و عومانەوە بەڕۆخەکانی زەریای هیندی‌دا پەرتەیان کرد تا گەیشتنە ئەندونیسیاو فلیپین‌و لە وێشدا مەڵبەندی شارستانی ئیسلامی‌یان بنیات نا .

ئێوەش ئێستا پەیامبەری ئەم نەتەوەیەن بۆ جیهانی نوێ ، پەیامی نەتەوەکەتان نوێ دەکەنەوە کە شانازیتان پێوە دەکاو شانازی بەو سەرکەوتنەتانەوە دەکا کە لەهەموو مەیدانەکانی ژیاندا کە تێی‌چوون لە وڵاتە تازەکانتاندا وەدیتان‌هێنا ، بەوەش بەباشترین شێوەی ڕەسەنی خۆتان و ڕەسەنی‌ی نەتەوەکەتان‌و ئەو خەسیە تانەتان دەربڕی کە هەتانە .

لە هەمان کاتدا کە خزمەتی وڵاتە نوێیەکانتانتان کرد ، پەیوەندیتان بەنیشتیمانی دیرینەوە هەر بەپتەوی مایەوەو غەریبایەتی دوورو درێژتان خۆشەویستی‌و هۆگریتانی بۆ ئەو کەم‌نەکردەوە .. سووریتان لەسەر پاراستنی زمانی باووباپیرانتان‌و ڕۆشنبیریتان‌و سووریتان لەسەر پتەوکردنی پێوەندی نێوان خۆتان‌و نیشتیمانی دێرینتان‌و سووریتان لەسەرپتەوکردنی پێوەندی نێوان جالیاکانتان ، هەر چەندە ئەو وڵاتانەی تێیاندا دەژین لێك جیاواز بن ، هەموو ئەمانە نیشانەی ڕەسەنی خۆتان‌و ڕەسەنی‌ی عەرەبایەتی‌یە تێیاندا .

مێوانە بەڕێزەکان .. ئەگەر هەموو خەڵك فرمانی خزمەتی نیشتیمانیان لەسەر بێ ، ئەوا خوا لەسەر ئێوە لەیەك کاتدا فرمانی خزمەتی دوونیشتیمانی داناوە ، نیشتیمانە نوێیەکەتان کە دڵی خۆی و دەرگای خۆی بۆ کردنەوەو نیشتیمانە دێرینەکەتان کە خۆتان‌و باوباپیرانتان پێتان لێوە هەڵنا ، نیشتیمانە کۆنەکەتان ئێستا لە لێقەوماندایە ، و لێقەومانەکانیش بۆ نیشتیمانەکەتان شتێکی نوێ تیەو ئێوەش لە هەموو کەس چاکتر ئەمە دەزانن،چونکە هەندێکتان باوباپیرانی لە دەستی جەورو ستەمی عوسمانی کۆچیان کردو هەندێکتان باوباپیرانی لە دەستی ئەو وەزعە خراپانە کۆچیان‌کرد کە ئیستیعماری ئەوروپی بڵاوی کردەوەو هەندێکتان لە ئەنجامی داگیرکردنی بەشێکی بەشێکی زۆر خۆشەویستی دڵی نیشتیمانی عەرەبیتاندا لەلایەن زایۆنیزمەوە کۆچیان کرد .

ئەمڕۆش پاش ئەوەی نەتەوەکەتان زوڵم‌و زۆری عوسمانی لە ناوبردو پاش ئەوەی ئیستیعماری داگیرکاری لەناوبردو پاش ئەوەی لە بنیاکردنی کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی نوێی هاوچەرخدا ڕێگایەکی زۆری بڕیوە کە خۆی‌و ئینسانی عەرەب لە تاریکستانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بەرەو چەرخی دوارۆژ دەبا ، نەتەوەکەتان هێشتا هەر پیلانکردنی ئیمپریالی زایۆنی دژی بزوتنەوە نەتەوەییە ڕابەڕیوەکەی بەرەو ڕوو

بڕوانە : ل : ٢

هاوڕێ صدام حسین :

حوکمی ئۆتۆنۆمی لە شێوەی وت‌وێژدا نەهاتە کایەوە بەڵکو بەڕادەیەکەم بە ئیرادەی حزب وشۆڕشەکەتان بوو

ئەمەی خوارەوە دەقی تەواوی ووتارەکەی بەڕێز صدام حسین جێگری سەرەك ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشە کە بۆ ئەو جەماوەرەی خوێندەوە کە لە ناوچەی قەشقۆڵی لە قەزای دوکان لە پارێزگەی سلێمانی کۆبووبوونەوە :

برایان خەڵکی سلێمانی‌ی نازاو تێکۆشەرو دڵسۆز .. بەناوی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش‌و بەناوی بەڕێز سەرۆکی تێکۆشەر احمدحسن البکرەوە سڵاوتان لێدەکەم‌و .. خۆشحاڵی‌ی تەواوی خۆمان بەرامبەر بەو کامەرانیە دەردەبڕین کە بەبۆنەی ناهەنگ‌گێڕانی جەژنی نەورۆزی ئەمڕۆوە لەدەموچاوتان دیارە . برایان ئێمە حەزدەکەین بەشداری لەناهەنگی ئەم جەژن‌و کامەرانی‌ی ئەم جەژن‌و ئەم ڕۆژەئەمڕۆتاندا بکەین .

دەڵێم .. ئەمڕۆ ئێوە بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە ناهەنگ‌دەگێڕن‌و ، ئێمەو هەڤاڵان ئەندامانی سەرکردایەتیش لە گەڵ ئێوەدا بەم بۆنەیەوە ناهەنگ‌دەگێڕین کە جەژنەکە بەرهەمێکی تێکۆشان‌و ئەرکی عیراقیتی‌و دڵسۆزانەی ئێوەیە لەو دەستەوە ئێدەکۆشین کە ئێوە دەستتان کەوتوە . ئێوە دەزانن کەوا ژمارەیەکی زۆری گەلانی ناوچەکە هێشتا لە پێناوی ئەوەدا تێدەکۆشن‌و قوربانی بەنرخی بۆ دەدەن کە بگەنە بەشێك لەوەی کە گەلی عیراقمان بەجێی‌هێناوە . . بگەنە ئەو مافانەی کە گەلی کوردمان لە عیراق هەیەتی . . بەڵام ئیمپریالیزم بەردەوام دەردەسەری‌ی گەلانی دراوسێی عیراق‌و مافە نەتەوەیی‌و نیشتمانیەکانیان دەشارێتەوە.. بۆ ؟ چۆنکە مەبەستی عیراقەو مەبەستی شۆڕشەکەتانە . . مەبەستی مێژووکەتانە . دەیەوێت پەیوەستە تونە کە لە ڕێگای شۆڕشی مەزنی ئێوە شۆڕشی ١٧ی تەموزەوە وەدەست هاتوە . لەم ڕۆژەدا کە ئێمە بەبۆنەی جەژنی نەتەوەیی گەلی کوردمانەوە ناهەنگ‌دەگێڕین دەبینین هێشتا ژمارەیەکی زۆری نەتەوەکان لە گەلانی دراوسێدا لە پێناوی پارچەیەك هەزارەها ساڵەی نێوان کۆمەڵگای عیراق ، نێوان کوردو عەرەب کە گەلێکی سەر خاکی عیراقن تێکبدات یاخود هەوڵی تێکدانەکەی دەدات . ئیمپریالیزم دەیەوێت ئەو یەکگرتنە لە مێژووی عیراقیەکان لاببات کە لە مێژووی نوێ‌و ڕووکردنی دواڕۆژدایە .. دەیەوێت هەموو تان کە عیراقین .. نەتەوە هەمە جۆرەکان‌و پارچە هەمە جۆرەکانی کۆمەڵ لە باپیرێکدا کە ناوی نەبوخەذنوصەر ، بەیەك بگەنەوە ، .

بڕوانە : ل : ٢

دەقی وتارەکەی بەڕێز جێگر بۆ جەماوەری پارێزگای میسان

ڕۆژی یەك‌شەممەی رابوردوو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە جەماوەری پارێزگای میسان گەیشتووە . لەبەردەم هەزارەها لەوجەماوەرەدا کەلە بەردەم بارەگای پارێزگادا کۆبووبوونەوە وتارێکی‌دا کە ئەمە دەقەکەیەتی :

ئەی‌برایان ڕۆڵەکانی میسانی‌پاڵەوان ، بەناوی بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکرەوەو بە ناوی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕشەوە سڵاوتان‌لێدەکەم .. سڵاو لەوتەقەللا نیشتمان‌پەروەریە دڵسۆزانەیەتان دەکەم لەبنیاتنانی عراق لەسەر ڕێگای ئامانجی‌حزبەکەتان حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب .

لەسەرەتای شۆڕشدا پێش دە ساڵ سەرمان‌لێدان ،شارەکە لەدۆخی جیاواز لەدۆخی ئێستایدا بوو ، سەرتان لێدەدەین‌و شارەکە لەدۆخێکی چاکتردایە . پێش دە ساڵ سەرمان لیدان‌و وەزعی شارەکە دواکەوتوو شپرزەبوو، چونکە ئەوانەی کە حوکمی هەموو عراقیان دەکرد . هەروەها ئەمشارە لەو کەسانە بوون کە پەیوەندیان بەگەلەوە نی‌یە ، کەسانێك بوون لەبەرژەوەندی خۆیان بەولاوە هیچی تریان مەبەست نەبوو بەتەنگەوە نەدەهاتن کە گەل بچەو ستێنەوە ، بەداخەوە لەگەڵ بێگانەدا دڵسۆزبوون بەڵام بۆ خاکی ئەم‌نیشتمانەو بۆ گەلی ئەم‌نیشتمانە بەوەفا نەبوون .

بەڵام ئێستا دەبینین کە پارێزگای میسان لە دۆخێکی چاکتردایە . ئەم‌بێشکەوتنەی لەم‌شارەدا بەدی‌دەکەین هۆی خواستی مرۆڤە ، خواستی ڕۆڵەکانی .. خواستی ئێوە لەبنیات‌نان‌و بەخشش‌و قوربانی‌داندا ، میسان چاکتر بووە چونکە خواستی ئیش‌کردنتان ئێستا چاکتربووە ، وە چونکە ئەوکەسانەی سەرکردەیی ئەم‌وڵاتە عراق دەکەن .. هەروەها پارێزگای میسان ڕۆڵەیەکی ڕاستەقینەی ئەم‌وڵاتەن لەمەوپێش ئەم‌شارەو ڕۆڵەکانی ژیانێکی کوێرەوەریانە دەژیان ، وە لەوانەیە لاوەکانتان بەدرێژەی نەژیابێت ، بەڵام ئەوانی‌تر کە تەمەنیان لەئێوە گەورەترە درێژەی کوێرەوەری‌و نەبوونی‌و چەوسانەوەو زۆرداری ژیاون کە گەلی میسانی تێدا دەژیا .

عراق پێش‌دەکەوێ

برایان ... ئەی‌تێکۆشەران ..باشی تێبەڕبوونی دە ساڵ بەسەر سەردانی پارێزگای میسانماندا دەبینین کەوا عراق بە هەموو شارو گوندەکانیەوە ، بگرە لەوەش گرنگتر بەئینسانەکانی‌یەوە پێش دەچێ ناوبانگی عراق بوو بە شتێکی جیاواز لەوەی کەلەڕۆژگاری رابردوودا هەبوو وشوێنەواری عراق لەناو عەرەب‌و لەناو دەوڵەتاندا ئێستا شتێکی جیاوازە لەوەی رابردووو ڕۆڵەکانی عراق ئێستا بوون بە گەورەی خۆیان نەك ئەوەی کە چاران بوون ، ئەمەیە وەزعی ئێستای عراق‌و ساڵ‌بەساڵ مانگ بە مانگ هەرباشتر دەبێ .

بەڵام بەداخەوە دەبینین کە هێشتا لەنیشتیمانی عەرەبدا حوکمداری خاین هەن کە سیاسەت بەبێ ئیرادەی گەل بەڕێوە دەبەن ، هێشتا هەندێ کەسی وەکو انور السادات ، یان لەوێنەی انور السادات ، هەن کە گەلی میسر بە ڕێگایەکی تردا دەبن نەك ئەوڕێگایەی کە بۆ بەدی‌هێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی عەرەب دژی دوژمنەکانی‌و لەپێناوی سەربەرزی‌و دەست ڕۆیشتنیدا دەچێ ، ئەوکەسانە

بڕوانە : ل : ٧

Institut Kurde de Paris

هاوڕێ البکر : بنەتەوەی عەرەب بوار نادا پیلانەکە بڕێتە سەر .. پاشماوە

دێ ، ئیمپریالیزم ئەم وڵاتەی دابەش کردو ئەم نەتەوەیەی دابەش کردو لە ناوەراستیدا شێرپەنجەیەکی چاند کە بریتییە لە قەوارەی زایۆنیو هەموو جۆرە پشتگیریەکی سیاسیو ئابووریو سوپایی بۆ دابین کرد تا ببێ بەقەڵایەکی پێشەوە بۆیو هەموو ئامانجەکانی بۆ بێنێتەدی کە بریتین لە بەردەوام کردنی لاوازیو پارچە پارچەیی نەتەوەی عەرەبو دەستکێشان بەسەریداو رەنێوهێنانی ئیحتیکاریانەی سامانەکانی .

ئەوەی جێی داخە ئەوەیە ئیمپریالیزم و زایونیزم ، هەندێ حوکمڕانی عەرەبەکان خۆیان ، بەڵکو حوکمڕانی گەورەترین وڵاتی عەرەبیان بۆ بوو بە یاریدەدەر لە جێبەجێکردنی نەخشە پیلانگێڕانەکانیاندا دژی بوونی عەرەبیو لەجیاتی ئەوەی نەتەوەی عەرەب هەمووی لە ریزێکدا بوەستێو دوژمنیش لە ریزێکدا ، ئەو حوکمڕانە ریزی دوژمنانی دژ بە نەتەوەکەی وئیمزاکردنی ریککەوتنێکی لە گەڵیاندا هەڵبژارد کە بە پێی ئەو بەشێکی خۆشەویستی لە نیشتیمان بەدوژمن بەخشی ، کە موڵکی نەتەوەیەنەك موڵکی ئەو خۆی تاوەکو ئەو ، وەکو خەیاڵ دەکا ، هەتا هەتاتێیدا بمێنێتەوەو دەسەڵاتی ئیمپریالیزم لە ناوچەکەدا بەردەوام بکاو هەر بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی رزگاریخوازی پێشکەوتە کە ئامانجی بنیاتنانی نەتەوەیەکی نوێو مرۆڤێکی نوێ بێ لە ناوبەرێ . بەڵام نەتەوەی عەرەب رێگەی تێپەڕبوونی ئەم جۆرە پیلانانە نادات‌و رەفزی بێیەکیو دووی خۆی بۆ ئەم ریککەوتنە خۆبەدەستەوەدەرانە سەرشۆڕکەرانە راگەیاندو سووری خۆی لەسەر بەردەوام بوون لە بەرەنگاری‌کردنی دوژمنو ئەفەرۆزکردنی ئەو حوکمڕانانە دەربڕی کە لە ئیرادەی نەتەوەی عەرەب دەرچوونە .

کۆنفرانسی باڵای عەرەب لە بەغدا نوخشەی وەرگەڕانی وەزعەکە بوو دژی پیلانی ئیمپریالیزمو زایۆنیو لە جیاتی ئەوەی ئیمزاکردنی ریککەوتنەکە لە نێوان سادات‌و زایۆنی دوژمنداببێ بە دەرگایەك کە ئیمپریالیزم سەرکەوتوانە لێوەی بێتە ناو هەموو ناوچەی عەرەبیەوە ، کۆنفرانسەکە سادات‌و هەموو ئەوانەی ئەفەرۆز کرد کە لە گەڵیدا بەو رێگایەدا رویشتنو لەریزی نەتەوە دەری‌کردن چونکە خۆیان خستە دەرەوەی ئیرادەی تەتەوەو هەروەها ئیمزاکردنی پەیماننامەی کاری نیشتیمانی هاوبەش لە نێوان عراقو سوریادا خشتی‌یەکەمی بیناکردنی یەکێتینیەکی عەرەبی رەسەنی راستەقینەی دانا کە هەستو نەستو ئاواتی ناو دەرونی ئەم نەتەوەیەی دەربڕیو لە هەمان کاتدا ببێ بە بنکەیەك بۆ پێهەڵنانی دوارۆژی عەرەب و مەلبەندێکی خەباتگێڕانەی شۆڕشگێڕانە بۆ بەرەنگاربوونی هەموو ئەو پیلانانەی کە بەرەنگاری نەوە دەبن ، یەکێتی نێوان عراقو سوریا دەربڕی ئەو توانا حازردەستانە نیە کە هەر وڵاتە هەیەتی ، بەڵکو دەربڕی لە دایك‌بوونی دوارۆژێکی نوێو وزەو توانایەکی نوێیە کە لەژێر سێبەری یەکێتی نەتەوەدا نەبێ نایەتە دی .

یەکێتی پێهەڵنانی نەتەوەیە بەرەو چارەنووسو دوارۆژی پرشنگداری ، هەر وەکو پێهەڵنانیەتی دژی هەر مەیدانخوازیەکی دەرەوەیان ناوخۆیی ، بۆیە پرشنگی ئەم یەکێتییە هەر تەنها لە چوارچێوی دوو وڵاتە یەکخراوەکاندا ناوەستێ بەڵکو هەموو نیشتیمانی عەرەب دەگرێتەوەو دەبێ بە پاڵپشتی بەرگری فەلەستین و بزوتنەوەی نیشتیمانیی مصرو بزوتنەوەی نیشتیمانیی لوبنانو هەموو جەماوەری عەرەب لە جەنگیدا دژی ئیستیعمار و زایۆنیزمو پارچەپارچەییو دواکەوتنو لە شەڕیدا لەپێناوی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی عەرەبیی یەکگرتووی ئازادی سوشیالیستی کە نە زۆرو ستەمی تێدا هەبێو نە چەوساندنەوە جەنگەکەش هەر بەردەوام دەبێ و سەرکەوتنی دواییش هەر بۆ نەتەوەی عەرەبەو ئێوە لەو وڵاتانەی کە لێی دەژین شانازی بە نەتەوەکەتانەوە دەکەنو بە رەسەنە عەرەبییەکانتانەوە دەنازنو سەرتان لە ناو خەڵکدا بەرز دەکەنەوەو هاوار دەکەن ئێمە عەرەبین .

میوانە خۆشەویستەکان

هەروەکو ئێمە دەزانین ، ئێوەشی دەزانن کە هێزی نەتەوە لێرە لە نیشتمانە تازەکانتان هێزێکە بۆ ئێمە هێزی ئێوەش لە نیشتمانە تازەکانتان هێزێکە بۆ ئێمە لێرەداو ، زایۆنیزمیش هێزێك نییە کە تەنیا لەخاکی داگیرکراوی فەلەستیندا گەمارۆدرابێو بەس بەڵکو لەهەموو شوێنێك کە تیادا نیشتەجێن هەیەو هێزەکان کۆدەکاتەوەو بەگژ تەتەوەکەتانا دەکاو پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر حکومەتەکانتانو کاردەکاتە سەر رای گشتی تاوەکو بێتە ریزیەوەو پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکانتانو دەوڵەتە عەرەبەکان خراپ دەکا . . خرابە بەرانبەر ئێوەو نیشتمانەکانتان دەکەن لەپێناوی خراپەکاری کردن دژی نەتەوەی عەرەبدا .

جا لەبەر ئەوەی کە زایۆنیزم نوێنەری هێزی خراپەیە بەشێوەیەکی یەکگرتوو لەفەلەستینو لە نیشتمانەکانتانو لەجیهاندا . . ئێوە ببنە نوێنەری هێزی چاکەو هێزی رزگاریخوازی یەکگرتووو رێکوپێك بەم‌جۆرەیە دەتوانن خزمەتی نیشتمانە تازەکانتانو نیشتمانی باوکو باپیرانتان بکەن . بەرژەوەندی نیشتمانەکانتان کە هەمووی لەگەڵ دەوڵەتە بێلایەنەکانە لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەکەتان یەکی‌گرتوتەوەو بەتەبیعەتی حال دژایەتی لەگەڵ بەرژەوەندی‌یەکانی دوژمنی نەتەوەکەتان هەیەو . . هەروەکو چۆن لەسەرشێوەی تاکەکەسی سەرکەوتنتان وەدەستهێناوە لەسەرتانە کە بەشێوەی جالییەکی یەکگرتووی خاوەن قەوارەو کارێکی کاریگەر لەحوکمو لەبازاڕو لە کۆمەڵدا خۆتان بچەسپێنن .

لەبەر ئەمە ئێمەو حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لێرە زۆر خۆشحال بووین بە دامەزراندنی یەکێتی‌یەکەتان یەکێتی دەزگاکانی ئەمەریکی‌ی عەرەبی کە هەموو کۆمەڵەو دەزگاکانتان بەبێ گوێدانە نیشتمانو نیتجاهیو ئامانجەکانی چونکە تەنیا کاری یەکگرتووە کە دەبێتە مایەی سەرکەوتنتان بۆ بەجێهێنانی ئەوئەرکانەی کە کەوتوونەتە سەر شانتانو گەیشتنە مەرامو ئارەزوەکانی خۆتانە .

ئەوخەباتەی کە ئێستا دەیکەن لەپێناوی ریزبوونتانو یەکخستنی ئەرکو خزمەتکردنی رۆشنبیری عەرەبیو زمانی عەرەبیو پتەوکردنی پەیوەندی دۆستانەو تێگەیشتنی لەنێوان گەڵو نەتەوەو نیشتمانەکەتانو دەوڵەتەکانی نیشتمانەکەتانو بەهێزکردنی پەیوەندی خۆشەویستیو پەیوەندی یەکتر ناسینەوە لەنێوان ئەوەی تازەتانو رۆڵەکانی نەتەوەکەتان ئێمە هەموومان شانازی پێوەدەکەینو پشتگیری هەموو جۆرە رەنجێکتان دەکەین کە لەپێناوی ئەمەوە دەدەن .

کاری چاکە دەبێ هەمیشە لەلای ئێمەوە یارمەتی بدرێ ، جارێکی‌تر بەخێرهاتنتانا دەکەم هیوادارم کاتێکی خۆش لە وڵاتەکەتان بەغدا بەسەربەبنو هەروەها هیوادارم لە ئامانجو ئەرکو کردارەکانتان سەرکەوتووبنو سلاوتان لێبێو بەخێربمێننەوە .

ئینجا سەرۆکی یەکێتی دەزگاکانی ئەمەریکی عەرەبی بەڕێز محمد مراد وتەیەکی خوێندەوە تیادا وتی ئێمە هەستدەکەین ئەو بانگهێشتنەی کە لە لایەن سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە بۆ ئێمە کراوە ریزلێنانە بۆ ئەو دەورە کاریگەرەی کە لەغوربەتا هێزە عەرەبەکان لەمەرکەزی نیشتەجێبوونیان دەکەن لەپێناوی یەکگرتنی دەنگیانو ریزبوونیان بۆ خزمەتی مەسەلەکانی گەلی عەرەبمان لەهەموو شوێنێکدا . هەروەها وتی ئێمەش لەلای خۆمانەوە لەغوربەتا چاك دەزانین کەپێویستە سوود لەو وزە پێشوماریەیە ببینرێو هەوڵبدرێ بۆ رێکخستنی تاوەکو رووبەڕووی پیلانەکانی ئیستیعمارو زایۆنیەکان کە لە هەموو جیهاندا دژمان بەرپادەکەن بوەستێ .

هەروەها دووپاتی کردەوە کە بەیەگەیشتنەکەی بەغدا هەڵێکە بۆئەوەی کە بەبرادەران رۆڵەکانی گەلی عەرەب لەعراقو هەموو ناوچەکانی نیشتمانی عەرەبی بڵێین کە ملیۆنەها لە برادەرە دوورە وڵاتە عەرەبەکانتان لە ئەمەریکادا بە دوورو درێژی گوێ بۆ مەسەلەی نیشتمان دەگرن‌و لە رۆژی خۆشیو ناخۆشیدا لە گەڵتانا دەژینو بەڵێنتان دەدەنێ کە هەمیشە ئامادەبن لەپێناوی ئاڵای عروبەو بەرزیەتی هەمیشەیی ئەوئاڵایە ماڵو سامانیان بەختبکەن .

هەروەها بەڕێز سەرۆکی یەکێتی وتی هەستکردنی جەماوەری عەرەبی کە یەکێتی شتێکی پێویستە ، بەنیسبەت عەرەبەکان لە غوربەتا بووەتە کەرامەتو دووپاتی کردەوە کە ئەو رەنجە گەورەیەی کە هەردوو سەرکردە دلسۆزەکان دەیدەن بۆ یەك‌بوونی برایان لە عیراقو سوریا دەبێتە ناوکی یەکێتی عەرەب هەمووی لە ئۆقیانووسەوە تا کەنداوەوە .

هەروەها دووپاتی کردەوە کە شۆڕشی فەلەستین جێگایەکی تایبەتی لە دەروونی هەموو عەرەبێك لە غوربەتدا هەیەو لەکۆتایی وتەکەیدا گەلێك ریزو قەدری لەو بانگهێشتنەی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو سەرۆکی بەڕێز احمد حسن البکرو هاوڕێ صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دا نا بەبۆنەی بانگهێشتنی عەرەبەکان لە غوربەتا بۆ بەسنی ئەم کۆبوونەوەیان لەبەغدا .

لەدواییدا وتەکانی سەرۆکانی لقی یەکێتی لە دەوڵەتەکانی ئەمەریکای لاتین خوێندرانەوە تیادا دووپاتیان کردووە کە عەرەبەکانی مەهجەر بەردەوامی‌ی گەلی عەرەبە لە خەباتیدا دژی ئیستیعمارو زایۆنیزمو ستایشی پەیمانی کاری نەتەوەیی هاوبەش لە نێوان هەردوو وڵاتی برا عراقو سوریایان کردو دووپاتیان کردەوە کە یەکگرتنی هەردوو وڵاتەکە دەبێتە مەرکەزی قوتبی بۆ یەکێتی گەورەی عەرەب .

هەروەها وتیان کە عەرەب لە وڵاتی مەهجەردا ئامادەیە بۆ بەردەوام‌بوون لەسەر خەباتیان لەپێناوی رزگارکردنی هەموو خاکی عەرەبی داگیرکراوداو رەفزی هەموو جۆرە مل‌کەچیو سازاندنێکی سەرشۆڕانەیە کە لە رێکەوتننامەی کامپ دیفیدەوە خۆی دەنوێنێ .

ئەو بەیەگگەیشتنەی کە زیاتر لە ١٢٠ عەرەبی وڵاتی غوربەت لە ئەمەریکای لاتینو ئەمەریکای باکور بەشداری تیا دەکا لەگەڵیك باسو بابەت دەکۆڵنەوە کە پەیوەندی بە بارو دۆخی ژیانی جالیاتی عەرەبەوە هەیە لە وڵاتەکانیانو پشتگیری کردنی پەیوەندی شارستانیو نەتەوەییان بە نیشتمانی دایك هەروەها بەیەك‌گەیشتنەکە کە شەش رۆژ دەخایەنێ باسی دەوری جالیاتی عەرەبی دەکا لەرووی وەستانیان بەرانبەر پیلانەکانی ئیمپریالیزمو زایۆنیزم کە مەبەستیان ئیستاو پاشەرۆژی نەتەوەی عەرەبە .

لە ئاهەنگی کردنەوەی بەیەك گەیشتنەکەدا بەڕێز دوکتۆر عصام عبد علی وەزیری خوێندنی باڵاو توژینەوەی زانستیو بەڕێز عزیز عقراوی وەزیری دەوڵەتو ژمارەیەك لە سەرۆکانی نێراوە دیپلوماسی‌یەکانی دەوڵەتە بێگانەکان لە عراقدا ئامادەبوون . هەروەها سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست پێری ئێوارە ئاهەنگیکی گەورەی نان‌خواردن لە کۆشکی سەلام بۆ بەشدارانی بەیەك‌گەیشتنی یەکێتی دەزگاکانی ئەمەریکی عەرەبی سازکردو تیادا هاوڕێ الدکتور منیف الرزاز یاریدەدەری ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو ژمارەیەك لە سەرۆکانی یەکێتی‌یەکانی پیشەیی‌و گەلیەکانو سەرۆکانی نێراوە دیپلۆماسی‌یەکانی عەرەبو بێگانەکان لەبەغدا ئامادەبوون .

هاوڕێ صدام حسین :

حوکمی ئۆتۆنۆمی لە شێوەی وت‌وویژدا نەهاتەکایەوە بەڵکو بەرادەی یەکەم بە ئیرادەی حزب‌وشۆڕشەکەتان بوو .. پاشماوە

هەروەها لە باپیرێکی تردا کە ناوی سەرجۆتی دووەمە ، هەروەها لە باپیرێکی تردا کە ناوی شلیمنصرو باپیرێکی تر کە ناوی صلاح‌الدین ئەیوبی‌یە ، کە شانازی بە هەموویان دەکەن .

ئیمپریالیزم بەم جۆرە دەیەوێتو لە پێناوی ئەمەیە نۆکەرەکانی ناوە ناوە دەگەڕێن بۆ ئەوەی دەروونی هەندێك رۆڵەی گەلی کوردمان تێك‌دەنو نرخی ئەو مافە نەتەوەییانە کەم کەنەوە کە لە سایەی شۆڕشی مەزنی (١٧)ی تەموزەوە وەدەست کەوتوون . بەڵام ئێمە باوەڕێکی تەواومان هەیە کەوا خواستی ئیمپریالیزم سەرناکەوێت چونکە ئێوە خواستی ترتان هەیە کەوا دژی حەزی ئیمپریالیزمە .

● عیراقێکی یەکگرتوو ●

ئێوە عیراقێکی یەکگرتووی ئەوتۆتان دەوێت کەوا مافە نەتەوەییەکانی عەرەبو کورد وەکوو یەك گەڵو یەك مێژووو یەك دوارۆژ تێدا گەشەدەکەن .

ئیمپریالیزم چی دەڵێت ؟ ئیمپریالیزم دەڵێت کورد نابێت ببێت بە بەعسی .. بۆ ؟ ئیمپریالیزم دەیەوێت بڵێت کەوا پێویستە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست تەنیا بۆ عەرەب بێتەو بۆ عیراقیەکانی عەرەبو کوردو کەمایەتیە نەتەوەیەکانی‌تر نیە چونکە ئەوانە یەك گەڵنو گشتیان سەر بە گەلی عیراقن .

پێشترو لە قۆناغی سەرەتایی شۆڕشدا ، ئیمپریالیزم دەیگوت بەعسیەکان لێناگەڕێن هیچ کەسێك جگە لە عەرەب بچێتە ریزی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە بۆ ئەوەی ناکۆکی بخاتە نێوان کۆمەڵی عیراقەوە .. بەڵام پاش ئەوەی کە رۆڵەکانی گەلی کوردمان بە دەیان‌و سەدان‌و هەزاران چوونە ریزی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە ئەمجا ئیمپریالیزمو کاربەدەستەکانیو ئەو کەسانەی وەکو پێویستە دلسۆزی بۆ خاکی ئەم وڵاتە ناکەن دەستیان بە تێگەباندنێکی تر کردو گوتیان : چۆن دەبێت کورد ببێت بە بەعسی ؟ بۆ ئایا پیاوی کورد عیراقی‌نیە تاکوو نەبێت بە بەعسی ؟ پیاوی کورد عیراقیەو کوڕی ئەم خاکەو کوڕی ئەم مێژووەیە بۆیە پێویستە ببێتە کوڕی ئەم حزبەیش . ئەو کەسانەی کە دلسۆزی خاکی ئەم وڵاتە نین کەم بووینە ، جا چ لە ریزەکانی عەرەب‌و چ لە ریزەکانی کورددا بنو نادلسۆزی‌کردن پەیوەندی بە نەتەوەیەك نیەو دوور لە نەتەوەیەکی‌تر هەروەها دلسۆزیش پەیوەندی بە نەتەوەیەك نیەو دوور لە نەتەوەیەکی‌تر . .

زۆربەی زۆری عیراقیەکان دلسۆزنو کەمێکیان دلسۆز نین ، بەڵام ئومێدمان وایە هەرکەسێ ئاووڕ لە دەروونی خۆی بداتەوە بەڵکو خۆی چاك دەکاتو رێگای زۆری لەپێشە بۆ ئەوەی وەکوو ئێوە بگەڕێتەوە ئاو ریزی دلسۆزانو سوود لە چاکەکانی وولات وەرگرێتو شەرەفی خۆبەستنەوە بە خاکی ئەم وڵاتە بەنرخە و مێژووی ئەم وڵاتەوە وەرگرێت کە باپیرە عیراقیەکانی عەرەبو کورد بەدرێژایی سەردەم دروستیان‌کردوە . ئەی برایان نابێت هەڵە بەرانبەر بەو مەبدەئانە بکەین کە هەموومان باوەڕمان پێهێناون‌و حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست وا لێیکەین بەتەنیا ببێتە هی لایەنێك‌و بەس ، لەبەر ئەوەی لەخاکی ئەم نیشتمانەوە هەڵقوڵاوەو تیوری‌یەکەی لە ئیلهامی مفرەداتی ئەم نیشتمانەوە دارێژراوەو رۆڵەکانی رۆڵەی ئەم نیشتمانەن‌و ئەوان براتانن‌و هاوڕێتانن ،لە ئێوەن ، لە خوێن‌و کۆشتانن ، تیوریەکەمانمان لە دەرەوی سنوور نەهێناوەو ، پیاوەکانی تیوریەکانیشمان دیسان لە دەرەوەی سنوورەوە نەهێناوە .

تیوری‌یەکە لەم خاکە پیرۆزەی خاکی عێراق‌و خاکی نیشتمانی عەرەبەدا هاتووەتە کایەوەو ئەو پیاوانەی تیوری‌یەکە بەرێوە دەبەن لە ئێوەن .. براو رۆڵەو باوکتانن ، ئەوان گیانی ئەوەکانی داهاتوون هەروەك چۆن ئەوان گیانی مێژووی ڕابوردوون جا لە بەر ئەوە ئەی برایان ..

● حزب هی هەموو عیراقییەکانە ●

حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بۆ هەموو عیراقییەکانەو دەرگای چوونە ریزەوە ، بەپێی بناغە زانراوەکانی جوونەریزی حزبەوە ، لە بەردەمی هەموو عیراقییەکاندا بەبێ جیاوازی‌کردن کراوەیە ، چونکە ئەم حزبە لە عیراقدا بۆ ئەوەو هاتە کایەوە بۆ ئەوەی عیراقی گەشەسەندوو بنیات بنێت ئەو عیراقەی یەکسانی‌ی تێدابێت .. ئەو عیراقەی چەوساندنەوەی تێدا کۆتایی‌پێبێت .

لە سەردەمێکدا دەبانووت چەوساندنەوە لە تاوچەی ئۆتۆنۆمیدا ڕووی‌داوە .. بە ئەمانەتەوە پێتان دەڵێم بەڵێ کاروباری شەڕوشۆڕ لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا لە سەردەمی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا رووی‌دا ، بەڵام ئەمە چۆن ڕووی دا ؟ چۆن وەڵامی ئەو توندوتیژی‌یە بدرێتەوە کە هەندێك لەو خەڵکانەی ئێستا مردوونو بە هیچ خراپی‌یەك باسیان ناکەین .. هەندێك لە رۆڵە کوردە خێرویستەکانیان هەڵخەڵەب تاندبوو کە لەگەڵ خۆیاندا شەڕبکەن .. واتە لە گەڵ ئەو دەستەڵاتەدا بجەنگێن کە لە ریزی ئەوانەوە هەڵقوڵابوو .. ئەو دەستەڵاتەی بۆ ئەوە هاتبووە کایەوە تاکوو لە ئیستعمارو زوڵمو زۆری ئیستعمار رزگاریان بکات .

ئەی برایان بەڵام پێتان‌دەڵێین ئەوەی بە تەواوەتی شانازی پێوە دەکەین ئەوەیە کە رووداوی کوشتنی تەنیا پیاوێکی بێچەك بە درێژایی ئەو چەنگەی (١٢) مانگی تەواوی خایاند ، رووی‌نەداو ، هیچ پێشێل‌کردنێك لەلایەن سەربازێکی عیراقی‌یەوە رووی‌نەدا ، لەبەرئەوەی ئەو کاتەی تەقە دەکرا سەربازی عیراقی لەئێوە بوو وەك بڵێیت تەقە لە خودی خۆی دەکات ، لەبەر ئەوە بوە کاتێك بارو دۆخ وا ڕێك‌کەوت ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان بگەڕێنەوە بۆ نیشتمانە کەیان، بۆ وولاتەکەیان یەکێك لەو هەزارانەی کە هاتنەوە موحاسەبە نەکرا . . ئەوەیش ئەوە دەگەیەنێت کە شۆڕش هی هەمووتانە هی هەموو عیراقیەکانە بە کوردو عەرەبەوە . ئەی برایان لەبەر ئەوە ئەو کەسانەی کە لە خواستی گەل دەرچوون چییان دەوێت .. هەروەها ئەوانەی بە پێچەوانەی خواستی ئێوەوە هەڵدەستن ؟ ! ئەوانە ئاسایشیان ناوێت . بۆچی ؟ .. چونکە ئاسایش سەربەستی‌ی ئەواوەتی بە گەل دەبەخشێت ، لەبەر ئەوەی ئاسایش ئۆتۆنۆمی پەرەپێدەدات بە چەشنێك واتانڵێدەکات بە هۆی هەڵبژاردنی دڵوگیانیانەی سەربەستانەوە نوێنەرەکانتان بۆ دام‌و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی‌و دام‌و دەزگا مەرکەزی‌یەکانی کۆماری عیراق هەڵبژێرن بۆ ئەوەی خۆتان فەرماندەیی خۆتان‌بکەن .

ئەوان وایان دەوێت دۆخ نائاسایی بێت ، دۆخێکیان دەوێت کوشتارکاری لە باکووردا هەبێت بۆ ئەوەی کاروباری شەڕوشۆڕ دەست پێبکات بۆ ئەوەی بڵێن سەیر بکەن شۆڕش هی ئێوە نیە بە بەڵگەی ئەوەی کاروباری توندوتیژی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا هەیە .

ئەوان کردەوەی توندوتیژ بەرپادەکەنو کاتێك کە سوپاکەتان بەرپەچیان دەداتەوە پێتان دەڵێن (تەماشا بکەن) شۆڕش بۆ ئێوە نیە بۆ کورد نیە بەڵکو بۆ عەرەبە .. بەڵام گەلێ وشەتان لەبەردەمایە .. هەموو مرۆڤێکی ئیشکەرو هەموو مرۆڤێك کە لایەنە تاریکەکان پشتگوێ بخاتو نەخشەی کوردستان پێش شۆڕشی تەمووزی ١٩٦٨داو نەخشەی کوردستان لە دوای شۆڕشی تەمووزی ١٩٦٨دا بهێنێتە بەرچاو بۆی دەردەکەوێ کە لە ناخەوە سەرکردەکەتان چەند دەسکەوتی بۆ ئێوە وەدەستهێناوە .. چونکە بەشێکە لەئێوەو .. نابێ لێتان‌دووربێت . . سەرکردایەتی بەشێکە لە ئێوەو ئێوەشی بەشێکن لەو .. ئێمە هەروەکو لە پێشەوەش وتوومانە پاسەوانی ئەو خاکە ناکەین گەر گەلی لەسەر تەبێ .

ئێمە ئەو خاکەمان خۆش‌دەوێ چونکە ئەوەی لەسەرن .. چونکە ئێوە گەلەکەمانن‌و ئێوە بەشێکن لە ئێمەو ئێمەش بەشێکین لەئێوە .

ئەی هاوڕێیان‌و برادەرانی کە لێرەدا ئامادەن‌و ئەوانەی لە هەموو کوردستان لە ناوچەی ئۆتۆنومیدان .. بە ئیمپریالیزم‌و هەموو ئەو کەسانەی کە تا ئێستا خواردنی خۆشەویستی‌ی نیشتمان‌و ئەو گەلەیان نەچەشتوە دەڵێین . . تەنیا کوردەکان نین کە هاتوونەتە رێزی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە بەڵکو ئەو دەچێتە رێزی کوردو دەبێ بە کورد ، هەروەك ئەوەی کە ئەك تەنیا عەرەبەکان خۆیان دەچنە رێزی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە بەڵکو حزب دەچێتە رێزیان‌و سەر بە عەرەب دەبێ . ئەو کاتەی کە هەموو عیراقی‌یەکان دەچنە رێزی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە ، حزبیش لە ناخەوە بە تەواوەتی سەر بە هەموو عیراقی‌یەکانە . . هەندێك لەو کەسانەی کە جێگیربوونی شۆڕشەکەتانی بە دڵ نی‌یە .. کە ئێوە ببینن لە سایەی شۆڕشەکەتاندا لەو جۆرە خۆشی‌یە دەژین دڵیان ئاو ناخواتەوە .. ئەو کەسانە بە ئێوە دەڵێن لەتوانادا نی‌یە کە دوو نەتەوە نەتەوەی کوردو نەتەوەی عەرەب لە ئئارادا هەبێو ئەوان خۆیان لەبیردەچێتەوە کە بە شێکن لە تیۆرێك کە لە دەرەوەی سنوور هۆنیوبانەو لە لای ئێمەدا نەهۆنراوەتەوە . . ئەمە لە دەرەوەی سنوورو لە وڵاتێك کە لە دەرەوەی سنوورە دارێژراوە .. ئەوەیان لەبیرچۆتەوە کە یەکێتی سۆڤیەت بە دەیەها نەتەوەی تیایەو لە بیریان چۆتەوە کە بەدەگەمەن وڵاتێك لە دنیادا هەیە کە تەنیا لە نەتەوەیەك پێکهاتبێ بەڵام هیچ دەوڵەتێك لە دنیادا نی‌یە کە لە گەلێك پێك نەهاتبێو ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێ .

یەك گەل لەیەك دەوڵەتدا

باعیراقی بن بەبێ گوێدانە ئەوەی کەلێ گەلێ نەتەوە پێکهاتوون .. ببنە یەك گەل لە یەك دەوڵەتدا . . هیچ جۆرایەتیەك لەوەدا نی‌یە کە تۆ عیراقی‌بیتو لەنێوان ئەوەی کە کورد بیت .. بەڵکو هیچ دژایەتیەك لەوەدا نی‌یە کە هەموو عیراقی‌یەکان کوردین .. یاخود بە واتایەکی‌تر باوەڕیان بە مافی نەتەوەیی گەلێ کوردمان هەبێ .. هیچ دژایەتیەك لەوەدا نی‌یە کە هاووڵاتی عەرەبی لە عیراقدا کوردبێ بەو واتایەی کە باوەڕی هەبێو بە دلسۆزی‌یەوە

بروانە : ل ٨

kurdeuparis
institut

شاعیرێکی خەڕامۆش کە ئاوو مێهرەجانێکی قەشەنگە

لە سلێمانی

ئێوارەی ١٩-٢-١٩٧٩ بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر لەهۆڵی زەقابەکانی کرێکارانی پارێزگای سلێمانی بۆیەکەمین جار مێهرەجانێکی قەشەنگ‌و سەرکەوتووی بۆ شاعیرێکی تری کوردی هەڤ‌بێنەدراو مفتی پێنجوێنی سازکرد .

کردنەوەی ئاهەنگی مێهرەجان بەووتاری بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری جەماوەر لە پارێزگای سلێمانی مامۆستا محمد امین پێنجوێنی دەست پێکراو سەرەتا بەنجەی بۆ چالاکی‌یەکانی خۆیان کێشاو ئینجاووتی : لەپێنجوێنی خۆش‌و هاوینەهەواری سازگاردا . . لەشاری هەرمێ گولاری ساردو کەللەتەزێن‌دا لەناو بەفرو سەهۆل بەندانی کوتستانێکی سەخت‌و شارێکی ناوکۆمەلە شاخی بەرزو دارستانی بێشوماری ئەمنیشتمانەدا ، لەشارێکی دواکەوتووو بەک‌کەوتووی بێ کێشەی چینایەتی‌و ئازارو ئەشکەنجەی دەسەتی دەرەبەک‌و کۆنەپەرست‌و خەرافیاتی تیرەگەری‌و دووبارەکایەتی ئاین‌و عەقەلیەتی بروبووچی ناو کۆمەلگایەکی وا کە عەقابینە قاقای نوفمی بێهۆشی‌و بێئاگایی لەکارەساتی جاک‌و خرابی ئەم سەر زەمینەدا لەشارێکی ئاواو داماوو لەشەقامێکی باریکی ئەنیشت (مزکەوتی پاشا)دا لەسەر دوکانێکی بەربوتی قەفەز تۆزاویی‌و خالی‌دا لەتەنیشت چایخانەیەکی ڕەنگاورەنگی لەتەختەی سنوقەچای دروست‌کراودا کابرایەکی لاوازی عەینەک لەچاوی ڕیش ماش‌و برنج بەدی‌دەکرا کە تۆزی توتن‌و ئەشکەنجەو ناسۆری ڕۆژگار سیمای خۆی‌و جامانەکەی زەردو مەبلەو بۆر کردبوو . لێرەدا مفتی دڵی خۆی دەلاوێنێتەوەو عیزەتی نەفسی خۆی بەئاگا دەهێنێتەوەو دەڵێ :

لەتۆزی توتنا غەرقم لەتەوقی سەرم هەتا ئەژنۆم
نەترسی ئەمری مافەڤ‌و نەمحکومی بەراتی تۆم

پاشان کاك محمد امین بەنجەی بۆ ئەمدوکانەی موفتی کێشاو ئەو ئەرکی شاعیرەی لەپاڵ جگەرە فرۆشتنەدا دەیکرد کە بریتی بووە بە بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری تا وای‌لێ‌دێت ئەودوکانە وردە وردە دەبێتە ئوتابخانەیەکی سیاسی بۆ بلاوکردنەوەی بیرو باوەڕی کوردایەتی‌و پێشکەوتو خوازی‌و لەوەش زیاتر لەوسەردەمەدا دایرەی تەحقیقات ڕیاری دا بوو کە ئەوانەی ئامۆشۆی ئەودوکانە دەکەن ناویان بچێتە نێاو لیستەی ڕەشەوە . . .

پاش ئەمەی کاك محمد امین لەم بیردەوەریانە بووەوە ووتی: لەبەرئەوەی برادەرانی ئەم‌کۆڕە لەزۆر لایەنی ئەم شاعیرە دواون بۆیە من تەها بەبەسەرکردنەوەی ئەو بیرەوەریانەی سەرەوە هاوبەشی کردنی خۆمان بەجێدەهێنین‌و بەم دوو دێڕەی شاعیر کە کاتێ خۆی بەهۆی بومەلەرزەی پێنجوێنەوە ووتویەتی کۆتایی بەووتارەکەمان دەهێنین :

پێنجوین بەبێ‌تۆ نزیکە مەرگم
لوبنان‌شکێن بوی تازە بوکێ بوی بەسەر چیاوە
ئەهاتنە سەرت لەملاو ئەولاوە.

پاشان ووتارێک بەناونیشانی ڕوخسارێکی ژیان‌و شیعرەکان مفتی لەلایەن کاك برهان قانیعەوە پێش‌کەش کراو باسەکەشی بەپێی بابەت کرابوو بەچەند خاڵێکەوە لەوانە پێشەکی بەکی تەرو پڕلەگلەیی لەنەوەو نوسەرو نەدیب‌و دەزگاو دامەزراوە ڕۆشنبیری‌و جەماوەریەکانی کوردی کردو هەر لێرەدا بەشانازیەوە دەیوت چێکای خۆیەتی لەم‌بیرەوەریەدا کە ٢٦ ساڵ‌و کەمێک بەسەر کۆچی دوای ئەم شاعیرە کۆمەڵایەتی خوازو نەتەوە پەرستەماندا تێدەبەڕێ‌و کۆمەڵێک ڕۆشنبیری دڵسۆز لەبەردەم جەماوەرێکی دڵسۆز تەردا بەوجۆرە بە ڕێزەوە ناوی دەبەن‌و نموونەی شیعرە میللی‌یەکانی دەکەن بە بەڵگەی ڕاستی باسەکەیان . هەروەها کاك برهان دەربارەی بڕێک لەژیانی شاعیرو لەگەڵ مەبەستی سەرەکی شیعرەکانی شاعیر قسەی کردو ئەو لایەنانەی شاعیر شیعری بۆ ووتوون لەگەڵ پەیوەندیان بە کۆمەڵەی کوردستانەوە دەستنیشان کردو ئەمەو پەنجە کێشان بۆ ئەودبارداناەی کە موفتی بەسەری کردونەتەوەو بوون بەهۆی دواکەوتنی ئافرەت لە کوردستاندا ، پاشان کاك برهان دەربارەی شیعرەکانی وتی : ئەم شاعیرەمان لەگەڵێک دەرگای نەتەوایەتی‌و نیشتمانی داوەو زادەی بیرێکی خۆماڵی نێش‌و ئازاری تێکڕای نەتەوەکەی بووە .. چاوی لە ئاسۆی ڕزگاری کوردو پێشکەوتنی باری ژیان‌و دۆخی کۆمەڵایەتی کوردستان بوە ... لەقەناعەتی شاعیرانەی خۆیەوە بڕوای بە دوارۆژو سەرکەوتن‌و هاتنەدی داخوازی‌یەکانی گەلی کورد بوەو زوربەی شیعرەکانی ئەمەرەسەی ڕۆشنبیری کردنی سەرەتایی‌و ڕابەرینی شۆڕشگێڕانەی نەتەوایەتین .

دوابەدوای کاك برهان قانیع لەلایەن مامۆستا دڵشاد مەریوانی بەوە ووتارێک بەناونیشانی (ئەوباخی‌یونەی ویستی شۆڕشگێڕێت) پێشکەش کراو تیایدا چەند لایەنێکی لەژیان‌و شیعرو هەڵس‌وکەوتی مفتی لەسەردەمەدا ڕوون کردەوە لەگەڵ‌یەراوردێکی نێوان مەلایەکی ئەو دەمەو مەبەستی ئەوە هێنایەوە کە موفتی پێنجوێنی بکات بە دەسکە گوڵی باسەکەی‌و بڵێ موفتی وەك ڕوناك بیرێکی هۆشیار سەرەڕای هەموو دەست کورتی‌و ئاڵۆزی باری ژیانی‌و بەگژاچونی لەلایەن دەسەڵات دارەکانەوە توانی ڕێگایەکی سودبەخش‌و گرنگ بگرێت بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ئەویش ڕۆژنامەی ژین بوو . ئینجا دەربارەی ئەو هەڵویستانەی شاعیر لەوسەردەمەدا هەیبون وەك بکەینەوە . حەمدی‌و صاحبقران‌و بێکەس موفتی‌و هاوڕێکانیان هەموو سەربازی نەترس‌و یاخی‌بووی بیری نوێی پێشکەوتوخوازی ئەم‌گەلە بوون کە لە خۆبوردانە موفتی لەزمانیانەوە دەڵێ :

هەموو خەریکین باخێکت ئەکێڵین
ساوامان زۆرە بۆیان جێ‌ئێڵین .

پاشان لەلایەن کاك ئومێد ئاشناوە ووتارێک بەناونیشانی | موفتی پێنجوێنی وەکو تێکۆشەرێك لەڕێگای سەربەستی ئافرەت‌دا پێشکەش کراو سەرەتا پێشەکی‌یەکی دەربارەی باری مێژوی گەلان کرد بەڕێگا خۆشکەرێک بۆ چوونە سەر مەبەستی خۆی‌و ئەمەشی بە باری کۆمەڵایەتی‌و مەسەلەی ئافرەت لەوسەردەمەدا دەست‌پێ‌کردو لەمەشەوە ڕۆڵی شیعری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی بەسەر کردەوەو ئەمانەشی زیاتر بە شیعری عادەتی ، لە کۆمەڵگایەکی بچووکی وەك ناوچەی هەولێرو کەرکوك‌و سولەبمانیدا ، بەڵکو تەنها لەم سێ شارەدا «ظاهیرە‌یەکی صیحی» بێ ، ئیتر هۆیەکەی هەرچی بێ ..

بۆ گرانیی نرخیش ، ڕاستە منیش لامۆایە گرانە . بەڵام مەبەستی ئەو کاتەی ئێمە ئەوەبوو دەسکەوتەکەی بکەین بە بنەما بۆ لەچاپدانی هەندێ نووسراوی‌تری کاك هێمن‌و کەسانی‌تر ، بەتایبەتی « شازادەو گەدا »کەی مارك توین کە هێمن کردوویە بە کوردی .

بەڵام ئەگەر کەسانێ هەبن بە گرانتر لە ٤٠٠ فلسی بفرۆشن ئەوە تاوانی من نی‌یەو پێوەندی بە دەردی (عەرزو تەلەب)ەوە هەیەو با خوێندەواران خۆیان لە ڕووی ئەوکەسانەدا بوەستن‌و نرخی زیاد نەدەن .. وەنەبێ کارێکی زۆری ئەم خەلکەش لەسەر « ناڵەی جودایی » یەکی کەوتبێ .. ئەگەر خەڵك ئەوەندە حەزی لە شیعری جوانە ، بۆچی لێژنەیەك پێکەوە نانێن ، ئابووتە کۆکەنەوە بۆئەوەی بتوانن تێکڕای شیعرەکانی گۆران ، بەشێوەیەکی جوان‌و قەشەنگ‌و شایان لەچاپبدەن ؟ من خۆم ئامادەی هەموو ئەرکێکی هونەریی ئەم کارەم بەخۆڕایی‌و تەنها لەپێناوی ئەدەب‌و کوردو گۆراندا .

لەبارەی دابەش‌کردنیشەوە، ئەمەوێ بڵێم بەڕاستی من نە وەختی ئەوەم هەبوو نە توانا بەدوای کاڕتۆن‌و گوریس‌و نەقلیاتدا بگەڕێم‌و کتێب ئەم شارەو ئەو شارو ئەم کتێبخانەو ئەو کتێبخانە دابەش بکەم‌و پاشانیش چەند مانگ بەدوای کۆکردنەوەی پارەکەیدا بگەڕێم . من وەك پێم‌وتن ئێستاش پارەی کتێبی ١٩٧٠م لای هەندێ کتێبخانە ماوە . بۆیە لە کاك ڕەئووف مەعرووفم پرسی کە لە هەموو خاوەن کتێبخانەکان ناسیاویم لەگەڵی زۆرترە ، لەم‌ڕووەوە چی بکەم. کاك ڕەئووف ڕای‌وابوو ٦ - ٧ هەزار لە « ناڵەی جودای » لەچاپبدەم‌و ئامادەیی خۆیشی تەنها بۆ دابەش‌کردن بەسەر کتێبخانەکانی سولەیمانیدا پیشان‌دا بەرابەر بە ٣٠٪ . بۆیە کە خاوەنی کتێبخانەی هێمن هات‌و لە لایەن کاك حمە سعید حمە کریم فەرەجەوە ووتارێک بەناونیشانی بەرکولێك لە نیشتمان بەروەری لەشیعری موفتی‌دا پێشکەش کراو تیایدا ووتی : سۆزو نیشتمان پەروەری موفتی تەنها لە شیعروتن‌و : نوسین‌دا نەبوە ، بەڵکو زۆر جار بەکردەوەش تێکۆشانی خۆی خستۆتە ڕوو هەرگیز سڵی لەهیچ جۆرە فەرمان‌ڕەوا و دەسەڵاتێکی زۆرداری سەردەمی خۆی نەکردوە ئەوەش بوەتە هۆی ئەوەی گەلێك جار ناوارەو پەرەوازەی غەریبایەتی‌و دورەنیشتمان‌و بەندبکرێت ..

● فریا عبدالله ●
پ . هاوکاری لەسلێمانی

من و « ناڵەی جودایی » وگیروگرفتی بڵاوکردنەوە

ئەم چەند دێڕە کە ئەنووسم‌مەبەستم ئەوە نی‌یە سوانی عەطف‌و سۆزی کەس بکەم ، بەڵام ناشمەوێ‌و قایل نابم لەخۆڕایی‌و بە ناحەق‌و بێ‌ئەوەی کەس هێشتا گوێی بۆ باری سەرنجی خۆم‌ڕاگرتبێ حوکمم بەسەردا بداو بێ‌تاوان بەدناو بکرێم .

ئەمەوێ ڕاستیی چۆنیەتیی دابەش‌کردن‌و بڵاوکردنەوەی « ناڵەی جودایی » یەکی « هێمن » بخەمە بەرچاو بێ‌ئەوەی هیچ ڕاستی‌یەك بشارمەوەو هیچ زیادەیەیەکیشی بخەمە سەر . جا ئەوەی متمانەم پێ ئەکا سوپاسی لێ ئەکەم‌و ، ئەوەش هێشتاهەر بەگومانەوە ئەمێنێتەوە ، خۆی‌و خوای خۆی‌و دەروونی خۆی .

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی « ناڵەی جودایی »یەکەی کاك هێمن ، کە من ئەرکی لەچاپدان‌و سەربەڕشتی چاپ‌کردنیم گرتە ئەستۆو سەرەتام بۆ نووسینی‌و فەرهەنگۆکم بۆ ڕێکخست ، مقۆ مقۆیەکی زۆر بەهۆی ئەوەوەی کە زۆر کەس دیوانەکەیان وەستووەو دەسگیریان نەبوە ، پەیدابوو . ئەمە مقۆ مقۆیەکی‌تریشی بەدوای خۆیدا هێنا کەوا نرخی کتێبەکە گرانەو . لەوە خراپتریشی ئەوەیە کە لە زۆر لا بە گرانتر فرۆشراوە . لەم ناوەدا من لەلایەن گەلێ کەسەوە ، کە دوور نی‌یە جاران بە چاوێکی‌تر سەیریان کردبم ، وەك بیستوومەتەوە ، بەدناوی‌یەکی خراپم بە نسیب بووە کە لامۆایە زۆری لەوانەیێ موستەحەقی نەبم ..

ڕاستتان ئەوێ کتێبی « ناڵەی جودایی »م بە مەبەستی بارە حرکردنەوەو ڕووتاندنەوەی خوێندەواران لەچاپ نەداوە . بە لای منەوە ناباکترین دەسکەوت ئەوەیە لە ڕێگای کەڵك وەرگرتن لە پێویستی‌یەکانی ژیانی خەلکەوە ، نەخوازەڵا بابەتی ڕۆشنبیری ، بکەوێتە دەست . ئەگەر ئەم مەبەستەم هەبوایە ٨٠٠٠ نوسخەم بەجارێ بە ٤٠٪ کەمتری نرخەکەی ، واتە دانەی بە ٢٤٠ فلس نەئەفرۆشت بە کتێبخانەی هێمن‌و ٦٠٠ نوسخەیم ئەئەفروشت بە کتێبخانەی تەئمیم لە قەڵادزە بە ٣٠٪ کەمتر واتە دانەی بە ٢٨٠ فلس . من لەسەر داوای هێمن خۆی لەچاپدانی « ناڵەی جودایی » گرتە ئەستۆ . خوا حەقە ئەوە خۆی هەر ئەبوت ١٥ هەزاری ئێ لەچاپدە ، ئەفرۆشرێ . بەڵام منێ کە لە ١٩٧٠دا ١٠٠٠ دانە « جەنگاوەرێکی ئێتنامی »م لەچاپداو ئێستاش کتێبخانە هەیە هەموو پارەکەمی نەداوەتەوەو ، چەند مانگێ لەمەوبێش کاك ڕەئووف مەعرووف خاوەنی کتێبخانەی گەلاوێژ لە سولەیمانی ١٠٠ دانەیەکم مابوو بۆی فرۆشتم زاتم‌نەکرد بەگوێ کاك هێمن بکەم ، بۆیە بە ١٠ هەزارەوە گیرسامەوەو لاشم‌وابوو هێشتا هەر زۆرە . ئێستاش هەر لەو باوەڕەدا نیم ئەم هەڵیەیە بۆ زیاتر لە ١٠ هەزار نوسخە لە دیوانێکی سەربەستی ئافرەت‌و کردنەوەی قوتابخانەو بەگژاچونی شاعیرمان بەرامبەر بەودەنگە دواکەوتوانەی لەو دەورەدا هەبوون قسەی کرد . ئینجا ووتی: مفتی لەمەیدانەدا لەریزی قانیع‌و ئەحمەد مختار جاف دادەنرێت ولەڕوی بابەتی شیعرو ئسلوبەوە لەقانیعەوە نزیکە بە جۆرێك ئەگەر هەندێ لە شیعرەکانیان ناویان لەسەر نەبێت بە ئاسانی بۆمان جیاناکرێتەوە . . ئەوەی شایانی باسە کاك ئومێد وەك برادەرەکانی پێش خۆی بە شێکی زۆری باسەکەی سەبارەت بەمەسەلەی ئافرەت تەرخان کرد بوو بە نمونەی شیعرەوە پێشکەشی کردین .

دوابەدوای کاك ئومێد لەبەرامبەر ئەوەی کە زۆر کەس دیوانەکەیان وەستووەو دەسگیریان نەبوە ، پەیدابوو . ئەمە مقۆ مقۆیەکی‌تریشی بەدوای خۆیدا هێنا کەوا نرخی کتێبەکە گرانەو . لەوە خراپتریشی ئەوەیە کە لە زۆر لا بە گرانتر فرۆشراوە . لەم ناوەدا من لەلایەن گەلێ کەسەوە ، کە دوور نی‌یە جاران بە چاوێکی‌تر سەیریان کردبم ، وەك بیستوومەتەوە ، بەدناوی‌یەکی خراپم بە نسیب بووە کە لامۆایە زۆری لەوانەیێ موستەحەقی نەبم ..

ڕاستتان ئەوێ کتێبی « ناڵەی جودایی »م بە مەبەستی بارە حرکردنەوەو ڕووتاندنەوەی خوێندەواران لەچاپ نەداوە . بە لای منەوە ناباکترین دەسکەوت ئەوەیە لە ڕێگای کەڵك وەرگرتن لە پێویستی‌یەکانی ژیانی خەلکەوە ، نەخوازەڵا بابەتی ڕۆشنبیری ، بکەوێتە دەست . ئەگەر ئەم مەبەستەم هەبوایە ٨٠٠٠ نوسخەم بەجارێ بە ٤٠٪ کەمتری نرخەکەی ، واتە دانەی بە ٢٤٠ فلس نەئەفرۆشت بە کتێبخانەی هێمن‌و ٦٠٠ نوسخەیم ئەئەفروشت بە کتێبخانەی تەئمیم لە قەڵادزە بە ٣٠٪ کەمتر واتە دانەی بە ٢٨٠ فلس . من لەسەر داوای هێمن خۆی لەچاپدانی « ناڵەی جودایی » گرتە ئەستۆ . خوا حەقە ئەوە خۆی هەر ئەبوت ١٥ هەزاری ئێ لەچاپدە ، ئەفرۆشرێ . بەڵام منێ کە لە ١٩٧٠دا ١٠٠٠ دانە « جەنگاوەرێکی ئێتنامی »م لەچاپداو ئێستاش کتێبخانە هەیە هەموو پارەکەمی نەداوەتەوەو ، چەند مانگێ لەمەوبێش کاك ڕەئووف مەعرووف خاوەنی کتێبخانەی گەلاوێژ لە سولەیمانی ١٠٠ دانەیەکم مابوو بۆی فرۆشتم زاتم‌نەکرد بەگوێ کاك هێمن بکەم ، بۆیە بە ١٠ هەزارەوە گیرسامەوەو لاشم‌وابوو هێشتا هەر زۆرە . ئێستاش هەر لەو باوەڕەدا نیم ئەم هەڵیەیە بۆ زیاتر لە ١٠ هەزار نوسخە لە دیوانێکی ئامادەیی خۆی پیشان‌دا هەموو بە نەخت بکڕێ‌و گفتی پیاویشی‌دا کە هیچ کتێبخانەیەك بێ‌بەش نەکا ، من زۆر بە باشم زانی بە ٤٠٪ بیدەمێ‌و لە هەر دانەی ١٦٠ فلسی بۆ دابشکێنم ، نەك ماوەیەکی زۆر خۆم بە ئەرکی دابەش‌کردن‌و پارە وەرگرتنەوەوە خەریك بکەم . ڕاستەکەشی من خۆم ئاگادارم خاوەنی کتێبخانەی ناوبراو ٢٠٠٠ دانەی بۆ هەولێرو ١٦٠٠ دانەی بۆ قەڵادزەو ١٠٠٠ دانەی بۆ کەرکووك ناردو ٢٠٠ نوسخەی لە بەغدا فرۆشت ، واتە مایەوە بۆ سولەیمانی ٣٢٠٠ دانە . بۆیشی نووسیم هەرکام لە کتێبخانەکانی سولەیمانی ویستبێتی بەشی‌داوە .. من وەختی خۆی وای لەگەڵ ڕێکەوتبووم بە هەرکام لە کتێبخانە ناوداراەکانی سولەیمانی لای کەمی ٢٥٠ دانەو بە کتێبخانە پلە دووەکان ١٥٠ دانە بدا .. ئەو ٢ هەزارەکەشی ئەوە نیوەی بۆ هێمن خۆی بووەو بۆی نێرراوەو ئەو نیوەکەشی کە هیی خۆم بووە ٦٠٠ دانەیم فرۆشتووە بە قەڵادزەو ٤٠٠ دانەشیم لە بەغدا دابەش کردووە .

لەمەوە کە باسم کرد دەرئەکەوێ ، هەرچەند ئێستا هەر لەبەر خاتری ئەوەی وادبارە کتێبەکە بە ڕێك‌وپێکی نەگەیەنراوە بە خوێندەواران‌و گەلێ کەس لێی بێ‌بەش بوون‌و سەرەڕای هەموو ئەوە تێکڕای ژمارەکەشی گەلێ لە داوای خەڵك کەمتر بووە ، پەشیمانم لەوجۆرە فرۆشتنەی کتێبەکەم پێ بفرۆشت‌و لەوەی کە بە قسەی کاك هێمنم نەکرد زیاتری لێ لەچاپبدەم ، بەڵام خەتابارێکی ئەوتۆش نیم‌و موستەحەقی ئەوە نیم لەجیاتیی بە هەڵەکردوو ، بە نیازخراپ لە قەڵەم بدرێم . من نە ویستوومە خوێندەواران لە شیعری هێمن بێ‌بەش بکەم‌و نە ڕێگای قازانجی ڕاست‌و دروست لە کتێبخانەکانی کوردستان بگرم‌و نە بازرگانی بە شیعر دۆستی‌و کتێب خوازیی خەڵکەوە بکەم .

بەر لە هەرچی لەپێناوی ئەدەب‌و هێمن‌و خەبات‌و خەڵکدا خۆم بە پێشەکی نووسین‌و شیعر نووسینەوەو فەرهەنگ ڕێکخستن‌و سەرپەرشتیی چاپ‌و هاتوچۆی زۆرەوە خەریك کردووە .

جا ئیتر نازانم باوەڕم پێ ئەکەن‌و لە کەم‌و کورتیم ئەبوورن ، یان لە بەرچاوتاندا ڕەش بوومەتەوەو تەنانەت سیروانی خوڕیش دام‌ناشوا !

محمدی مەلاکریم

شێعرو خۆسەپاندن

خۆسەپاندن :
مرۆڤ دەزانێ . دەشزانێ کە دەزانێ . لەهەمان کاتدا دەزانێ خەڵکی تریش دەزانن . ئەم دەربارەی خەڵك دەزانێ بۆیە حەز دەکات خەڵکیش دەربارەی ئەم بزانن . بەڵام زانینێك کە ڕێزو بەرزی‌لێ‌بباری . دەیەوێ خەڵك بزانن مرۆڤێکی ژیر ، ووریا ،دەوڵەمەند . گالتەچی ...یان هەرشتێکە کە خۆی حەزی‌لێ‌دەکات . بەکورتی مرۆڤ حەز دەکات بەناوبانگ بێت . ئەم‌حەزی بەناوبانگ بوونە پێی دەووترێت مەیلی خۆسەپاندن(حب توکید الذات) .
ئەم نارەزووە شاز نیە ،بەڵکو لای هەموو کەسێك هەیە ، تەمەنو پلە پایەی مرۆڤ‌هەر چەندێك بێت مەیلی خۆسەپاندنی دەبێت . ئەوەندەیە ڕادەی توندی لە کەسێکەوە بۆ کەسێك‌و لەهەمان کەسیش‌دا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێت .

وەنەبێ خۆسەپاندن کارێکی خراپ بێت . بەڵکوو لەڕاستیدا زۆربەی زۆری داهێنانەکان بەهۆی ئەوەوەن. ئاڵێم پێویستی دایکی داهێنان نیە بەڵام مەیلی خۆسەپاندنە مرۆڤێك دەکات بە داهێنەرو لەو پێویستی‌یە داهێنانێك دروست دەکات .

خۆسەپاندن زیانی تێدا نییە خرابی لە هەڵ بزاردنی هۆیەکەیدایە ئەو خۆسەپێنەی درۆ دەکات بە هۆیەك ژەهر ئەڕێژێ . بەڵام ئەوەی‌هۆیەکی ماقوول‌و سوود بەخش هەڵ دەبژێرێ دەتوانێ لەو ڕێگەیەوە چاکترین خزمەت بەمرۆڤایەتی بگەیەنێت داهێنانی نا باب پێشکەش بکات .

شیعرو خۆسەپاندن :

شیعر(لەچاوی خۆسەپێنەوە) سێ مەرجی تێدایە وای لێ‌کردووە بێتە بڵاوترین‌و نزیکی تەنیا هۆی خۆسەپاندن لەناو خوێنەراندا :

یەکەمیان ئەوەیە شیعر بەڵای جەماوەرەوە رنز لێ‌گیراوە .

دووەمیان کەمترین هەوڵی دەوێ

سێ‌هەمیش کەمترین کاتی پێویستە ،

شیعر لای جەماوەر لەهەموو هونەرەکانی‌تر زیاتر شایانی ڕێز لێ‌گیراوە . جەماوەر لەمەوبێش هەر شاعیری هەبووە ، بۆیە ئیستاش کە دەڵێین فلان کەس شاعیرە سەر سوڕمانێك لە ناوجاوبانداا دەخوێنرێتەوە کە هەرگیز ئەوە بەدی ناکرێ دەڵێن فلانەکەس چیرۆك‌نووسە ، گۆرانی بێژە ئەکتەرە ... هتد

لاوێك کە مەیلی خۆسەپاندن ئۆقرەی لێ‌هەڵ دەگرێ، بەلەبەلیەتی دەبەوێ بە زووترین کات خەڵك بی‌ناسن . لە شیعر باشترشك نابات. .دیوانە شیعرێك دەخوێنێتەوە سەیر دەکات‌ڕێك‌خستنی دێری بەناواز گران نیە ،ئیتر وا دەزانێ شیعر هەر ئەم ڕێك خستنە ئاسانەیە‌و شاعیر خەلفیەتی ناوێ .بۆیە یەکسەر قەڵەم‌و کاغەز هەڵ دەگرێ‌و خۆی تاقی دەکاتەوە، سەیر ئەکات ئەتوانێ شیعر بنووسێ ، بەم جۆرە سەری کلۆڵەکە دەدۆزێتەوەو بەری نادات . بەزووترین کات شیعرەکەی ئەنێرێ بۆ دەزگایەکی ڕۆشنبیری تا بەخەڵکی بناسێنێ .

ئەم لاوە ئۆقرە نەگرتووەبۆ بەنانابانە بەر بابەتێکی تری وەك شانۆو زاست ... ؟!بۆ ئەوەی مرۆڤ بێت بە نووسەرێك یان تەنانەت خوێنەرێکی زیرەکی شانۆ یان‌زانست ئەبێ دەیان سەدان کتێب بخوێنێتەوە بتەوێ ووتارێکی زانستی بنووسیت دەبێ بەووریایی‌یەکی زۆرەوە چەندان سەرچاوە بەکار بهێنی بۆ ئەوەی زانیاری هەڵە بە دەستەوە نەدەیت . بەڵام بۆ ئەوەی شیعرێك بنووسیت پێویستت بە خوێندنەوەی شیعرێك یان چەند شیعرێك هەیە یان بنووسیشت هەر نیە(لەچاوی خۆسەپێنەکەوە) چونکە تۆ هەستی خۆت دەر نەبڕی‌و کەسیش حەددی نیە بلێ زانیاری هەڵەت بەدەستەوە داود چونکە تۆ تەنیا ڕای خۆت دەربڕیوەو هەقت بە بیروڕای خەڵکی ترەوە نیە .

ئەو لاوانەی بەنا دەبەنەبەر شیعرو بەکسەر دیوان بڵاودەکەنەوە جڵەوی ئەقلیان داوە بەدەست عاتیفەی خۆ سەپاندنەوە . مەیلی خۆسەپاندنیان ئەوەندەبەهێزە ڕێگەی بیرکردنەوەی مەوزوعی لێ‌بڕیون ! زوو تووڕە دەبن ، بە تایبەتی کە ڕەخنە لە شیعرەکەیان دەگریت وەك ئەو منداڵەیان لێ بەسەردێ کە لە شوێنێکی بەرز دادەگیرێت .

ئەم لاوانە بەهۆی بەهێزی پاڵنەری خۆسەپاندنەوە (دافع توکید الذات) زووبرباریان داوە . پێش ئەوەی چاکت بیر بکەنەوە شیعریان بە هۆ هەڵ بژاردووە . هەر بە هێزی ئەو پاڵنەرەشە مانای شیعری لێ‌وون کردوون . هەر ئەو شتانە دەبینن کە ڕێگەیان بۆ ئاسان دەکات‌و ڕوو بەڕووی پاڵنەرەکە ئاوەستێتەوە باسی بەنجا شاعیر بخوێنەوە ،چل‌و نۆیان لە تەمەنی چل ساڵی‌دا یەکەم دیوانیان چاپ کردبێ‌و بەنجا هەمیان لە تەمەنی بیست ساڵی‌دا ، ئەمەنی دوابی‌یان کاربان تێدەکات‌و چل‌و نۆکەی تریان وەکو گیزەی مێش بە لای کوێ‌یاردا تێ‌یەڕ دەبێت !!

عادەتەن مرۆڤ ئەو هۆیانە بەکار دەهێنێ کە پشووی ئێستای دەدەنێ بێ‌ئەوەی کۆی بدانە ئەوناخۆ شی‌یەی لەدوای ئەم هیمنی‌یەودیە ! هەر ئەبێ تەواویکرێ‌و ئەمڕۆ نەیکات سبەینێی ناخۆش دەکات. لاوی شاعیریش هەر چەند دەزانێ ئەکەر لە ناوئێمەی کوردی (هەموو شاعیرو نووسەرێکی شانۆیی ،فیزیایی یەک سایکۆلۆجیستێکیت ، کەرذوونەوانێك ... هەل بکەوێ دەبان قاتی شاعیرێك خزمەت دەکاوریزی لێ‌دەگیرێت ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوەی یەکەمیان لەبەر دەستایەو ئەمانەی دوایی هی داهاتوون ، ئەویش بە عاتیفە بڕیار ئەدات شاعیرێتی بەکە (واتە ئیسراحەتەکەی ئەمڕۆ) بە چاکتر دەزانێ لەوەی دەسال چاوەروان بکات تا ناوبانگێك‌و خزمەتێکی زیاتری هەبێ‌و بکات .

لێرەدا خۆسەپاندن بووەتە دیاردەیەکی بێزارکەرو ناڕەوا. زیانی ئەم دیاردەیە هەر ئەوە نیە ناوی شیعر دەزڕێنێ‌و چاك‌و خراپ تێکەڵ دەکات بەڵکوو ئەوەشە کە مەیدانی شیعر دەکات بە مەیدانێکی قەرەباڵغ‌و جمە نەدەر لە کاتێکدا مەیدانی لایەنەکانی‌تر بایەقوش لێ‌ی دەخوێنێ . ئەوەش بخەرە ئەولاوە کە پۆل پۆل ڕێبواری تازە بەحوکمی قەرەباڵغی مەیدانی شیعر ڕوو لەوێ دەکەن‌و بە پەلە ئەبن‌بە شاعیر- ئیتر چش لەو زیانەی لە شیعرو بابەتە فەرامۆش کراوەکان دەکەوێ .

چۆن خۆمان لەم پەتایە ڕزگار بکەین ؟

هەموو ئەخۆشێك بە لەناوبردنی هۆیەکەی چار دەکرێت ، هۆی ئەم نەخۆشی‌یەش خۆسەپاندنە ، بەڵام لەناوبردنی خۆسەپاندن ئەستەمە ، کە وابێ لێرەدا پێویستە ئاراستەی ئەم مەیلە بگۆڕین !

بەڵام چۆن دەتوانین ئاراستەی ئەم مەیلە لە شیعر وەربگێرین لە کاتێکدا بەهێزترین کایەو ڕاکیشانی هەیە!؟

ئەو سێ سیفەتەی باسمان کردن هۆی بەهێزی کایەو ڕاکیشانی شیعر بوون ، کەوابێ ئەم سیفەتانە بگۆڕین ، پێویستە بی سەلێنین شیعر ئەو هۆیە نییە کە ئەوەو لاوە بێ ئۆقرانە بە دوایدا وێڵن !

ئەبێ بی‌سەلێنین شیعری چاك لای جەماوەر ڕێزلێ‌گیراوە ،شیعری چاکیش ئەو شیعرە نییە لەدوای خوێندنەوەی شیعرێکەوە لەدایك ئەبێ . بەڵکوو ئەو شیعرەیە کە بەرهەمی ئەزموونی دوورو درێژو مەبادیئی مرۆڤانەو عەقڵی و مەوزوعی‌یە !!

ئەبێ بیسەلێنین شیعر کەمترین هەوڵی ناوێ !

ئەبێ بی‌سەلێنین شیعر کەمترین ماوەی ناوێ !

بەڵکوو شیعربش ، شیعری چاك ، بەرهەمێکی بەرزەوە (کاری داماوان نییە) ، بیسەلێنین مرۆڤ بۆ ئەوەی ببێت بە شاعیر پێویستی بە هەوڵێکی بێ پایانە ، پێویستی بەفەلسفە فەیە ، پێویستی بە ئاگاداری‌یە لەکاروباری جیهان ، بەکورتی شاعیر هەر شیعر ڕێکخەر نییە بەڵکوو پێش ئەوە ڕۆشنبیرێکی ووربایە . واتە ئەبێ شاعیر بەوە بێوانە بکەین کە ئایا ڕۆشنبیرەبان نا ئەك ڕۆشنبیربەوە پێوانە بکەین شاعیرە یان نا !!

بەڵام کێ هەیە بتوانێ ئەمانە بسەلێنێ ؟!

هەر چەند مێژوو خۆی دەیسەلێنێ بەڵام ڕەخنەگرەکان‌و دەزگا چاپەمەنی‌یەکان ئەتوانن دەست پێشکەری بکەن‌و ئەم مێژووە نزیك خەنەوە !!

ناصح فاتح عثمان

Institut kurde de Paris

کۆمەڵی بژاری زمانی کوردی

نۆبەرەی جوان وشیرینی باخچەی رەنگینی کۆمەڵی ڕاستی کوردانە

● غفور میرزا کریم ●

ساڵێکی نەخایاند بەسەر دامەزراندنی کۆمەڵی زانستیدا کە ڕۆشنبیران توانیان بەهەوڵو تەقەلای بە پێزو چستو چالاکی بژوینەیان، چرای ڕووناکی دەستیان، بە پاچو بێلی تیکۆشانیان، بەشیلەی بیری مێشکیان سەرکەوتێکی گرنگ، دەستکەوتێکی باش بهێننە دی، نەونەمامێکی جوان لەباخچەی کۆمەڵی زانستیدا بنێژن، کۆمەڵی بژاری زمانی کوردی بهێننە کایەوە.

ساڵێکی بێ نەچوو کە ئەم شۆڕەسوارانە کەوتنە سەر سەودای بیرکردنەوەو. کەلەکەی ڕێوشوێن دۆزینەوەو بماغەدانان بۆ بوژاندنەوەو گەشەکردنو پێش‌خستنو بەهێزکردنی زمانی کوردی، تا ئەمزمانە لە کەنگەلانی لاوازیو هەژاری بکەیەنە سەر لووتکەی بەرزیو دەوڵەمەندی تا ئەم زمانە زگماکە چەند هەزار ساڵەی باوباپیریان لەسەرێکەوە پاکژ کەنەوە لەووشەی بێگانەو لەسەرێکی تریشەوە بە ووشەی ڕەسەنی خۆمالی وونبوو برازێنەوەو جوانی بکەن.

بێ‌گومان زمانی کوردی ڕەگ‌و ڕیشەیەکی داکوتاوی کۆنی هەیە گەلی کورد بە پێچەوانەی هەموو چەرخێکی چەپ‌گەردەوە بە درێژایی مێژوو توانیویەتی ئەمزمانە لەگەردەلوولی ڕۆژگار بپارێزێ کە ئەوە بە بەڵگەیەکی گەورە دائەنرێ بۆ ڕەسەنیو زیندوویی لێهاتوویی کە لە دوایی‌دا ئەبێتە هۆیەك بۆ پێش‌خستنو بەهێزکردنی.

لەبەر ئەوەی کە زمان. بوژاندنەوەی پێش‌خستنی بەلقێك لە لقەکانی ڕۆشنبیری دائەنرێ بۆیەکا کۆمەڵی زانستی بێ‌بەروا ئەم ئەرکە نیشتمانیە بیرۆژەیان کرتە ئەستۆیانو لە پێناوی ئەم ئامانجەدا کەوتنە تەقەلاو کۆشش تا جێگا دەستی خۆیان دباری بکەنو بەرهەمی کاریان نیشان بدەن، ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی کە لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی «١٩٢٦» بەدەست پێش‌کەری سەربەرشتی سەرۆکی کۆمەڵ بەڕێز موتەسەریف ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ بانگی دامەزراندنی کۆمەڵی بژاری زمانی کوردی دران.

دوای بەدوای ئەم بانگەوازە ڕۆشنبیران تێکڕا بەدڵو بەگیان هاتنە کۆڕی مەبدەئەوە بۆ سەرکرتنو سەرکەوتنی ئەم بڕیارە گەوتنە جم‌وجوڵ‌بۆ هێنانەدی ئەم کۆڕی ڕانیاریە. بۆ گەورەتر کردن لە زمانی کوردی لە ووشەی حواستەمەنی بێگانە. بۆ باکژکردنی خەرمانی زمانی کوردی لەمرۆو سەرکۆزەل تاوەکوو خۆی لەگەل چەرخی تازەدا بکونجێنێو بە پیویستی خۆی هەڵێ.

کەواتە پێوستە لەمێژووی کاروانی ڕۆشنبیری‌دا ئەم ڕۆژە بکرێ بەڕۆژێکی پیرۆزی لەبیرەوەنەچوو. ڕۆژی پێکهێنانی بەردی بناغەی ئەنجوومەنێك بۆ بژارکردنو بەهێزکردنو ڕێکخستنی زمانی کوردی، کورد وەتەنی هەر دەوەنەو ئەبێ بەدار، پێکەوەنانی کۆمەڵی زانستیو دانانی کۆمەڵی بژاری زمانی کوردی پێش پەنجا ساڵ لە مەوبەر سەرەتای هەنگاونانێکی گەورەیە لەکاروانی نەسرەوتی ڕۆشنبیری‌دا...

ئەمەو داواکردنی جوولاندنەوەی ڕۆشنبیری بەردەوام لە زۆرکات‌دا بوو بەهۆی ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٧٠دا کۆڕی زانیاری کورد، چاو هەڵهێنێو بێتە سەر شانۆی کاری خزمەت. ڕۆژێ لەڕۆژانی زستانی (١٩٢٦) کۆمەڵی زانستی بڕیاری‌دا کۆبوونەوەیەك پێك بهێنێت، پاش ئامادەبوونی ئەندامەکانی کۆمەڵ سەرۆکی زانستی بەڕێز ئەحمەد بەگ هەڵسایە سەرێ ووتارێکی بەنرخی خوێندەوە، کە ناوەڕۆکەکەی بریتی‌بوو لەباسی مێژووی کۆنی کورد ڕەگ‌و ڕیشە داکوتاوی ئەم گەلە لەم نیشتمانەدا خستەوە بیری ڕۆشنبیران کە زمان بەکێکە لە کۆڵەکەکانی ئەتەوەیی شان‌بەشانی گەل لەدایك‌بوونو بەسەر هات‌و **هەڵیەزو دابەزی ژیانی ئەم گەلەدا هاتووە، هەرچەندە گەردەلولی ڕۆژگارو بەسەرهاتی مێژوویی جۆراوجۆر ووشەی کوردی شێواندووەو ڕووتی کردۆتەو، هەژاری کردووە، بەڵام لەگەل ئەمەش‌دا داروباری ریشەی زمانەکەمان ئەوەندە بەهێز داکوتراوە توانیویەتی خۆی بگرێ‌و لەم وەیشومەبە خۆی بپارێزێ، ئێستا ئومێدەوارم** بەهەوڵو کۆششی ئێوە ئەم بۆشایی‌یە پڕبکرێتەوەو دەست بەگول بژێرکردنی ئەم زمانەبە بکەنو ووشەی بێگانەی خواستەمەنی بە ووشەی ڕەسەنی وون‌بوو بگۆڕن **نازمانەکەمان** بەرزی‌و سەرکەوتن بەرێ **بەڵایا** لە دوایی **دا** دوایی بەووتەکەی دینێو دەڵێت: -

داواتان لێ‌ئەکەم کە سوود لەم دەرفەتە وەرگرن، بێنە مەیدانی هەوڵو کۆششەوە دەست بدەنە خامەی ڕەنگین. چاو بگێڕن بۆ دۆزینەوەی گەوهەری وون‌بوو. ووشەی ڕەسەن بدۆزنەوە زمانەکەمان پاکژکەن؛ لە دوایی کۆبوونەوەکەدا بڕیاریان دا کە ئەنجوومەنێ بۆ ئەم مەبەستە پێك‌بهێنن و، کردنیان بە پێویستی کە ئەم لیژنەیە هەفتەی دووجار کۆبینەوە تابتوانن ئەم ئەرکە گەورەیە جێ‌بەجێ‌بکەنو زمانەکە بەرەوپێش بەرن.

پاش کۆتایی کۆبوونەوەکە، ڕۆشنبیران کەوتنە کۆشش بۆ گول‌بژێرکردنی زمانەکەمان بەوێنەی مەلەوان لەبن دەریای قوڵدا، ووشەی وون بوو ڕەسەنیان لەناو جەرگەی کۆمەڵگای کوردا لەسەر زمانی باوباپیریان، گەوهەری بڕشنگداریان ئەدۆزی‌یەوەو لە جێگای گورنجاودا بڕیان ئەکرد. ووشەی خواستەمەنی بێگانەیان لائەدا، بەڕاستی مرۆڤ هەقە بڵێ کە لەم **کاروانەدا پیرەمێرد، شێخ نووری شێخ صالح، فائق زێوەر سەرچۆپی‌کێشی ڕۆشنبیران بوون.**

ئەمانە ئاوێکی وارووەو ڕووناکیان ڕشت کە لە دوایانەوە تێکڕا ڕۆشنبیران شوێن پێیان هەڵگرت، چاویان لێبکەن بۆ هەنگاو نان بۆ پێشەوە بۆ پێشخستنی زمانەکەمان.

وا لێرەدا پارچە هۆنراوەیەکی مامۆستا فائق ئەهێنینەوە کە بەگوێرەی ئەوبڕیارە. بەکوردی پەتی ڕێکخستووە.

دێوێکە گیانی تبانی‌یە
ئەکشێ بە چەشنی مار
بێ‌دەستو قاچو خوێنە.
بێ‌گۆشتو بێ‌دەمار
ناو جەرگی پڕ لە ئاگرە هەر
دەم کەبێتە ئیش
خۆراکی ئاوە بێ‌دەمو
سمێڵو ڕیش
هەرچەندە بێ بەرە کە
لەکەل کەوتە ئاسمان
شەش ڕۆژە ڕێگەزوو
ئەبڕێ ئاگرێ ووجان
ئاڵێو کرمە گرمە لە
هەستانو ڕۆبنا
هەورو بروسکەیە کە بە
سەرگیانی دوژمن‌دا.
ئەم‌دێوە گەورەیە بەجکەی
زانینە ئەی هەژار
زانینە دێو لە ئاسن ئەکا
باڵەکەی لە دار
زانینە گیان ئەخاتە لەش
دارو بەردەوە
زانینە زێڕو زیو کە دەرێنێ
لە هەردەوە
زانینە شاخی گەورە وەکو
لۆکە شڕ دەکا
زانینە جەرگی شەو بە
ڕووناکی پڕ دەکا
دەریا کە بوو بە ڕێگەی
ڕۆژو شەوی هەموو
زانین ئەبێ کە هێنراوەی بێ
مەکرو جوو
زانستی‌یە چرایە وەکو زێڕ
باخلە
گیانی وولاتە بۆ سەرکۆی
دوژمنی پلە

«فائق زێوەر»



ئەمین شوان لەئینگلیزیەوە کردویە بەکوردی

- ٢١ -

پاش ئەو تێکەوتنەم ئیتر دەستم بۆ زێڕ ببردایە دەبوو بە خۆڵ، بەڵام گیانم بە یەك شت بوو، ئەویش **هێزێکی ڕوێتی بوو**، لاوێتی هێزیکی یەکجار بەتینو کاریگەرەو هەر ئەویشە مایەی وڕەبەرنەدان لە دڵی ئادەمیزاددا، چونکە پیاو لەو تۆڕانەدا هەرگیز باوەڕی‌بەوەنیە کە لێ‌قەومانو بێتوانەتی لە یەکدوو ڕۆژ بەولاوە بتوانێ شانی‌بگرن.

لە تاریکایی ئەم وەزعەنالەبارەدا، لەناکاودا تروسکەیەك پەیدابوو. سیدنی بێ‌ئەوەی میستەر کارنۆ دەیەوێ چاوی پێم بکەوێ. وەکو بۆزەدەرکەوت، دڵی لە یەکێك لەو ئەکتەرانە ڕەنجابوو کە لەشانۆگەریەکی باوی ئەو ڕۆژ ەدا دەوری هەبوو. کەچوومە لای، لێ‌ی‌پرسیم، ئامادەی فلانە دەور ببینی؟ ئینجا بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامدانەوە بکات، کەوتە باس‌کردنی دەورەکە بۆم. منیش بە وریایی‌یەوە گوێم بۆی‌هەڵخستبوو. وتم بەڵێ بە تەواوی ئامادەم. زەردەخەنەیەکی کردو وتی: گەلێ منداڵی... حەفدەساڵ... بەڵام بەرەنگ‌وبۆ منداڵتر دباری.

وتم گوێ مەدەرە ئەمە. میکیاج هەموو شتێك تەکبیر دەکا.

-زۆر چاکە. بابزانین چی‌دەکەی.

دەبرو سێ هەفتە بڕۆفەبکەم. هەفتەی بە سێ پاوەندو دە شلنگ. ئەکەرلەم بڕۆفەکردنەدا ڕووسپی دەرچوومایە عەقدی ئیش‌کردنی ساڵێکم وەردەگرت.

پاش بڕۆفەکردن، برامەسەرشانۆ. دەورەکەم زۆر بە جوانیو ڕێکوپێکی بینیو هەمووتەماشاکەرانم دەیەها جار هێنایە هاڕەی پێکەنین. کەدەرچووم، ئیشکەرانی شانۆکە چ ئەکەرو چ هی‌نر، هەموو دەستیان گوشیمو پیرۆزبایی‌یان لێ‌کردم. ئەوکابرایەی لێ دەرچێ کە لە جیاتی ئەو یاریم‌کرد، بەسارد‌یەکەوە پیرۆزبایی لێ‌کردمو تەنها وتی: خراپ‌نەبوو. لە خۆشیدا خەوم لێ‌نەدەکەوت. وبستەم بکریم. کریانم نەهات. هیچم ئیدانەمابوو. هاتمەسەر جادەکانو تێر گەڕام. تێر پێکەنیمو لەبەر خۆمەوەقسەم کردو تا سەعات چواری بەیانی خەو بێ نەچوە چاوم. بەیانی میستەر کارنۆ زۆر پیرۆزبایی لێ‌کردمو داوای‌لێ‌کردم بچم بۆ لای ئالەوێ عەقد ئیمزا بکەین.

کابرای کە چێگەیم کرتبوو دەورەکەم لەجیاتی ئەو بە سەرکەوتنەوە ببینیو، هەر ئەوە نەبو سەرمی‌هەڵنەدەکەند. لەسەر شانۆ. گوایە بە ناوی ئەمسیلەوە تا بۆی‌کرا بۆکسێکی کێشا بە لووتمداوخوێنی لووتمی داهێنا. خەڵکە دابان لە هاڕەی پێکەنین! پێموت جارێکی تر وا بکەیتەوە، ئەم زەنگە زلە دەکێشم بە تەپڵی سەرتدا ئەگەرحەسوودیم پێ‌دەبەی، داخی دڵ بەم‌جۆرە دەرناکرێ. بەتەوسێکەوە وتی:

-حەسوودی بەتۆ؟ ترحێو!دوو بە قەدەر ئەو بەهرەیەی کە لە لەشی تۆدا هەیە. هەر لەسەری دەعباکەمدا هەیە!

وتم: بەڵێ. هەموو بەهرەتەهەر لەوێدابەو خێرا دەرگام داخست.

لە شانۆ ساڵی‌دا ڕۆستەرێکی‌شانوویی کەبریتی‌بوو لە وێنەی کچێك کەڵکەلەی‌خۆشەویستی بردبووە ئەلمەوە. لە دڵی خۆمدا هەمیشەخەباڵی ئەوەم دەکرد. کە پێکەوە یاری دەکەین. هەڵدەبەزینەوە، لەو دەشتە لە ناو نزارو لەسەربەرەوژوورو سەربەرەو خواره‌کاندا چاوشارکێ دەکەینو بەکتر هەڵدەبڕینو هەڵشێلکەدەکەین. بەڵێ ئەمە بوو وێنەی‌خۆشەویستی بەلامەوە لەو کاتەدا. بەڵام دڵداری‌ی‌راستەقینە شتێکی ترەو ڕێو شوێنی ناسراوی خۆی‌هەیە. نیگابەك چەند قسەیەك (کە زیاتر قسەی‌گەوجانەن،) لە تەنها چەند دەقیقەبەکدا هەموو ژیان دەگۆڕێو دەیخەنە سەر ڕێبازێکی‌تر. هەمو سروشتدەکەوێتە سەماکردنو لە ناکاودا هەموو شادیەشارواوەکانی خۆیان دەردەخەن. خۆشەویستیەکەی منیش شتێك بوو لەم بابەتە.

ئیستا وا نۆزدە ساڵان‌دەبم‌و نابم‌و ووەبە کۆمیدیستێکی سەرکەوتووی‌کۆمپانیای کارنۆ. هەموو شتێکم ئەواوەتەیەك شت نەبێ. بەهار بەسەرچوەو هاوین داهاتوەو هەست بە بەتاڵیەك‌دەکەم. ژیانی ڕۆژانەم بە ئەواوی بۆتە شتێکی ڕۆتینی‌وگۆڕانی تیدا بەدی‌ناکرێو بەنیسبەت دوارۆژی خۆمەوەهیچ شتێکم بەرچاو ناکەوێ کە نەختێك لەوەی هەیە جیاوازبێ. پیاو ناتوانێ هەر خەریکی خۆژباندن بێتوهەموو شتێکی تر بخاتە پشت‌گوێ. هەستم دەکرد کەرۆژ بە ڕۆژ کەساسیو خەمباری و ناڕەزایی زیاتر سواری‌سەرم دەبێو جار جارە ڕۆژانی یەکشەممە بە تەنهایی بیاسەم‌دەکردو گوێم لەو نیپە مۆسیقیانەدەگرت کە لە ناوباخەکاندا ئاوازیان لێ‌دەدا. ئەو بە تەنهایی دەرم‌دەبردو نەلەگەڵ خەڵکی تردا هەڵم‌دەکرد، جا ئەوەبوو لێرەدا ئەوەی کەلە دەست بەتاڵی‌دا ڕوودەدا، لە منیش ڕووی‌دا:

واتە کەوتمە ناو داوی‌دڵداریەوە.

بڕوانە: ل: ٧

ریگایەکی ئاسان بۆ زیادبوونی بەرهەمی کشتوکاڵ

گومان لەوەدانییە هەموو جووتیارێك جا لە هەر ووڵاتێك‌دا بو بێت پاش ئەوەی کە لە کار بووەتەوەو گەڕاوەتەوە ماڵەوە.. یان بەدەم ڕێگاوە.. یان لە شوێنێکدا کە دانیشتبێ سەبارەت بەو شتە دواوە کە پەیوەندی‌ی بە ژیانی خۆی‌و خێزانەکەیەوە هەبووە.. وەك ئەو زەوی‌و زارەی کە کێڵاویەتی‌و تۆوی پێوە کردووەو بەرهەمی‌لێ دەستکەوتووە..

جا جوو تبارەکانی لای خۆشمان دووری ئەم دیاردەیە نەبوون؛ بەڵکوو بە هەمان جۆر، ئەوانیش هەمیشە بیریان لە زەوی‌و زارەکانیان کردووتەوەو سەبارەت بێ هێزی‌و بە هێزی‌ی زەویەکانیان دواون.. لەبەر ئەوە جووتیارەکانی لای خۆمان ئەگەر بهاتایە زەوی‌یەکەیان کەمی بەرهەم بدایە تەنیا ئەوەندە یان ئەزانی کە ئەو زەوی‌یە ئەبێ بە دوو جۆر بە هێز بکرێ.. یان بە پەین پێوە کردنی یاخود ئەیان ئەکێڵاو چەند ساڵێ ئەبانهێشتەوەو دەستیان لێ ئەئەدا.

بەڵام وەك پێشکەوتن دەری خستووە زەوی خۆی مکناتیسیەتی هەیە.. ئەم مکناتیسیەتە مەزنە گەورەترین پەیوەندی بە دانی بەرهەمی زۆرەوە هەیە بە مەرجێ ئەو جووتیارە خۆی ماندو بکات‌و بزانێت ئەو زەوی‌یە چۆن ئەکێڵێ‌و چۆن هێڵەکان ئەکێشێ.

لەم دوایی‌یەدا بە هۆی پێشکەوتنی ئەکنەلۆژیاوەو دوای تاقی کردنەوەیەکی زۆر زاناکانی جیهان بۆیان دەرکەوتووە کە لاوازی بەرهەم هیچ پەیوەندیەکی ئەوتۆی بە کەم هێزی زەویەوە نیە، بگرە ئەوەی کە سەرەکی پەیوەندی بە زیادبوونی بەرهەمەوە هەیە. ئەوەیە جووتیار دوای ئەوەی کە پەین بەزەوی‌یەکەیەوە ئەکات ئەو ڕێگایەش بدۆزێتەوە کە کێڵانی ئێوە دەست پێ ئەکات، ئەم ڕێگایەش بەبێت ڕێگایەکی گەلێ گران‌و ئاڕەحەت بێ.. بگرە زۆر ئاسانەو هەموو جووتیارێك ئەتوانێ بە ئاسانترین شێوە بیگرێ.. واتە ئەو جووتیارەی کە زەوی ئەکێڵێ ناپێت لە سەرەوە بۆ خوارەوەیان لە ڕۆژ هەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا زەوی بکێڵێ.. ئەم دوو جۆرە کێڵانە هیچ لە بەرهەم زیاد ناکەن.. بەڵام ئەگەر ئەو جووتیارە وەك زاناکان پاش تاقی کردنەوەیەکی زۆر بۆیان دەرکەوتووە وەك ووتمان دوای پەین پێوە کردنی لە ڕۆژئاوە بۆ ڕۆژهەڵات زەویەکە بکێڵێ.. ئەبێتە هۆی بە پیت بوونو زۆر بوونی بەرهەم.

● یۆئێل خامیس قریاقوس ●

دەربارەی دیاردەی ناوی خوازراو لە ئەدەبی جیهانیدا

موفق دلیمی
نووسیوێتی

مکرم رشید تاڵەبانی
کردویە بەکوردی

بەڕاستیش، ئەم مرۆڤە «چەندێکی ئەزانراو نەبوو»، کەبەفەرەمانی سوڵتان هەموو مافەکانی ئەستاندرایەوەو بەرەو سیبریا دوورخرایەوە دوای ئەوەی بیست ساڵی ڕەبەقی لە زیندانەکانی قەڕاڵدا بەسەربرد؟ لە ساڵانی داگیرکردنی فەرەنسا لە لایەن هتلەری‌یەکانەوە، بڕێکی زۆری ئەدیبو شاعیرە نیشتمانپەروەرەکان ناچاربوون پەنا بەرنە بەر تێکۆشانی نهێنی‌و، بەرهەمەکانیان لە ڕۆژنامەنووسی‌ی بەرگری‌دا بە ناوی جۆربەجۆرەوە بڵاوەکردەوە، ئەوەبوو لوئیس ئەراگونی شاعیری مەزن هۆنراوەکانی کە تیایدا داوای لە ڕۆڵەکانی گەلەکەی دەکرد بچنە ڕیزی خەباتکردنەوەو ڕۆژی هێزە داگیرکەرەکان. جارێك بە ناوی «جاك دیۆستین»ەوە بڵاوەکردە. جارێکی تر بە ناوی فرانسوا لاکوێر. «لاکوێر بە فەرەنسزی واتە ڕق».

هەروەها پۆل ئیلواری شاعیری گەورە لە ڕۆژنامەنووسی‌ی نهێنی‌دا بە ناوی «جان دیۆگۆ» یان «مۆریس ئیرفان»ەوە کاری دەکرد، ئەوەبوو ئەو کاتە «ڕوو بە ڕوو لە گەڵ ئەلمانەکان‌دا»و «حەوت هۆنراوەی خۆشەویستی لە سەردەمی جەنگ‌دا»ی بڵاوکردەوە.

«فرانسوا مۆریاك»یش ساڵی ١٩٤٣ بە ناوی فۆرێز. کتێبی «دەفتەری ڕەش»ی بڵاوکردەوە کە تیایدا فاشیەکانی تاوانبار کردووە، «فۆرێز ناوی ڕیزە چیایەکە لە ناوەڕاستی فەرەنسادا».

شکۆی نەفرەتلێ‌کراو

ڕەوشت‌و نەریتی ئەرستوکراتی‌ی لووتبەرزانە کە لە هەندێك ووڵاتان‌دا بڵاوبوو، بە تایبەتی ئەوروپاییەکان؛ دەورێکی دیاری لە سەرهەڵدانی ناوە نهێنی‌یەکاندا گێڕا؛ ئەوەبوو بەڕێوەبردنی کاری ئەدەبی لە لایەن ڕۆڵەکانی چینە دەسترۆیشتووەکانەوە بەکارێکی نەشیاوو ناپەسەند دادەنرا. بۆ وێنە «لویسی چواردەهەم» ناوێکی بێ‌فیزیانەی وەك «بەڕێز کرینگو دیر»ی بەکاردەهێنا. هەروەها کاترینای دووهەم، خانوو ئیمپراتۆری ڕووسیا کۆمەڵە شانۆگەرییەکانی کە ناوی «شانۆی ئەوروپایی»یە بەبێ‌ناو بڵاوکردەوە، هەر هاوچەرخی نەمیشس کە فردریك ی دووهەمی پادشای پرووسیا بوو ئەوەی دەیتووسی بە ناوی «فەیلەسووفێك لە «سان - سوێ»وە» بڵاوی دەکردەوە.

چالاکی‌ی ئەدەبی لە پیاوانی کلیسا قەدەغە بوو. هەروەها بۆ چەند تاقمی تر جوان نەبوو بۆیە ساڵی ١٧٢٩ دەرچوونی بەرگی یەکەمی کتێبی «ژیانو نهێنی‌یەکانی تریستم شیندی، پیاوی ڕەوشت‌چاك»ی بە خۆیەوە دی بێ ناوی دانەرەکەی کە ڕاهێبێکی ساکاری گوندی «ساتۆن»ی نزیك بە شاری (یۆرك)ی، ئنگلیزی بوو، کە جیهان دوایی بە ناوی «لۆرنس ستێرن»ەوە ناسی‌ی. وەك یەکێك لە ئەدیبە ناودارەکانی ئنگلتەرا.

بەڵام ئینتالی ڕیس، هێشتاکە قوتابی بوو یەکەمین هۆنراوەکانی لە ڕۆژنامەکانی شیلی‌دا بڵاوکرایەوەئەم شاعیرە بچووکە ناوی ڕاستەقینەی خۆیی نەدەنووسی لەترسی ئەوەی باوکی توندوتیژی بەرهەمی بایەمەتی‌بە «ناشیرینەکەی» ببینێتو بێ‌ی‌بڵێت: «کە واتە، ئەمە هۆی دواکەوتنە لە ماتماتیك‌دا». نازناوی یەکێك لە نووسەرە کلاسیکی‌یەکانی شیلی‌ی سەدەی ڕابوردووی بەکارهێناوە کە «بان نیرۆدا»یە، کە ئینتالی زۆر حەزی لە ڕۆمانەکەی دەکرد بە ناوی «ئۆڵە سەوسەنە سێ پەڕەبیەکە»وە؛ ئەم ناوە خوازراوە بوو بە نازناوێکی ئەدەبی‌ی گەورەترین شاعیرەکانی ئەمریکای لاتینی‌ی ئەم سەدەیە.

Institut kurde de Paris

ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە ڕێگای ڕاپەڕینێکی شارستانێتیدا هەنگاودەنێ

ڕووناك کردنەوەی سلێمانی بە کاربا

دێهات لە پارێزگای سلێمانیداو لە ساڵی ڕابوردوودا گەلی پرۆژەی کارەبای دێهاتەکانی جێبەجێ کردوەو بەشێوەیەکی گشتی بریتیبوو لە .

ـ ڕوناك کردنەوەی گەلێ دێهاتی ناوچە جۆراوجۆرەکانی پارێزگای سلێمانی کە بەدرێژای ٧٦ کیلۆمەتەر کارەباپان بۆ بردون و هەمووی بابی یەك ملیۆن و ٨٠٠ هەزار دینار بوون ، ئەم کارەبایەش ڕوناك کردنەوەی ٢٧ دێی تازەی هاوچەرخ بوو لە قەزاکانی بنەدرو ڕانیەو شاربازێرو دەربەندیخان و کەلارو هەلەبجەو ناحیەی تانجەرۆ کە ٢١ هەزارو ١١٦ خێزانی جوتیاریان تیا دانەنیشن هەروەها لەگەل ئەم شەبەکەی کارەبایەدا ٨٨١ محەوەلەی لەگەلدابوو کە فراوانی هەریەکەیان لە نێوان (١٠٠) تا (٢٥٠) [کمی تی ای] بوو ئەمانە سەرەڕای ڕاکێشان و دابەش کردنی کارەبای ناو هەموو ئەو دێهاتانە .

ـ هەروەها ئێستاش هەر ئیشوکار بەردەوامە بۆ ڕووناك کردنەوەی دێی ڕاوگان و ئالپارێزو بنگرد لە قەزای جەماوەر دوکان . ئەم دێهاتانەش نزیکەی ٣ هەزارو ٢٥٠ خێزانی جوتیاری لێدانەنیشێو ٢٩٩ هەزار دیناریشی تێدەچێ لەم ڕۆژانەشدا تەوا دەبێن . ئا بەم جۆرە هەتا ئێستا ٨٢ دێی کۆن و ٢٨ دێی تازەی هاوچەرخ ڕوناك کراونەتەوە ؛ ئەوەی شایانی باسیشە ئەم دێهاتانە ٣٢ هەزارو ٧٢٤ خێزانی جوتیاریان تیا دانەنیشن و ئەم ڕۆژانەش نزیکەی ٣ ملیۆن و ٨٤٨ هەزار دیناریان تێچووەو لەم چەند ڕۆژەی داهاتوشدا هەر هەمان بەرنوەبەرێتی لەخۆ نامادەکردندان بۆ ڕاکێشانی هێزی کارەبای بەرز بەدرێژایی ٢٧٩ کیلۆمەترو دەگاتە ٩٨ دێ کە ٨ هەزارو ٩٦٠ خێزانیان تیادانە نیشێو ، ئەگەونە ناوچەی بشدەرو ڕانیەو دەربەندیخان و دوکان و هەلەبجەو چوارتاو نزیکە یەك ملیۆن و ٦٣٦ هەزارو ٢٠٠ دیناری تێئەچێ . ئەم پرۆژانەش لەو پلانەدابوون کە بەپێوەبەرێتی ناوبەراو بەتایبەتی لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٧دا دەستی کرد بەجێبەجێکردنی و لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩دا تەواو دەبێ هەمووپان ٥ ملیۆن دینارو ٤٨٤ هەزار دیناریان تێ دەچێو هەتا ئێستاش کاروباری هەندێ پرۆژەی تری کارەبا بەردەوامە .

لە ڕۆژانی (١٢ ـ ١٥)ی ئەم مانگەدا ، نوێنەرانی ڕۆژنامەو گۆڤارو ئیزگەو تەلەفزیۆن و ناژانسی دەنگۆو باسی عیراق ، لە شێوەی وەفدێکی گەوردا بەبۆنەی جەژنەکانی ئاذارەوە ، گەشتێکیان بەناوچەی حوکمی زاتیدا کرد . جا ئەم ڕیپۆرتاژە ئەنجامی ئەو گەشتەیەو نوێنەری دەزگای ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندنەوەی کوردی کە لەگەڵ وەفدەکەدا بوو ئامادەی کردوە .

کومانی تێدانی یەکە لەماوەی بێتەج ساڵی ڕابوردوودا ، وانە لەوەو وەختەوەی کە حوکمی زاتی بەپێی یاسایەکی ئایینی ئینجابەکردار . لەسەر دەستی حزبو شۆڕشدا بوەو حەقیقەتێکو هەردوو دەزگای یاسادانو ڕابەڕاندن بەگورجی کەوتنە کار بۆ بەجێ هێنانی ئەو ئەرکە مێژوویی یەی خرایە ئەستۆیان ناوچەی کوردستان لە هەموو بارەیەکەوە ڕووی لە ڕابەڕینێکی کەوردو فراوان کردو گەلی هەنگاوی کاریگەری بەردو گەشەسەندنو بێشکەوتن و شارستانی بەت تێدانراوە . بکرە ئەو ڕابەڕینە ئەنجامی بایەخ پێدانێکی تایبەتی لەلایەن سەرکردایەتی حزبو شۆڕشەوە . هێشتا هەر لەئەشەنە سەندنایەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بتر بەر فراوان دەبێو زیاتر خێرو بێری بۆ جەماوەری زەحمەتکێشی ناوچە کە بەدیار دەکەوێو دێتە پێش . ئێمە لەم ڕیپۆرتاژەدا تەقەلا دەدەین بەژمارەو بەبەلگەی بیتراوەوە لەچەند ئەوگەشەسەندنو بێشکەوتنە لە ناوچەی کەدا بدوێین .

ملیۆنەها دینار بۆ ئاوەدانکردنەوە

بەپێی ئەوژمارانەی کە سەرۆکی ئەنجومەنی ڕابەڕاندن بەڕێز احمد عبدالقادر ڕایگەیاندن . ئەو پاردەیەی بۆ بڕۆگرامی (استثماری)ی ئەمساڵ تەرخان کراوە (٩٦٠) ملیۆن و (١٨٩) هەزار دینارە کە بەم جۆرە بەسەر پارێزگاکاندا دابەش کراوە : هەولێر (٣٥٦) ملیۆن و (٢٨٩) هەزار دینار . سلێمانی (٣٢٤) ملیۆن و (٩٧٧) هەزار . دهۆك (٢٠١) ملیۆن و (٦٦٩) هەزار . بەڵام لە ڕووی چونێتی سەرف کردنی بەوە بەم جۆرە دەبێ : کەرتی بیناو خزمەتگوزاری (٢٣٩) ملیۆن و (٥٢٩) هەزار دینار . کەرتی کشتوکاڵ (٢٠٠) ملیۆن و (٤٦٤) هەزار کەرتی گواستنەوەو ڕێگاوبان (٢٨١) ملیۆن و (٥٠٢) هەزار . کەرتی پیشەسازی (١١١) ملیۆن و (٤٥٣) هەزار . کەرتی بەروەردەو خوێندن (٤٩) ملیۆن و (٩٨٧) هەزار . هاوبەش لە نێواندا (٧٧) ملیۆن و (٢٥٤) هەزار .

هەروەها بودجەی ئاسایی ناوچەکە (١٦٥) ملیۆن و (٤٥٢) هەزار دینارە کە بەم جۆرە بەسەر پارێزگاکاندا دابەش کراوە : هەولێر (٥٦) ملیۆن و (٩٦٢) هەزار . سلێمانی (٥٨) ملیۆن و (٩٣٣) هەزار . دهۆك (٣٨) ملیۆن و (٨٨٦) هەزار .

نەهێشتنی نەخوێندەواری

هەروەها دەربارەی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەناوچەی حوکمی زاتیدا بەپێز سەرۆکی ئەنجومەنی ڕابەڕاندن ڕایگەیاند کە ژمارەی ئەومەلیەندانەی کراونەتەوە لە بارێزگای هەولێردا (١١٥٥) مەلبەندە کە (٧٠١)ی بۆ بیاوانەو (٣٩٩) بۆ ژنانەو (٥٥) تێکەڵاوە .

لەبارێزگای سلێمانیدا (٩٧٨) مەلبەندە کە (٥٩٨) بۆ بیاوانەو (٢٦٠) بۆ ژنانەو (١١٨) تێکەڵاوە . لەبارێزگای دهۆکدا (٥٧٢) مەلبەندە کە (٣٧٨) بۆ بیاوانەو (١٦٨) بۆ ژنانەو(٢٦) تێکەڵاوە . دەربارەی ژمارەی ئەوانەشی کە لەومەلیەندانەدا فێری خوێندەواری دەکرێن ، ڕایگەیاندکە ژمارەی ئەوانەی لەماوەی بنچینەدان، لەبارێزگای هەولێر (٧٣٣٧٢٢) کەسن کە (٣٢٧٦٧) بیاوو (٤٠٩٥٥) ئافرەتن لە بارێزگای سلێمانیدا (٧٦٥٣٣) کەسن کە (٣٩٣٣٣) بیاوو (٣٧٢٠٠) ئافرەتن . لەپارێزگای دهۆکیشدا (٣٥٦٢٠) کەسن کە (١٧٢٢٠) بیاوو (١٨٤٠٠) ئافرەتن . بەڵام ژمارەی ئەوانەی لە بلەی تەواوکاریدان لەبارێزگای هەولێردا (٩٢٥٤) کەسن کە (٣٧٣١) بیاوو (٥٥٢٣) ئافرەتن . لە پارێزگای سلێمانیدا (٢٢٧٨) کەسن کە (١٥٢٣) بیاوو (٧٥٥) ئافرەتن . لەپارێزگای دهۆکیشدا (١٥٥٣) کەسن کە (١٣٨٤) بیاوو (١٦٩) ئافرەتن . هەروەها دەربارەی مامۆستاکان ڕایگەیاند کە (٦٩٦٧) مامۆستان . (٢٩٢٥) لەهەولێرو (٢٧٦٢) لە سلێمانیو (١٢٨٠) لە دهۆك .

گوندی عەسری

لەژمارەی پێشوودا هاوکاری لەزمان بەڕێز وەزیری ئەنسیفەوە ماموستا خالد عبد عەمان بەژمارەو بەدوورو درێژی باسی گوندە عەسری یەکانی بۆ ڕاگەیاندن . بەڵام ئێمە لێردا هەر بە ژمارە باسێکی گوندی عەسری (قوشتەپە) وەك نموونەیەك لەوگوندانە دەکەین .

گوندەکە بریتی یە لە (٣٠٠) خانوو . (٥٥٠) خانووی تریش لەبیناکردندان. ژمارەی دانیشتوانی (١٤٥٠) کەسە . دوو قوتابخانەی سەرەتایی تێدایە کە بەکێکیان بۆ کوڕانەو ئەوی تریان بۆ کچانو بەڵام لەیەك بینادا دەوام دەکەن . (٣) بیری نیرتیوازی تێدایە کە بە بۆری ئاوبان لێدەگەبەنرێتە هەر هەر ماڵێك لە ماڵەکان . کارەبای بۆ ڕاکێشراوە . دوو مەلبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری تێدایە لەگەڵ هەشتێك بۆ شارەوانی و (مستوصف)ی ناحیەی ئێوە نزیکە . نۆزدە وەکیلی (مبایعات)ی تێدایە بێگومان هەریەکەش لەخێزانەکان تەلەفزیۆنێکی بەدیاری لەسەرۆکی بەڕێز احمد حسن البکرەوە پێگەیەنراوە . جگە لەوەی کە هەرخێزانەو لە سەرەتاوە (٥٠٠) دیناری بۆ یارمەتی دراوەتێ لەگەڵ مانگی (١٥) دینار مووچەدا کەوتۆتە ئیش کردن و زۆر بەشیان ئەوخەسارەتەیان بۆ بژێردراوە کە ئەنجامی گواستنەوەیان لە دێیەکەی خۆیان بۆ ئەم گوندە عەسریە لێیان کەوتوە . هەروەکو بە دەستەوەبە بازاڕێکی دە دوکانیو خەستەخانەیەکی (٢٤) قەرەوێلەیی و دوو قوتابخانەی سەرەتایی و یەکێکی ناوەندی و کارگەیەکی چنین و کارگەیەکی کۆکردنەوەی شیری تێدا دروست بکرێن .

کارگەو پیشەسازی

لەم ڕووەشەوە باسی تەنیا نموونەیەك دەکەین کە کارگەی ڕستن و چنینی خوریە لە هەولێر .

کارگەکە لە ڕۆژی ٧/نیسانی (١٩٧٥)ەوە دەس کراوە بە دامەزراندنی . ئێستا بۆ تافیکردنەوە خراوەتە کار . بەڵام لە ١٧ تموزی ئەمساڵدا دەکرێتەوە و بەتەواوی دەکەوێتە بەر هەمهێنان .

سەرمایەی کارکەکە (١٠) میلۆن دینارە (٩٥١) کارگەر کاری تێدا دەکەن و ماوەش هەیە بگەیەنرێنە (١٤٠٠) کارگەر . توانای بەرهەمهێنانی بەپێی نەخشەکەی یەك ملیۆن مەتر قوماشی خوری و تێکەڵاوە لە ساڵێکدا . لەگەڵ (٢٥٠) تەن دەزووی ڕێسراو بۆ فرۆشتن بە کارگەکانی تری چنین لە وڵاتدا .

ڕووبەری ئەوزەوی یەی کارکەکەی لەسەر بنیات نراوە (١٧٦) هەزارو (٤٠٠) مەترە کە (١٤٠٠)ی بۆ بینا کانێتی و (٥) هەزاری بۆ وەرزشە جۆراوجۆرەکانی .

بەشەکانی کارگەکە ئەمانەن : بەشی ڕستن و بێویستی یەکانی . بەشی خوری و بێویستی یەکانی . بەشی تەواوکاری و ڕەنگکردن . بەشی خزمەتگوزاری ی هونەری .

جۆری مەکینەکانی لەتازەترین بابەتن کە تا ئێستا تەکنۆلۆژیا لە کۆڕی ڕستن و چنیندا هێنابێتی بە کۆڕێ و لە وڵاتانی یەلجیکاو ئەلەمانیای ڕۆژئاواو سویسراو فەرەنساوە هێنراون . هەروەها کارکەکە بە بەکەمین کارگەی ڕستن و چنین دادەنرێ لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا .

٨٢٪ی کادیرەکانی لە ناو وڵاتی خۆماندا مەشقیان پێکراوەو ئەوانی تر لە دەرەوەو هەر لەو وڵاتانەدا کە مەکینەکانیان لێوە هێنراوە .

دەربارەی کەرەسەی خاو بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی کارکەکە ڕایگەیاند کە خوری لە ئوستەرالیاوە دەهێنرێ چونکە خوری وڵاتی خۆمان بۆ ئەم کارگەیە دەس نادا لە بەرئەوەی کە زبرە . هەروەها پۆلستەرو ڕەنگ لە سویسراوە .

لە ڕووی خزمەتگوزاری یەوە بۆ کارگەران بەڕێز هشام مهدی داود بەڕێوەبەری گشتی ڕایگەیاند کە کارگەران لەلایەن کارگەوە بە خۆڕایی دەهێنرێن و دەبرێن بۆ سەر ئیش و دوکتۆرێك و دوو برین پێچو ئەجزاخانەیەکیان بۆ دانراوە چێشتخانەیەکیان هەیە کە ژەمێك خواردنیان بە (٥٠) فلس دەداتێ لەکاتێکدا خۆی (١٥٠) فلس تێدەچێو ئێستا (١٣٠) خانوو لەبیناکردندایە کە (١٠٠) ی دەدرێ بە کرێکاران و (٣٠) بۆ مووچەخۆران و لە تەموزی داهاتووشدا (٣٧٠) خانووی تر دەس بە بیناکردنیان دەکرێ. هەروەکو نیاز وایە دوو قوتابخانەی سەرەتایی و یەکێکی ناوەندی و یەکێکی ئامادەیی و (روضە) یەکی منداڵان و دابەنگایەك بۆ کارگەکە بکرێنەوە .

کشتوکاڵ

لەمبارەیەوە بەڕێز محمد صدیق محمود ئەمینداری کشتی کشتوکاڵو زەوی سازی ڕایگەیاند کە ئێستا لە ناوچەی حوکمی وتی کە ئێستا (٦٤) هەزارو (٤٣٧) دونم زەوی بەوشێوەیە زەرع دەکرێ . هەروەکو ئیشارەتی بەوەدا کە بەگورجی کار بۆ ئەوە دەکری کارەبا بدرێ بەهەمو گوندەکانی ناوچەکە .

ڕۆشنبیری و هونەر

لەم ڕووەوە بەڕێز مینا پولس جێگری ئەمینداری کشتی ی ڕۆشنبیری و لاوان ڕایگەیاند کە بەدەستەوەیە سێ کۆشکی ڕۆشنبیری لە ڕاتیدا (٢٩٧) کۆمەلەی هەردەوزگاری هەیە کە ژمارەی ئەندامەکانیان (٥) هەزارو (٥٢٦) جوتیارن و ڕووبەری زەوی یەکانیان (٨) ملیۆن و (٥٦٢) هەزارو (٧٣٤) دونمە . هەروەها کێڵکەیەکی دەوڵەتی لە دهۆك هەیە لەگەڵ کێڵکەیەکی کۆمەلکاری لە هەولێرو نیازیش وایە تەقەلا بدرێ لەم بابەتە کێڵگەیانە زۆربکرێن . هەروەکو ئیشارەتی بەوەدا کە (١٨) ملیۆن دینار قەرزی دەوڵەت لە ئەستۆی ژمارەیەکی زۆر لە جوتیارانی ناوچەی حوکمی زاتیدابوو ، بەڵام هەموو ئەوقەرزانە بەخشران . وە دەربارەی (زراعەی ڕائدە) هەولێرو سلێمانیو دهۆك و کشیخانەیەکی فۆلکلۆری و هۆلێکی شانۆ کە (١٢٠٠) کورسی تێدا بێ لە هەولێر دروستبکرین لەگەڵ پێکهێنانی دوو تیپ بۆ هونەری میللیو شانۆگەری . هەروەها وتی کە بڕیار وایە مەلبەندی ڕۆشنبیری ی جەماوەری لە هەموو قەزاو ناحیەکانی ناوچەکەدا بکرێنەوە کە ئەمە دەس پێشکاری یەکە لەچاو ناوچەکانی تری وڵاتدا . ئەمانە جگە لە بەردەوامی لەسەر کورجو گۆڵی ی ئاسایی ئەمانەتەکە لە چاپکردنی کتێبو یاریدەدانی نووسەرانو کۆڕو مەهرەجانی ئەدەبیو هونەری سازکردن .

• بەڕێز وەزیری تەنسیق •

دیاری سەرۆکی فەرمانڕەوا بۆ گوندەکە عەسریەکان .

نەهێشتنی نەخوێندەواری لەگوندی قوشتەپە .

بەڕێزان سەرۆکو ئەندامانی ئەنجومەنی ڕابەڕاندن .

بەڕێز پارێزگاری هەولێر .

جیهازێکی ئەلەکترۆنی بۆ دروست کردنی پارچەی پێویست .

Institut Kurde de Paris

بەرنامەی ڕەنیۆهێنانی ساڵی ١٩٧٩

پەرەپێدانی ئاوەدانیو بەرەو ژیانێکی بەختەوەر

لە بیرەوەری چەسپاندنی یاسای ئۆتۆنۆمیدا : نێر دراوی ((هاوکاری)) نووسیویەتی دەڵێ :

دوێنێ جەماوەری گەلی عیراق تێکڕاو جەماوەری گەلی کوردمان بە تایبەتی ناهەنگیبە بۆنەی بیرەوەریەکی ئازیزەوەگێڕا ، بیرەوەری ڕابوردنی پێنج ساڵ بەسەر دەرچونی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی عیراقو کەوتنەکاری دامو دەزگاکانی ڕاپەڕاندنو یاسا دانانی ناوچەکە. کە ئەم هەنگاوو دەستکەوتە پیرۆزە دەربڕی بە وەفاییو هەڵوێستی نیسانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست بو بەرامبەر بەو بەئێنەی بە گەلی کوردمانیدا لە زامن کردنی مافی ڕەوای خۆیدا .

هەر لە دەرچونی یاساکەوە ، هەتا ئەمڕۆو بەردەوامو بە پێی ڕاسپاردەی سەرکردایەتی حزبو شۆڕش تەقەللای بێ وچانو دلسۆزانە دەدرێ بۆ ئەوەی ناوچەی کوردستانی عیراق زیاتر بەرەو ئاوەدانی پێوات و لەم ڕووەوە ،دلسۆزانە کار دەکرێ بە کردنەوەی چەندان پرۆژەی ئاوەدانی و خزمەت گوزاریو نەهێشتنی بێکاری لە ناوچەکەداو سەرکردایەتی حزبو شۆڕش هەمیشە ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە تەقەللای بێوچان بدرێ بۆ ڕابەڕاندنی بێشکەوتنی ژیانی جەماوەرانی خەڵکی ناوچەکە لە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵایەتی ئابوریو ڕۆشنبیریو تەندروستیبەوە.

ئەوەی شایانی باسە ، هەر ئەمساڵ هەنگاوی گورچوگول نراوە بۆ ڕابەڕاندنی بەرنامەی ڕەنیو هێنانی ئەتەوەیی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا بەو جۆرەی کە لەگەڵ باوەڕی سەرکردایەتی شۆڕش و ئاواتو خواستەکانی جەماوەری گەلو پێویستیەکانیاندا بگونجێ .

ئەخشەکە ئەو پرۆژانە دەگرێتەوە کە ئاو خۆبینو دەزگاکانی سەر بە ئەنجومەنی ڕابەڕاندنی جێ بەجێیان دەکەن وەك ئەمانەتی گشتی کارو باری نیشتە جێکردنو ئەمانەتی گشتی کارو باری ئاو خۆو ئەمانەتی گشتی کارو باری شارەوانی و هاوئینەهەوارەکان . ئەمە سەرەڕای چەندان پرۆژەی گەورە کە ملیۆنەها دیناریان تێ دەچێو لایەنەمەرکەزیەکان ڕایان دەبەڕێنن .

ئەمە لە باڵ ئەو بارە زۆرەدا دانراوە بۆ کردنەوەی گوندە هاوچەرخەکانو ئەمانە هەموو لە دەرەوەی بەرنامەی ڕەنیۆهێناندان .

ئەو پرۆژانەی کە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا بە پێی بەرنامەی ڕەنیوهێنانی ساڵی ١٩٧٩ دەبێ ڕابەڕێنرێن کولفەی تێکڕا بیان دەگاتە ٩٦٠ ملیۆن و ٥١٥ هەزار دینار کە لە ناو خۆو مەرکەزی جێبەجێ دەکرێن و کەرتی مەبانیو بەروەردەو فێرکردنو کەرتی کشتوکاڵیو گواستنەوەو ڕێگاو بانو کەرتی پیشەسازی دەگرنەوە .

بەم پێیە ، هەست دەکەین سەرەڕای ئەو کارە زۆرەی ساڵانی ڕابوردو بۆ پێشکەوتنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دراوە ، کاروانی کار کردنی دلسۆزانە هەر بەردەوامە بۆ پێشکەوتن کردنی زیاتر بە جەماوەری گەلەکامان بە مەبەستی زامن کردنی پاشە ڕۆژی ڕووناکترو .. بۆ پێشەوە .

مائیکو دوونە؟

ئەز نزانم چاوا دێتێکەهێنم کو وان دەرمانان دسەروچاڤێت خۆ نەدەت ؟ من بادیتی هندەك تێددەنو وەسا ژێدهێت مرۆڤ دبێژێت کولیکێت بهارێنە ، بەلێ نێ ئەڤا هەنێ ـ مالدۆشاڤێ ـ هەردێبێژی مالنجە دکەت !

وێ رۆژێ سپێدێ زوی هەکو من دیتی وەسا یاشیرینبوو مرۆڤ ژ دیتنا وێ تێر نەدبوو .. دیاربوو ژ لەزادا نەگەهشتبوو دەرمانان دخۆبدەت .. من گۆتێژی : ئەڤرۆ تۆ ژ هەمی رۆژا جانتری . بەلێ ما بۆچیە ؟ نەزانی کو من بۆچی وەکۆتی : رۆژا پاشتر زڤریڤە وەکو بەرێ .. نێ خۆ ئەز نەشێم رویبروی بێژمێ : تۆ ب ڤان دەرمانان کرێتدبی .. حودێ مالا وان ئاڤاکەت ، نێ هندەك ژێ وەسا دڤلو نازکن خودان نەوێریت بێژێتێ مویەکێ لسەر چاڤی دێ چیتە دبەر پەراسیا وان‌را !

ئەز کوشتیێ چمە ؟ کوشتیێ چاڤلێکرنا نەدهێ خۆدا مە ! دێبینی ئێك دێ تشتەکی کەتو دێ ژێهێت ، ئێکێ دی دێهێت وی تشتی کەت بێ‌کو هزرێت خۆ بکەت کا دێ ژێهێت .. ژێناهێت ؟!

باشە ، بۆچی ئەم چاڤ ل رەڤشتێت باشێت ئێکودوو ناکەین ؟

ئان کابرایێ دی .. من خۆ پێڤە کوشتو سۆت کو جکاران پێلیت . هەردێبێژیت : « ئەز نەشێم » .. کا تۆ بخودێ جکارە نشتەکێ هندێ فەرو پێدڤی‌یە کو مرۆڤ نەشێت نەکێشیت ؟! نهو بلا، بەلێ نەکو ئێکێ ب قومکێ یادی‌ڤە نیت ! پاشی ، وەرە کابرا .. تۆبێ جان دبی ؟ نە، تۆ پێ شیرین دبی ؟ نە .. ئێ تۆ دزانی‌ژی بۆ تە باش‌نینە ، پارێ تە تێ‌دچێت ، رەنگێ تە هەرێ زەرە ، گەرویا تە هەرا کولە ، بێهنا تە هەرا کورتە ، ما تۆ دوژمنێ خۆی ؟!

ژخۆ « چیرۆ» هەر ژێ‌بگەرە . . ژ هەمیان وێرانترە .. ئەزمانەکێ دەدەڤی‌دا گەرەکێ بێ‌درێژە .. کەسەك نەمایە نەکامیا وی نەکری‌و کرێتی نەگۆتینێ .. چەند تشتێت دهاتینە سەری .. سەراوی ئەزمانی‌و ، بۆ خۆ پێڤەناچیت! باشە کابرا .. ما هەکو هەر دێ‌ئاخڤی،مانێ ئاخڤتنا خۆش‌و یا نەخۆش هەردوو ژ دەڤەکێ دەردکەڤن . هەکو تۆ نەزانی ئاخڤتنێت خۆش‌ژی بکەی ، هەما نەئاخڤە چێترە .. نزا کی‌بوو وێ رۆژێ هۆ گۆتیێ ؟ پیویەح ! وەسا دلێ خۆدا تنگژی‌و نافچاڤێت وی بوونە گرێ‌و چاڤێت وی سۆربوون.. هندی شیای‌و نەشیای دەڤێ خۆ ڤەکرو ئەزمانێ خۆ لسەر هەلینا .. دیاربوو جامێرێ دی پێ ژخۆشەرم‌بوو .. هەر ئەزمانێ خۆ گەزت‌و بشتا خۆ لێکر .

فیصل مصطفی

پشکادووێ

جارەکادی دەرگەهێ مەزنێ خەریبیا دسینگێ وی‌دا ڤەبو.. هناڤێت وی کەلین‌و ، تێکدا قرقچین .. چاڤێت وی تۆژی رژۆندکێت گری‌بون .. هندی هاتە خو بشێت خو ژبیرڤە ببەت کریسکێت گری دچاڤێت خودا بڤەشێریت ، دەرگەهێ ئەڤین‌و دلداریا خو بکریت ، بەلێ نەشیا ..!

دێ چاوان شێت خەریبیا دسینگێ خودا کۆژبەت‌و ، دڤنێت وی دتۆژی‌بن ژبێهنا بنەفشوکێت بهارێ ..؟ دێ چاوان شێت خو ژبیرڤەبەت ، ئو (سینەم) هەر دیل‌و گرتیا دەربابێ بیت‌و ، داخازا وێ ـ دەستکێ بنەفشوکا ـ بیت ..؟

کارەکێ ئێکجار گرانە . نزانیت دێ چکەت .. ریا دویرەو ، دەریا مەزنە ، نەشێت داخازا دوستا خو ، ئەڤیندارا خو بجوبینیت..هەر وەسا نەشێت ڤێ ئەڤینێ ژدلێ خو بینیت دەری و ، خو بکۆژیت ..

یێ دڤان هزرادا بو ، دەمێ خو دیتی یێ ئاقاری .چاوان گەهەشتە ڤێ بریارێ .. ؟چاوا ئەڤ کارە بو ئەنجامێ شەرەنیخا هزرێت وی ..ئەو بخو ژی نزانیت .. بتنێ دزانیت ، دڤێت یان نەبیت پانژی داخازا سینەم خانێ بجوبینیت .. !

دەستکێ بنەفشوکا چێکرو ، وی هند دیت ئەورێت رەشو تاری خۆ لێك‌داو ، بو گرگرا وان لهەمی رەخێت ئەسمانی . بو شربقینا بروبسیا . مۆکۆم دەستکێ بنەفشوکا گرت‌و ، ژێهەل بەرێ خو دا ئەسماناو ، شوینا بەفرو بارانا ، تاڤیەکا تەرگەکا گر پێداکر .. یێ بستەھ بو ، دزانی کۆلاڤ‌و دەرسوکێت وی دێ بەرەڤانیێ ژ سەرێ وی کەن ، وەناکەن کتێت تەرگێ سەری لێ بشکێنن . بەلێ هەمجار پێت خو سڤك‌کرن‌و ، خو دا بەر تاڤێت داربەرویەکا مەزن لگڤاندێ سەراڤا زمڤیێ شین ببو . کتێت تەرگێ لهۆربون ، هەکو ڤیەلگێت دار بەرویێ دکەڤتن ، شەق ـ شەق‌دکرن ، هەر وەکی بەرێت بەردەڤانیانە ژ ئەسمانا دڤەرەسن .

تاڤی دسەردا چو پشتی خو دارێتی‌و تیروژکێت روژێ ئەور دراندن‌و ، خو داهێلا ناڤ ئاقاری‌و ، کۆلانێت گۆندی. خو ژبەر قۆرمێ دارێ کێشاو ژێهەل بەرێخودا ئەسمانی ، ئەور بیون پنی ، وەکی بەلەکێت بەفرێ لسەرێت چیا بهارێت وەلاتێ وی . قەستا پەژانێ روژهەلاتێ زەڤیێ کر . نەڤیا ریا خوڤەوبرێخیت لئیشکێ بزڤریت دا لدەروکی دەربازبیت . خو دسەر پەژانی‌را ئاڤێت ، گڤاندە تەربو پیەکێ وی حولیسی‌و پەژان خلاس‌نەکر ، پێ دی فسەر پەژانی کەڤت .. یێ خو ڕاکر ما لهەوا ، نەشیا دانیت ئەردی ، زانی ستریەك چو دپێ‌را .. ب‌پێ ڤولنگی خوگەهاندە ئالێ دی یێ بەژانی . روینشتە خارێ‌و دەستکێ بنەفشوکا دانا ژرەخ خوڤە . سەرێ خو دایێ ستریەکێ بارزێ پێلافا وی یا قیری یا گۆن‌کری‌و . یێ چویە دپێ‌را .. یێ خو کرە دکوشا خوداو . دەستێ خو دایێ ستری‌ژ پێلاڤی هەلکێشاو ، بەرێخو دابی ، هەر وەکی دڤێت سورێ خوینا خو ژسوراتیا ستری سەح‌بکەت . . بەلێ ستری هەر چەندە یێ بارزێ بو لێ هەمی یێ سور نەبو ..! تۆبلەکێ یێ درێژبو ، ژ سەربڤە تاکو نیڤەکێ یێ سوربو ، وژوێرێ وپێدا یێ ڕەش‌بو . ئینا ڤرڤراند . هەر وەکی دۆژمنەکی دڤرڤرینیت . ژانەکا مەزن کەڤتە پێ وی ، شوینا ستری دڤێت بهێت کەواندن ، دا بشێت وەغەربکەت بەرف نومێدا خویا مەزن . پێلاڤ ژێ خو کرو ، گۆرە دسەر یێ خودا ئینا خارێ .. چاڤێ خو لوان گڤاندەو بەرجوکا گێراند ، هندەك گیا ـمام‌بەل‌ـ دیت ،خو کێشایێ هندەك ژێ کرو دانا سەر بەرەکی‌و بەرەکێ دی ددەستێ خو گرت‌و گیا قۆنا تاکو ڤناڤ‌کەتی‌و کرە لەپێ خو ، وارە هنداڤ شوینا سەرێ ستری‌و گڤاشتێ . ژئێشرو سوتنێ خیچێت ئەنیا وی چونەئێك‌و نافچاڤێت وی بونەگرێ . هەروەکی کەوهەکا دژوار کریە بربنەکا مەزن . جارەکادی گۆرەو پێلاڤێت خو کرنەڤ پێخو ، ودەستکێ بنەفشوکا هەلگرت‌و کەڤتە پێ ، قەستا ئارمانجا خو کر.

دیسا نیڤرو بو دەمێ کەهەشتی سەر کانیا ـجارادی‌ـ نقێژ لسەر کری‌و ، کورەماری دەستکێ بنەفشوکێت وی خاری . ئیا نقێژا خو لوێرێ بکەت ، بەلێ نەویرا وددانێ خودا گوت : (بلا نقێژ بو وێڤەتربیت) .!

دویراتیا رێکێ‌و . رێڤەچونا بەردەوام‌و تێهناتیێ‌و برساتیێ کارتێ‌کرن ، پێ لێ خاڤ‌بون ، هەست بخو کر گەلەك پێ ماندی بوی‌و بهێ‌ندانەك با ڤەرە .. بەلێ درەنگەو رێ نەترە . وەستیانی‌و تێهناتیێ رێ دچێتێ ..! بەلێ دێ چ لبرسێ کەت ..؟ چو رێك نینن ژبلی گیای بحوت‌و شویتکا خو لسەر رکێ خو باش بشدینیت‌و ، بیت خو سڤك‌بکەت . ئێڤارەکا درەنگ‌بو ، دەمێ گەهەشتی سەر لێڤا دەربابێ ، ئینا راوەستیاو بەرێخودا دورو رەخێت خو .. دەنگێ چو نەهات ژبلی دەنگ ڤەدانێت شلقێت هارو پێتوی دەربابێ .. تاڤ زەرکەکا پێتوی مابو . چەل‌و کۆموخکێت بەرا وەکی هەلامەتا شست راوستیابون . لسەر ملێ خو زڤری بەرێخودا دەریابێ ، سیپەلێت وێ یێ رادەبنە باسکا بەژنەکێ پتر یێ‌بلندبن وەکی شەرێت سا ، ترسەکا مەزن کەڤتە دلی ، دێ چاوان خو ئاڤێتە ناڤ زکێ ڤان سیپەلاو، چاوا دێ شێت بمەلەڤانیا هەمیا ئەکێت‌و گەهیتە سینەم‌خانێ؟ دگەل ڤان هزرا بەرێخودا دەستکێ بنەفشوکا ددەستێ خودا . نێزیکی دڤنا خوکر .. ستراتا سینەم خانێ دهزرادا لڤڤی . . ئو دەمل‌دەست دەنگەك هاتێ . مویێت وی بونە زخت .. سەرێ خو ڕاکر ، گۆهێت خو ڤەچنین دەنگەکێ نازك‌و پرئێش ، هەواربەك ژدەریایێ هات‌و کەڤرێت رەخێ دەریایی دەنگ لێ ڤەدا ..(مویسا .. مویسا .. مویسایێ من ، گوپالەکی داوەشینە دەریایی بکەلێشە ، ئەز خەندقیم .ئەز خەندقیم .. !) ژ گۆهێت خو ناوەر نەکر ، جارەکا دی گۆهێ خو دایێ‌و هەمان دەنگ تێکەلی دەنگێ شلقێت سیپەلا رشتەڤ گۆها ..

زانی ئەڤە دەنگ‌و هەواریێت دوستا وی سینەم خانێ‌نەو مویسایێ وێ ژی هەر ئەو نخوبە .. ئینا بلەز جلکێت خویێت رەنگ ئاخ دسەر خودا ئینان‌و ، دەستکێ بنەفشوکا مۆکوم گرت‌و خو ئاڤێتە دەریایێ ، هێرشێت سیپەلا ژپیژڤە هاتن هەر وەکی دڤێت هەر هێشتا لهەوا داعویرن .. بەلێ وەسا یێ بساناهی نەبو ، چونکی بربارەکا مەزن دابو : یان دڤێت بکەهیت سینەم خانێ‌و بنەفشوکا بدەتێ‌و دگەل بژیت .. یانژی خو گوری‌بکەت و نەمینیت‌و ویران‌ببیت ..)و جەنگ‌و شەرەنیخا دەست پێ‌کر سیپەل وەکی رێزێت دوزمن کەڤتنە دویڤك‌و وی هەر مەلەڤانی‌کرن .. جار دا تۆقوبیت‌و بهێن دا لێ چك‌بیت .. جارژی دا ڤەرکەڤیت‌و تیروژکێت روژێ پشتاویا رویس دا لسەر زکێ سیپەلا ماچی‌کەن .. گەلەك رەنگێت مەلەڤانیا بکارئینان دەراڤ ئەدا سیپەلا دناڤ خو بپێچن‌و بن‌ناڤ‌بکەن . بەلێ هەمجار با ژخوبو ، دیت بچو رەنگا نەشێت ئەڤێ دەریایێ‌و هێزا سیپەلێت وێ بشکێنیت‌و بپریت ، قورتال‌بونا وی نینەو دێ هەر خەندقیت .. دەست‌و پێ لێ خاڤ بون بێ‌هیڤیاتیێ رێکا دلێ وی گرت . . دڤان کاودانادا ئێکسەر بیرا وی ئو مەلەڤانیا باسکا هات .. بتنێ ئەوە ئاڤێت مەزن‌و وهێزو هۆر دشکێنیت‌و دبربت . ئینا دەستکێ بنەفشوکا کرە ددەڤێ خودا‌و دەست بمەلەڤانیت باسکاکرو ، گاڤ بو گاڤێ نێزیکی دەنگێ هەواریێ بو .. دەست‌و پێت خو مۆکۆم‌تر لێ‌کرن‌و سڤك‌تر راڤاڤێتن .. راڤاڤێتنەکا دۆرۆستا ئەزدازیانەو چاڤێت وی ڤگزیرتەکا دیم کەڤتن ، نێزیك بو دەستێت خو دانانە سەر دنمیاتیێ‌و پێت خو کێشانە بن خو داکو بسەرخوڤە بهێت قەستا سینەم خانێ بکەت .. وی هزر کر گاهەشتە جهێ سینەم خان لێ دکەت هەوار .. گەهەشتە گزیرتێ دەربا (خلاس)کر .. بەلێ وی هند دیت ئەرد ژبن پیا چو . هەر وەکی گوا زەمین سەروبن‌بوی . . وشلقەکا مەزن ڤەدەریایێ کەڤت بەژنا وەربسەکی هەلاڤێت .

چاڤێت خو زل‌کرن ، بەرێ خو دا خو بێ بوبە تەلاش لناڤ کەڤرکێت سەر لێڤا دەریایێ ، وی جهێ خو لێ رویس‌کری‌و دەستکێ بنەفشوکا یێ ددەستی‌دا ..! هزرێت خو کرن : زانی ئەوەگزیرتە بو گەهەشتیێ .. ئەو پشتا گاماسیەکی بو چویە سەر .. ئینا بەرێخودا دەریایێ‌و دڕندیا سیپەلاو ، ئو داڤێت شەڤێ تاڤزەرکا لسەر چیا دخەندقاند .. بەلێ دەستکێ بنەفشوکا ما ددەستی‌داو ئەئاڤێت‌و بەرنەدا .



ستاو بەر

بەریا منێ
ئەزو تەز بنگەڤە ستاوبەرین
دباخلا هەمی کاروانی‌یا
ئەز بەرەکم .. تۆ بەرەکی
کەرئ ئەم هەر دووفێك نەکەڤین
جەوا ئاگر دێ زمە جیتن ؟
تاری ژ رێکێ ڤەرەڤیتن ؟
کاروانی دێ بریکەڤیتن ؟

× × ×

شاعر و بلبل‌و ئیرگز

هەمی دەما ،
رلەو داڤێت لێ‌بۆبنە دز
ئیرگز .. سەرا رەنگێ خۆ
بلبل .. سەرا دەنگێ خۆ
شاعر .. سەرا هەست‌و بیرو باوەرێت خۆ
لێ ج دەمێ تۆ سەحکەیێ
لسەرێ هەر لاتەکا ژووری
ئیرگزێ خۆ دڤەهەژینن
لسەر چەڤێت هەر دارەکێ
بلبلێ ئاوازا دخوینن
ئاڤ شورەشا هەر کەلەکی
شاعرێ ئالا دهەلینن

مؤید طیب

دێ تە خازم

غازی شیروانی

دێ تە خازم
نازکێ .. دلبەرێ
گەر تو ماہی وەکی بەرێ
دا بچینە دەر ژ ئەگەرێ

دێ تە خازم
ژ مێرگێت کوردستانێ
لسیما بایێ قێ بەیانێ
ئەوێ تێتن ژ کیستانێ

× × ×

دێ تە خازم
ژ هەمی دۆل‌و نهالا
لنێرگزێت دناڤ چالا
دگەل هەمی گوندۆ مالا

× × ×

دێ تە خازم ژ سامالاو ڤا عەڤرا
لداران‌و هەمی کەڤرا
ژ داسکاو بفرۆ تەڤرا

× × ×

دێ تە خازم ژ رەزاو بیستانا
لبێربیاو شڤانا
دگەل جوتیاری‌و ئاشەڤانا

× × ×

دێ تە خازم ژ ڤیانێ‌و خۆشیا
لناڤ دەربابێ ڤان هیڤیا
توی تووبی
با هەمی تەناهیا

× × ×

دێ تە خازم
ژ لێڤێت پێ‌کەنینا
دگەل ئەڤینا مەمۆ زینا
با فەرهادی‌و شرینا

× × ×

دێ تە خازم دێ تە خازم .

کێ گۆتیە ئاسمان یێ سلە؟

صدیق‌شرو

ئەی رویبارێ دەردو کولا
من یا زانی
رێچونا تە نەیا ژدلە
با بەنگاندی لهزار درا
هزرم‌و زلا
کێ گوتی‌یە ئەسمان یێ سلە ؟
گەر بو چرڤینا بروسیا . . .
دەنگێ هەورا
باران ناهێت بەهردوو ملا
ئەز بچیك بوم
دەمێ دهاتم سەر لێڤێت تە
قەڤێت گولا
چویچك ژی بو هێلینا خو
دهاتنە قرش‌و زلا
هێلینێت خو جوان چێکرن
تێشکێت خو فراشەکرن
رویبارێ من
لێ تو هەر چوی
ئەز ژی مازن‌بوم ... مازن بوم
تو هەر مامە لسەر کوڤان‌و...
دەردو کولا



چێنابت ئەڤە چێنابت
هەکە تو ج بکەی چێنابت

ما ئەو برینێت من کێم بون
یان ژی ئەو روندکێت من ئاڤبون

شتی وا هەمی کرنێ تە
تەدڤێت دلێ خو بدەمەتە

چێنابت ئەڤە چێنابت
هەکە تو ج بکەی چێنابت

× × ×

خوزیا من بی هشیاربم رۆژێت خو
ناڤ دەستێ تە بژیم جان خەونێت خو

تو چۆن رۆژ وەزێ لهیڤیا دلێ تە
بەلکی رابت هشیارکەت ئەڤین‌یاتە

بەلێ ژخوبو ئەڤە هەمی ژخوبو
سوزا تەکری پەرێ بەر با بو

× × ×

هەر تو بوی خوشیا ژیانێ
تیشکا دکەنی لطاریستانێ
تو بوی گەرمایا ڤیانێ
بەلێ نزا چەوا ..و بوچی ؟
بۆیە ئازار بۆ گیانێ

Institut kurde de Paris

پاشماوەی دەقی وتارەکەی بەڕێز جێگر لە پارێزگای میسان

وتەیەکی ستایش کردنی حوکمڕانی بێگانەیان لاخۆشە ، وتەیەکی ستایش کردنی ئەمریکایان پێ خۆشە بەڵام پێیان خۆش نیە ببن بە بەشێك لە ئیرادەی کەل . ئەوەی ئێمە پێمان خۆشە ئەوەیە لەم شادیەدا بتان بینین و بتان بینن و سەرنجی ئەم جۆشەتان بدەین بۆ شۆڕشەکەتان و لەپێناوی شەرەفتاندا ..

● حوکمڕانی مصر نارەزووی لێژبوونەوە رای ماڵی

حوکمڕانەکەی مصر لێژبوونەوە رای ماڵی ، چونکە ئەوناتوانێ بەرەو لووتکە هەڵکشێ ، نە لەباری ویژدانەوە ، نە لەباری ئەقڵەوە ، نە لەباری دەروونەوە ، نە لەباری کردارەوە بۆ ئامە ئامادە نەبوو . بەڵام حزبەکەتان و سەرکردەکانی حزبەکەتان و سەرکردەکانی شۆڕش هەمیشە ئارەزومەندی هەڵکشانێ بۆ سەرەوە بۆ وەدی هێنانی بەها بەرزەکانی گەل ، بۆ بەدی هێنانی ئیرادەی گەل ... بۆ وەدی هێنانی دوارۆژی باشتر بۆ گەل ، هەر چەند قوربانی دانیشی پێویستبێ ، وهەر چەند ڕێگاکە گران و سەختبێ بۆیە بەکرێ گیراوانی وەکو سادات و ئاغاکانی سادات وا تێدەگەن کە دەتوانن ئیرادەی نەتەوەی عەرەب بابەدەن ، دەتوانن ڕێڕەوی کاری یەکێتی خوازانە کە وەدی هێنەری ئیرادەی نەتەوەی عەرەبە پەك بخەن ، ودەتوانن دوژمنێکی داگیرکەری وەکو زایۆنی دوژمن لەناو دڵی نەتەوەی عەرەبدا بچەسپێنن ، بەڵام ئێمە پێیان دەڵێین کەوا ڕەوتی کاری شۆڕشگێڕانە لە عراقدا هەربەردەوام دەبێ و بەرەو پێشەوە دەچێ و ڕەوتی تێکۆشان لەناو نەتەوەی عەرەبدا هەربەردەوام دەبێ . و بەرەو پێشەوە دەچێ و ئەورێککەوتنانەی دەیانەوێ بیانکەن هەرگیز کار . ناکەنە سەر ئەم ڕەوتە تا لەگار دوای خەن نەهێڵێ بەرەو پێش بڕوا و ئیرادەی گەل و نەتەوەی عەرەب سەرەنجام سەردەکەون بەرەو وەدی هێنانی ئاواتەکانی جەماوەری عەرەب و ئامانج و ئارەزووەکانی لە هەموو بوارێکدا .

ئێستا بە شانازیەوە دەڵێین گەلی عراق نوێنەری گیانی باووباپیرانی تێکۆشەرە ، گیانی ئەوباووباپیرانەی کە لەسەر خاکی عەرەبەوە پەیامی ئاسمانیان هەڵگرت تا بیگەیەنن بە دورترین جێگەی سەر ڕووی زەمین .

● پەیامێك کە لەسنووری عراق تێدەپەڕێ .

ئێستا وا بەشانازیەو دڵنیایی تەواوەوە ئەمنە دەڵێین و وامان لێ هات بڵێین عراقیەکان پەیامێکیان لەسەرە کە لەسنووری عراق تێبەڕ دەکا ، پەیامێکی نەتەوەیی یان لەسەرە و پێویستە لەسەریان ئەم پەیامە نەتەوەیی یە بۆهەموو نیشتمانی عەرەب بەرن و پێویستە لەسەریان ڕووناکی بۆ هەر گۆشەیەك لە گۆشەکانی کۆمەڵگای عەرەب بەرن ، بەڵکو پێویستە لەسەریان دەورێکی ئینسانی لەدوتوێی دەورو نەتەوەیی و نیشتمانی یەکانەوە ببینن .

ئەی برایانی ، ڕۆڵەکانی میسان دڵنیایتان دەکەین کەوا سەرکردایەتیەکان هەر لەسەر ئەو ڕەوتە بەردەوام دەبێ کە لە ١٧-٣٠ تەموزدا دەستی پێ کرد لەپێناوی بەختیاریتان بۆ دێنێتەدی و مانگ بە مانگ و ساڵ بە ساڵ بەختیارتیان بۆ دێنێتەدی و ئێمە لەمە دڵنیاتان دەکەین ، هەروەکە تەنها تەنها لەبارەی دوارۆژی خۆیەوە بەڵکو لەبارەی دوارۆژی کوڕەکانی و کوڕەزاکانیشیەوە دەست بخاتە ژێر سەر چونکە شۆڕش بۆ ئێوە هاتۆتەدی ئەویش چەسپاوو بەهێزە وتوانای بەرەوپێش چوونی هەیە بە ئیرادەی ئێوە چونکە ئێوە دەتانەوێ شۆڕش بەرووپێشەوە بڕوا .. شۆڕش دەتوانێ بەختەوەرتان بکا چونکە ئێوە ڕۆڵەی ئەوەن و ئێوە ویژدانی ئەون وچونکە ئێوە بەشێکن لەووو ئەو بەشێکە لە ئێوە .

لەخوای گەورە دەپاڕێینەوە کە بۆ کاری خێر سەرکەوتومان بکا ئینشاءالله لە ساڵانی ئایندەدا سەرتان لێ دەدەین و لەوەزعێکی باشترا دەبین و هەروەها شارە خۆشەویستەکەتان لەوەزعێکی باشتردا دەبی ..

وتەکەی جێگری بەڕێز لەدێی « البیضە »

بەڕێز صدام حسین جێگری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وتەیەکی بۆ هاووڵاتیانی دێی « البیضە » دا کە لە قووڵایی هۆرەکانی ناحیەی «العزیز»ی سەر بە پارێزگای میساندایەو ئەمە دەقەکەیەتی :

برایان .. بەر لە مانگێك سەرمان لەهۆڕی ذیقار داو حەزمان لە سەردانتان هەبوو بەڵام هاتنی سەرکۆماری یەمەن بۆ بەغدا سەردانەکەمانی بۆ ئەمڕۆ دواخستو وا ئەمڕۆ هاتوینە لاتان تا ساڵاوی سەرکردایەتی و حزب و شۆڕشتان پێ بگەیەنین . هاتوینە لاتان تا بزانین حاڵ و وەزعتان چۆنەو باری ژیانتان لەم جێگایە چۆنە ، وچاومان بە هاوڕێیان لێبرسراوی ڕێکخراوی حزبی میسان و پارێزگار کەوت و باسی پێویستی دێ بەکەیان بۆکردین ، هەروەها چاومان بە هەندێ لەبرایانی دێیەکە کەوت و باسی پێویستیەکانیان بۆکردین .. ئەوەی بۆتانی دەگەین ئەوەیە کارەباتان بۆدێیەکە بۆ دەکێشین و پرۆژەیەکی ناویش تێدا دەکەین .. هەروەها بەناوی سەرکردایەتی حزب و شۆڕشەوە تەلەفزیۆنێك و سەلاجەیەك بەهەرماڵە دەدەین ، و ئەو ڕوبارەش پاکلەمە دەکەین کە لە نێوان دێیەکەو شاردایە ، وپێویستە لەسەرتان کاری چاك بۆخۆتان و بۆ وڵاتەکەتان بکەن . هیچ گومانمان لەوەدا نیە کە شۆڕشەکەتانتان خۆش دەوێ و حزبەکەتانتان خۆش دەوێ و بۆ ئەم خاکەتان دڵسۆزن ، ئەم خاکە کە فرمانی بەسەرتانەوە هەیە .

ئەوخەڵکەی دەیانبینن دەڵێن وەزعیان لەوەزعی ئێمە باشترە ، ئێمە بەر لە پێنج هەزار ساڵ وەزعمان زۆر لەوان باشتربوو ، باووباپیرانتان بوون کە شارستانیان لە دۆڵی (الرافدین) ەوە بۆ ئەوان برد .. یەکەم شارستانی لەمێژوودا و یەکەم سیستەمی پێشکەوتووی حوکمڕانی کە خزمەتی مرۆڤ و خزمەتی هەموو بەشەریەتی کرد ، وەیەکەم سیستەمی حوکمڕانی کە لە گەردوونداا بووبێ ، لەعراقدا بووە ، مەهێڵن خەڵکی تر لە ئێمە چاکترین ئەوان لەئێوە زیرەکترنین تە ئەمەریکایی یەکان نە سۆڤیەتیەکان و نە چینیەکان و نە زایۆنیەکان لە ئێوە زیرەکترنین ، ئێوە زیرەکترن ، هیچمان کەم نیە ئەوەنەبێ بایەخ بدەین بەکار ، کاتێ کار دەکەین ، بەدڵسۆزیەوە کار بکەین ، کاتێ کە خزمەتی سوپا دەکەین .. بەدڵسۆزیەوە خزمەت بکەین ، کاتێ کە خاکەکەمانمان خۆش دەوێ بە دڵسۆزیەوە داکۆکی لێ بکەین و خۆشماوە بوی و ئەمەش تەنها بەس نیە ، دەبێ خوێندنەوەو نووسینیش فێربین .

ئەگەر ئەمە بزانین لەزۆر کەس دەبینەوەو دەکەوینە بیناکردنی عراق بەجۆرێك دەوری لەخزمەت کردنی خۆی و خزمەت کردنی نەتەوەی عەرەبداو لە خزمەت کردنی مرۆڤایەتیدا وەکو ئەو دەورە بێ کە عراق لەسەروەختی یاووباپیرانی دێرینتاندا هەیبو ، ئەوکاتەی خزمەتێکی زۆریان پێشکەش بە ئینسانیەت و نەتەوەی عەرەب کرد ، لێتانمان دەوێ مندالەکانتان بۆ ڕۆیشتن بۆ قوتابخانەو مەلبەندەکانی لەناوبردنی نەخوێندەواری هان بدەن و ئافرەتان لەمە قەدەغە مەکەن .. کاتێك کە دەخوێننەوەو دەنووسن زیاتر خزمەتی وڵاتەکەتان دەکەن و زیاتر خزمەتی خۆتان دەکەن و زیاتر دەزانن ، لێتانمان دەوێ زیاتر بزانن .. انشاء الله جارێکی تر دێینەوە بۆلاتان و ئەوکاتە زۆر باسی قوتابخانەو نەخوێندەواریمان بۆدەکەن . سلاومان بگەیەنن بەوبرایانەی نەمانتوانێ بیانبینین .

پاشماوەی دەقی وتارەکەی جێگری بەڕێز لە پارێزگای لەهولێر

ئێوە رازی نابن بین بە کۆیلە چونکە نازادن ، لەسەر ئەم تەساسە ، ئێمە دەڵێین : هەموو نەخشەکانی ئیستیعمار ، بێ یەك و دوو ، وەکو نەخشەکانی رابردووی تێکدەشکێنن و بەم جۆرە دەبینن کە شۆڕشەکەتان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو ئامانجەکانی پێش دەکەوێ ، هەروەها ، برایان ، سلاوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش .. سلاوی سەرکردایەتی حزب .. سلاوی سەرۆکی بەڕێز تێکۆشەر احمد حسن البکر .. سلاومان بگەیەنن بە هەموو کوردێکی عراقی دڵسۆزو پێی بڵێن : هیچ ناکۆکیەك نیە لەنێوان ئەوەدا کە کورد ، کوردایەتیەکەی و لەهەمان کاتدا دڵسۆزیش بێ بۆ عەرەبایەتی و ، بەهەموو عەرەبە عراقیەکان بڵێن هیچ ناکۆکیەك لەنێوان ئەوەدا نیە کە عەرەبی دڵسۆزبن بۆ عراق و بۆ عەرەبایەتی خۆیان .. دڵسۆزبن بۆ کوردان .. دڵسۆزبن بۆ کوردایەتیان ..

بەهەموان بڵێن حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست هی هەموو عراقیەکانە ، وەرگاکانی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست ، هەروەکو بۆ عەرەبەکان کراوەیە ، هەروەکو بۆ تورکمانەکان کراوەیە ، هەروەکو بۆ هەر عراقیەکی دڵسۆز کە لەم خاکەو لەم گەلەی خۆش بوێ کراوەیە ، ئەوها بۆ کوردەکانیش کراوەیە .. بەهەموویان بڵێن : سەرکردایەتیەکەتان ئۆتۆنۆمی وەکو ڕێگایەك هەڵبژارد کە گەرانەوەی لێنیە ، ئۆتۆنۆمی بۆیە هەڵبژارد تا مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردمان پێش بخا چونکە بە بیروڕای ئێمە هیچ ناکۆکیەك لە نێوان ئەوئۆتۆنۆمی یە گەشەکردوە بەرەوپێشەوە چوەدا نیە کە تەواوی مافە نەتەوەییکانی کوردان مسۆگەردەکرد لەنێوان عراقیەتی کوردان لەعراقێکی یەکگرتووی گەشەکردوودا کە حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست ، وەکو بنکەیەکی خەباتگێڕانە ، سەرکردەیی دەکا .. سلاومان بەهەموویان بگەیەنن و بەبۆنەی ئەم جەژنانەوە پیروزبایی یان لێ بکەن .. و ئاواتە خوازی سەرکەوتنی هەموو تانین بەرەو وەدی هێنانی ئامانجەکانی نەتەوەکەتان و گەلەکەتان و السلام علیکم .

پاشماوەی بەڕێز صدام حسین

ئامادەبوون باسی ئەوەمەنگاوانە کراوە کە لەڕێگای یەکبوونی هەردوو وڵاتی برادا نراوە لەبەر ڕۆشنایی میساقی هاوبەشی کاری نەتەوەیدا .

ئا د ع

پاش ئەوەی جێگری بەڕێز وتارەکەی تەواوکرد ، ماوەیەکی کورتی لە ئیسراحەتگەی هاوینەهەواری صلاح الدین رابوارد .. پاش ئەوە ، بەناوەڕاستی جەماوەردا تێپەڕی ، کە بۆ شۆڕش و سەرکرایەتیە تێکۆشەرەکەی هاواریان دەکردو سلاویان لەبەڕێز سەرۆك احمد حسن البکرو جێگری بەڕێز دەکرد.

پاش ئەوە ، بەڕێز صدام حسین هاوینەهەواری صلاح الدینی بەرەو بەغدا بەجێ هێشت و لەلایەن هاوڕێ عبدالله فاضل ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بەڕێز خالد عبد عثمان وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کارڕێکخستن لەگەڵ دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی داو بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان و هاوڕێ رازیاری سەرکردایەتی لقی باکووری حزب و ئەمینداره گشتی یەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنەوە بەڕێخرا .

جەماوەر ، بە هوتاف کێشان بەژیانی حزب وشۆڕش و سەرکردایەتی ژیری ، شادی گەورەی خۆی بەبۆنەی ئەم دیدارە میژوویی یەوە دەربڕی وسووری خۆی دووپات کردەوە لەسەر بەردەوام بوون لەتێکۆشاندا لەپێناوی پاراستنی شۆڕش و دوسکەوتەکانی دا .

ئەوەی شایانی باسە هەزاران هاووڵاتی لەبەیانی زووەوە بەرەو جێگەی ئاهەنگ (کێڵانە کە چووبون کە بەوێنەی بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکرو جێگری بەڕێزو ئاڵای عراق و سەدەها لافیتە کە سلاویان لە دەسکەوتەکانی شۆڕش و جەژنی نەوروز دەکرد رازابوەوە .

هاووڵاتیان ، دەستە دەستە لەوناوە بە هەڵپەڕکێ و گۆرانی میللی یەوە خەریك بوون ، لەکاتێکدا ڕێکخراوە جەماوەریەکان کە جێگای تایبەتیان بۆدانرابوو ، چالاکی هونەری و سروودی نیشتیمانیان دەووت .

پاشماوەی شاعیرێکی فەرامۆش

هەروەها ووتی : لەبەر ئەوەی سەردەمی ژیانی موفتی پێویستی بەڕاپەڕین و خۆئامادەکردن بوە بۆتێکۆشانی ڕزگاری نەتەوەکەمان لەڕووەوە کەم و کوڕی ناتەواوی ناو کۆمەڵگای گەلی کوردمان بۆتە خەمێکی هاوبەشی موفتی و بەشەوو ڕۆژ ئارامی نەبوەو لێکی داوەتەوە وزۆر جار تووشی سەرئێشەی کردووەو لە کوشتنەوە نزیکی کردۆتەوە ، دیسانەوە ووتی : موفتی هەمیشە وستویەتی تێکۆشان و نەشتەری خەبەرکردنەوەی هەستی سۆزی نیشتمان پەروەری لە کۆمەڵگاو قەرەباڵەغ ترین شوێنی گەورەدا سەرف بکات و هەربەم نیازەش بۆ خوێندن چووەتە دێی بیارەو ئەوێی هەڵبژاردوە کە شێعرەکانی بەزوربەی خوێنەرانی بگەیەنێت چونکە لەوکاتەدا بیارە بەهۆی شێخی حسام الدین و شێخەکانی تری تەوێلەوە جێگاو قوتابخانەیەکی ئاینی ڕۆشنبیری بووە . هەروەها ووتی : ئەم شاعیرە گەلێ جیاوازی هەیە لەگەڵ هەندێ شاعیری تری سەردەمی چونکە شیعرەکانی موفتی لە خەقێ یەتیەوە پێ گەیشتوون چونکە شیعرەکانی موفتی مۆرکی هەستو بیری شاعیری میللی مامۆستا قانیعی پێویەو لەزۆر ڕووەوە یەکگرنەوە دەگرنەوە .

دوابەدوای ئەم بیرەوری و ووتارانەی سەرەوە لەلایەن کاك حسین حاجی مەلاوە هەر بەم بۆنەیەوە پارچە شیعرێك خوێنرایەوەو لەشیعرەکەیدا داوای دەکرد لە شاری پێجوێن دا پەیکەرێکی بۆ ئەم شاعیرەمان دروست بکرێت .

دوای ئەمەش ئۆپەرێتی گفت و گۆی نێوان مفتی و گیلاسی کچی لە لایەن کۆمەڵێك منالانەوە بەسەرپەرشتی کاك خالد سەرکار پێشکەش کراو لە کۆتایدا ووتاری بنەماڵەی شاعیر لەلایەن کاك عبدالکریمی کوری یەوە خوێنرایەوە تیایدا سوپاس گەرمی ڕۆشیری جەماوەرو هەولایەکی کرد کە ئەم دەرفەتەیان خولقاندو هانی دەدان کە تەم چەشنە ئاوڕداتانەوە نمونەی زیادیکرێتو دواجار پێچ خشتەکی یەکی باوکی لەسەر پارچەشیعرێکی ئەحمد مختار رجان لەخەوهتنی بەدەنگێکی تواوەوە خوێندەوە .

بۆزانین

لە پرۆژەکانی نەخشەی بەرەپێدانی نەتەوایەتی - بەرنامەی ڕەنیوهێنان ئەمینداریەتی گشتی کاروخانەسازی - قۆناغی نهێنی ژمارە ٩٧٩/١ بۆ دروستکردنی کارگەی چاککردنی مەکینەو ئامێر لە دهوك .

ڕادەگەیەنین کەوا ئەم قۆناغە نهێنیەی سەرەوە بەم مەرجانەی خوارەوە هەیە.

١ - نەتوانرێت کۆمەڵە ئیستمارەی مەرجەکانی قۆناغەکە لە مەڵبەندی ئەم بەڕێوەبەرێتی یە یا خود لە بەڕێوەبەرێتی کاری پارێزگای دهوك دەست بکەوێت بەرامبەر بە (٢٥) بیست و پێنج دینار کە نادرێتەوە بە مەرجێك قۆناغەکە مەرجە گشتی و مواسەفاتە هونەری یەکان بگرێت کاتێك قۆناغەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ .

٢ - دوا ماوە بۆ پێشکەش کردنی تەندەرەکان لە یاپێش کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆ ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٣-٤-٩٧٩ ئەبێت وئەدرێت بە سکرتێری لێژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە مەڵبەندی ئەم ئەمینداریەتی یەدا .

٣ - ئەمانەی خوارەوە ئەبێت لەگەڵ تەندەرەکاندا هەبن : -

أ - بارمتەی سەرەتایی بە دە هەزار دینار لە شێوەی کە فالەتی بانق یا چەکێکی مۆرکراو لەگەڵدا بێت بۆ ماوەی شەش مانگ بە کار دێت لە ڕۆژی داخستنی قۆناغەکەوە .

ب - پێناسی ژووری بازرگانی لەگەڵ بەڵگە نامەیەك کە لە بەڕێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەر چووبێتو بۆ ئەم ساڵ تازە کرابێتەوە .

جـ - بەرنامەی ئەو کارانەی لەمە ئەچن .

د - پێناسی پلەی ئەو قۆناغەراتچیانەی کەوا لە پلەی حەوتە من بۆ ئەوەی بتوانێت لە قۆناغەکەدا بەشداری بکات بە پلەیەك لە پلەکەی خۆی بەرزتر بێت .

٤ - هەرتەندەرێك لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا پێشکەش ئەکرێت یا هەموو مەرجەکانی تێدا نەبێت پشت گوێ دەخرێت .

٥ - ئەم بەڕێوەبەرێتی یەبەوەوە پایەند نیە بە نزمترین تەندەر لە ڕووی نرخەوە یا هەر تەندەرێکی تر قبوول بکات .

٦ - هەر ڕۆژێکی دواکەوتنی کار پەنجا دینار سزا ئەدرێت .

٧ - ماوەی بە جێهێنانی تەندەرەکە شەش مانگە لە ڕۆژی پێشکەش کردنی تەندەرەکان .

٨ - پێویستە قۆناغەراتچیەکان نەخشەکان لەگەڵ تەندەرەکانیاندا بهێننەوەو نەخشەکان تەنیا ئەدرێتە ئەو قۆناغەراتچیەی کەوا قۆناغەراتەکەی بۆ دەر ئەچێت .

٩ - پێویستە قۆناغەراتچی پولیکی (٢٥٠) فلس بە تەندەرەکەوە بلکێنێت .

١٠- ئەگەر تەندەرەکان لە ناو زەرفێکی داخراودا نەبن پشت گوێ دەخرێن ورەفز دەکرێن .

١١- لە بە جێهێنانی قۆناغەراتەکە پشت بە مەرجە گشتی یەکانی کارو باری ئەندازیاری مەدەنی بە هەر دوو بەشی یەکەم و دووەمیەوە ئەبەسترێت .

١٢- هەر سل کردنەوەیەك لە لایەن قۆناغەراتچی لە نێو تەندەرەکاندا بنووسرێت پشت گوێ دەخرێت ..

١٣- پێویستە قۆناغەراتچی کاتێك قۆناغەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ ئەندازیاریکی سەرپەرشتی کەر دابنێتو بەدەوامێکی تەواوئیش بکات .

١٤- پێویستە قۆناغەراتچی کاتێك قۆناغەراتەکەی بۆ دەر ئەچێت عەمبارێك یا چەند عەمبارێك بۆ پاراستنی چیمەنتو ئامادە بکات .

شیروان علي امین
ئەمینداری گشتی
کاروخانەسازی

بەیاننامەی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٧٩

لە بەر بەرژەوەندی گشتی و لە پێناوی ئەوەی هاووڵاتی بەشتومەکی ناو بازاڕدا بناسرێت لە لایەن نرخ و پێك هاتن و مواسەفاتەکانی بڕیارمان دا کەوا پێویستە لەسەر خاوەن کارگەو هەموو بەرهەم هێنەرەکان بەم تەعلیماتانەی خوارەوە بەرێوە بچن .

١ - تۆمار کردنی ئەم تەعلیماتانە کەوا لە خوارەوە باس کراوە لەسەر شتومەکە کەو بە شێوەیەکی دیارو ئاشکرا لە بەردەم کڕیارەکە .

أ - نرخی شتومەکە کەو پێك هاتن و مواسەفاتەکانی بەزمانی عەرەبی و شێوەیەکی ئاشکراو چەسپاوو دانانی ژمارەی نرخەکەی .

ب - ناوی کارگە یا دوکان و ئەو نیشانەی بەرهەمەکە دیاری ئەکات .

جـ - پێوانەی شتومەکەکەو قورسایی و ژمارەی لە هەر قوتویە کدا .

د - ڕۆژی تەواو بوونی بەکار هێنانی شتومەکەکە بەرێژەی ئەو مادداناەی کەوا پێویستیان پێ ئەبێت .

هـ - نمرەی چەشنیەتی و چاکێتی ئەو شتومەکانەی کەوا دابەش کراوەتە سەر چەند بلەیەك .

و - دەستەواژەی [لە عراق دروست کراوە] .

٢ - ئەو تەعلیماتانەی لە بڕگە (١) کەلەسەرەوە باس کراوە بەم ڕێگانەی خوارەوە وبەپێی پێویستی تۆمار ئەکرێن :-

أ - لەسەر بەرگی دەرەوەی شتومەکەکە نرخەکەی دابنرێت .

ب - ڕاستەوخۆ لە سەر شتومەکەکە تۆمار بکرێت .

جـ - لە سەر شرێتێکی کاغەزین لەگەڵ پارچە قوماشێك ئەپێچرێت یاخود لەسەر گۆشەیەکی مادەکە دیاربێت کەوا قوماشەکەی پێوە ئەپێچرێت .

٣ - پاراستنی ئەو نموونانەی کەوا نرخەکانیان دیاری کراوەو بە مۆری بەرێوەبەرێتی چاودێری گشتی بازرگانی بەشی نرخ دانان مۆرکراوە هەتا هەموو ئەو شتومەکانەی کەوا لە بازاڕدا هەیە تەواو ئەبێت .

٤ - لەسەر لیستەی فرۆشتن ئەمانەی خوارەوە تۆمار بکرێت .

نرخی شتومەکە کەو ئەو چەندیەتەی کەوا فرۆشراوەوە قورسایی و نیشانەکەی ئەگەر بۆی دانرا بێتو بەپێی ئەو جیاوازیانەی کەوا دادەنرێت بۆ حیساب کردنی فەرقی نرخەکان .

٥ - کاتێك خاوەن دوکان و ئەو کارگانەی بەرهەم ئەهێنن تاونیشانیان ئەگۆڕێت پێویستە ئاگاداری بەشی چاودێری بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی بکەن .

٦ - بە کۆمەڵ یا بە تاکە نابێت شتومەکەکان بفرۆشرێت بە نرخێك جگە لەو نرخەی کەوا بۆی دانراوەو ئەبێت موافەقەتی وەزارەتی بازرگانی وەربگیرێت .

٧ - پێویستە لەسەر هەموو بەرهەم هێنەرەکان و ئەوکەسانەی ئەبانگرێتەوە ئەم تەعلیماتانەی خوارەوە جێ بەجێ بکەن و ئەوەی سەر پێچی بکات بە پێی دەستەلاتی یاسای ڕێکخستنی بازرگانی ژمارە ٢٠ ساڵی ١٩٧٠ چاککراو سزا ئەدرێت .

٨ - ئەم بەیاننامەیە لە ماوەی دوو مانگ لە ڕۆژی بڵاو کردنەوەی لە دوو ڕۆژنامە ناوخۆیی یەکان جێ بەجێ ئەکرێت .

حسن علي
وەزیری بازرگانی

Institut kurde de Paris

حزب بۆئەوە هات کە عیراقێکی گەشاوەی پڕ لەیەکسانی پێك بهێنێ

پاشماوەی وتارەکەی جێگری بەڕێز / لەلاپەڕە «٢»

تێبکۆشێ لە پێناوی مافەکانی گەلی کوردمان لە پێناوی ئۆتۆنۆمیداو پەرەپێدانی ئۆتۆنۆمی‌و بەرەوپێشبردنیەوە . هەروەها هیچ دژایەتیەك نی‌یە لە نێوان کوردایەتی کوردی عیراق‌و لە نێوان چوونە ناو نەتەوەی عەرەبەوە چونکە ڕێگەی پەیوەندیی کورد بە عەرەبەوە ڕێگەی کوڕی دە ساڵو بیست ساڵو سەد ساڵو پێنج سەد ساڵو هەزار ساڵ نی‌یە بەڵکو لەمە درێژترەو وەکو گەلێك بۆ دەهەزاردەچێ .

مێژووەکەتان بەبیر دەخەمەوە ، هەموو سەرکردەکانی عیراق لەگەڵ ئەوانەی کە فەلەستینیشیان لە سەردەمە کۆنەکاندا رزگارکردبوو ، عیراقی بوون .. هەندێکیان لە باکووری عیراق بوون‌و هەندێکیان هی ئیرەبوون‌و لە خاکی کوردستان بوون بەڵام ڕۆیشتن بۆ قودس ..نەچوونە قودس بۆ رزگارکردنی فەلەستین کە تەنیا نوێنەری کوردن‌و .. نەچوونە فەلەستین پێش ئیسلامەتی بۆ رزگارکردنی فەلەستین لەبەرئەوەی کە کوردن‌و بەس ، بەڵکو چوونە ئەوێ تاوەکو فەلەستین رزگاربکەن وەکو کوردی عیراقی کە بەشێکن لەگەلێك کە ناوی گەلی عیراقە ئەم گەلەش بەچەند پەیوەندیەك‌و بیروباوەڕێکی ئاشکرا بە هەموو نیشتمانی عەرەبەوە بەستراوە.

ئەوەروەها جێگری بەڕێز دووپاتی کردەوە کە هیچ دژایەتیەك لە نێوان کوردو بەعسی نی‌یەو هەموو کوردێك هەربە کوردە دەمێنێتەوەو باوەڕی بە نەتەوە کوردی‌یەکەی دەبێ‌و ئێمەش باوەڕ بە نەتەوە کوردی‌یەکەی دەکەین ، هەروەها هیچ دژایەتیەك لەوەدا نی‌یە کە مرۆڤ لە ناخەوە عیراقی‌یێ‌و بۆ نیشتمانێکی یەکگرتووی گەشە سەندو سەربەخۆ دلسۆزبێ.. لە هەمان کاتدا دەبێتە عیراقیەکی کوردو عیراقیەکی عەرەب‌و عیراقیەکی تورکمان‌و لەنێوان عیراقی یەکاندا جۆرەها ئاین‌و تایفە هەیە‌و ئەو نەتەوانەی کە لە ناوئێمەدا هەن کەمترن لەوانەی کە لە بەشی هەرە زۆری دەولەتەکانی جیهانیدا هەن . لە هەندێ دەولەتانی جیهاندا بە سەدەها نەتەوە هەیە بەڵام بوونەتە گەلێك‌و لە سایەی گەلێك‌و دەولەتێك‌و لەسایەی بارودۆخێکی ئاشتیانە‌و بنیادنانی هاوبەشیانەی دەولەت هەموو مافەکان تێدا گەشەدەسێنێ .

ئەو کاتە بەسەرجوو کە بتوانرێ مەفاهیمی هەڵە لادەرانە یاخود خیانەتکارانە بەسەر گەلە تێکۆشەرە نەبەزەکەمان لە کوردستاندا یاخود بەسەر بەعسی‌یەکانمان یان هەربەشێك لە خاکی عیراقدا تێبپەڕێنرێ .

● با عیراقێکی گەشەسەندو بنیادبنێین ●

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە پێکەوە عیراقێکی سەر بەخۆو گەشەسەندو بنیادبنێین کە لە گەل هەموو دەولەتەکانی جیهاندا لە سەر بناغەی هاوسانی بەرژەوەندی هەردوولاو بەبێ مل‌کەچی‌و کلکایەتی مامەلە مل‌کەچی‌و ئەوە هاتوە هەریەکێ لەئێمە بەشەرەفەوە کار بۆ عیراق بکات‌و چاودێری‌بکات‌و بەرگری لە عیراق بکات‌و تێبکۆشی کە عیراق بەگەل‌و خاك‌و مێژوو هەروەها لە پاشەڕۆژیشدا بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە .

لەهەمان کاتدا ئەم وتەیە ئیرەوە (لە کوردستان) داو لە شاری سلێمانی خۆشەویستدا . ئاراستەی هەموو مرۆڤێکی عیراقی دەکرێ کە بیەوێ لە هەڵوێستە هەڵە کۆنەکانی بگەڕێتەوە ، بۆهەموو مرۆڤێکی عیراقی کە لە ناخیەوە ئەم خاکەو ئەم گەلە خۆشدەوێ‌و بڕیاریداوە کە لە هەڵوێستە کۆنەکانی بەشیمان دەبێتەوە .. ئێمە بە ناوی سەرکردایەتی یەوە رایدەگەیەنین کە هەموو شتێکی کۆن ڕۆیشتوەو جارێکی‌تر گەڕانەوەی بۆ نی‌یە ، ئەگەر وابزانن کە ئێمە شوێن پێی هیچ دولەتێکی جیهانی کەوتووین ئەوان بە هەڵەدا چوون‌و ئێمە شوێن پێی هیچ کەسێك ناکەوین تەنیا خۆمان‌نەبێ‌و ئێمە بڕیار لەسەر بەرژەوەندی عیراقی یەکان دەدەین وەکو ئەوان بیانەوێ هەتا ئەگەر گریمان عیراقی‌یەکان لەبڕیارێکدا هەڵەبان‌کردو بە هەڵە داوای شتێك دەکەن ئێمە لەگەڵیانین ، بەڵام نابێ لەگەڵ هیچ بێگانەیەك بین ، دۆست‌بێ یان دۆست نەبێ، تەنیا لەسەر بناغەی بەرژەوەندی عراق نەبێ،چونکە هەر بێگانەیەك ، دۆست با دۆست نەبێ مەحەڵە ڕیزی کەسێك بگرێ تەنیا ئەو جۆرە کەسانە نەبێ بۆچی ؟ چونکە ئەویش لەکاتی مامەڵەکردن لە گەل ئێمەدا ، لەسەر بناغەی بەرژەوەندی گەلەکەی یاخود بەرژەوەندی‌یەکانی ولاتەکەی مامەڵەمان لەگەڵدا دەکات .بۆچی بێگانە مامەڵەمان لەگەڵدا دەکات ، لەسەربناغەی بەرژەوەندیەکانی گەلەکەی‌و بەرژەوەندیەکانی وولاتەکەی‌و ئێمەیش مامەڵەی لەگەڵدا نەکەین لە سەربناغەی بەرژەوەندیەکانمان هی گەل‌و خاك‌و دواڕۆژو ئێستا ؟ بە هەموو عیراقیەکان دەڵێین بەبێ‌جیاوازی‌کردن .. بەبێ‌جیاوازی‌کردن لە نەتەوەو ئایین‌دا یان لە هەر اعتبارێکی تردا ئەوان هەموویان عیراقین ... هەموویان ڕۆڵەی خاکی ئەم نیشتمانەن ئەوانەیان نەبێت کە بە جۆرێك ڕەوشت دەکات لەسەر بناغەی بڕوانەکردن بە خاکی ئەم‌نیشتمانە..بێ‌گومان ئەگەر هاتوو هەر هاوولاتی‌یەکی عیراقی بە چەشنێکی نادلسۆزی بۆ خاکی ئەم نیشتمانە ڕەوشتی‌کرد ئەوا ئێستە قبوول ناکەن لێمان لەو ڕەوشت‌کردنەی بێ‌دەنگ‌بین چونکە عیراق کەشتی‌یەکی گەورەی هەموو عیراقیەکانە جا هیچ کامێکیان مافی ئەوەیان نی‌یە ئەو کەشتی‌یە کون بکەن لەو بەشەی خۆیان کە لە سەری دادەنیشن تاکوو کەشتی‌یەکە بەتەواوەتی نوقوم‌ببێت ، چونکە کەشتی‌یەکە هی هەمووانەو سوودلێ‌وەرگرتنی لە سەربناغەی ئارەزووی جەماعی‌و بڕیاردانی جەماعی‌یەو لەهەر کوێ زۆربەی گەلەکەمان هەبێت ئێمەیش هەین ، لە هەر کوێ زۆربەی گەلەکەمان لە کوردستان هەبێت ئێمەیش هەین .

لە ساڵی ١٩٧٤دا هەندێك خەڵك پێیان‌ووتین ڕێ بە هاوولاتیان مەدەن بچنە ڕیزی مەلا بەرزانی‌یەوە ،خوای لێ‌خۆش‌بێت مردوو دەبێت بێ‌ی‌بووترێت خوای لێ‌خۆش‌بێت .. ئێمە ووتمان نا .. مادامەکێ بەشێك لە گەلەکەمان دەیەوێت بڕوات با بڕوات ، ڕۆژێك دێت بۆی دەردەکەوێت ڕۆیشتنەکەی هەڵە بووەو بۆ نیشتمان‌و خاکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گەلەکەی دەگەڕێتەوەو بۆ خودی خۆی دەگەڕێتەوە .

● شۆڕش هی هەمووتانە ●

بەم جۆرەیش ئەمڕۆ ئەی برایان ، شۆڕش هی هەمووتانە لە کوردستان‌و لە هۆزی میسان‌و لە هۆزی ناسریە ، هەموو وەك‌یەك، هەروەها دیسان بەم جۆرەیش بەعسی عەرەبی سۆشیالیست هی هەمووتانە . بەڵام چوونەڕیزیەوە هەرکەو ئارەزووی خۆیەتی ، ئەوەی ناچێتە ڕیزی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی‌یەوە هەر بە عیراقی دەمێنێتەوەو هیچ مەرجێکی وا لە سەر هاونیشتمانیەتی نی‌یە جگە دلسۆزی بۆ نیشتمان نەبێت‌و بەگۆڕانەچوون لە گەڵ شۆڕشدا ، کەچی چوونە ڕیزی حزبەوە ئبختیاری‌و سەربەستانەیەو زۆر لە هیچ کەسێك ناکەین بچێتە ڕیزەوە بەڵام نابێت ڕێ لە هیچ کەسێك بگرین بیەوێت بچێتە ڕیزی حزبەوە ، عیراقی‌ی دلسۆز ئەوەی دەیەوێت بچێتە ڕیزەوە پێ‌ی‌بڵێین نابێت بچێتە ڕیزی حزبی بەعسەوە لەبەر ئەوەی تۆ تورکمانیت یان کوردیت ، شتێکی ئاشکرایە ئەوانە وایان‌دەوێت بۆ ئەوەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست نەبێتە حزبی عیراقیەکان ..

بەڵام حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ناکرێت مەبدەئەکانی پێ‌شێل‌بکات ، چونکە مەبدەئەکانی دەڵێت کە ئەو حزبی هەموو گەلە بەبێ جیاوازی‌کردن . لەبەر ئەمەیشە ئەی برایان دەبێنینەوە هەروەکوو چۆن لەمەوپێش چەند جارێك ووتوومانەتەوە کە بڕوامان بە ئۆتۆنۆمی وەك قۆناغێکی کاتی‌یانە نی‌یە ، ئێمە بڕوامان بە ئۆتۆنۆمی‌یە لەبەرئەوەی دلسۆزی ئۆتۆنۆمیین ، لەبەرئەوەی دلسۆزی گەلی کوردمانین ، ئێمە ئۆتۆنۆمیان دەوێت بەڵکوو ئێمە ڕۆژ لە دوای ڕۆژو سال دوای ساڵو مانگ لە دوای مانگ بۆپێشەوە دەرە بە ئۆتۆنۆمی دەدەین بۆ ئەوەی گەلی کوردمان بە تەواوەتی خواستی سەربەستانەی هەبێت نوێنەرەکانی چۆن خۆی بیەوێت هەڵبژێرێت‌و شێوازی دەربڕینی نیشتمانیانەی دڵ‌وگیانی لە پێناوی عیراقدا بەپێ‌ی خواستێکی سەربەستانە هەڵبژێرێت .

لەبەرئەمە ئەو خەڵکانەی کە پێتان‌دەڵێن بەعسی‌یەکان عیراق‌و عیراقیەکان بین‌و بڕوایان بە ئۆتۆنۆمی نی‌یە من بەسەرهاتێکی مێژوویانەتان پێ‌دەڵێم کە هێشتا کەسەکانی ماون ، ئەوەبوو لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٩دا دارا توفیق لە کۆشکی کۆماریدا سەری‌لێ‌دام ئەوکاتەش بارو دۆخ لە ناوچەی کوردستان‌دا نا ئاسایی‌بوو ، ووتی : دەمانەوێت گفت‌و گۆ بکەین‌و دەمانەوێت کاروبار چارەسەر بکەین ،پیم‌ووت: گوێت لێ‌دەگرین . ووتی : دەمانەوێت ئابلۆقەدانی ئابووری لابەرن‌و ، دەمانەوێت مووچەخۆرە لەسەر کار لابراوەکان بگێڕنەوە سەر کاروبارەکانیان .. پیم‌ووت : هەر ئەوەندە ، ووتی : بەڵێ هەر ئەوەندە . ووتم : نا .. گەلی کورد لە پێناوی ئەوەدا شۆڕشی بەرپا نەکردووە تاکوو خەڵکی لەسەر کاروبارەکانیان دەربکرێن ئەنجا یەکێك‌بێت بیانگێڕێتەوە بەڵکوو لەوێدا مافی ئەتەوایەتی هەیە ئێمە واسەیری‌دەکەین کە ڕەوایە لەپێناوی یەکێتی‌ی عیراقدا بەڵام پێچەوانەی ئەوەو دەبێتەوە ئەگەر هاتوو بوو بە بناغەیەك بۆ جوداکردنەوەی هەر بەشێك لە عیراق .

بڕوایش ناکەم تەنیا کوردێك هەبێت دلسۆزی کوردەکان بێت بیەوێت کوردەکان لە عەرەبەکان دابڕێت ... بیەوێت بەشێك لە خاکی عیراق لە هەموو عیراق دابڕێت ، ئەدی بۆچی بەشێکی بچووکی مێژوو وەردەگرێت؟ . بۆچی هەموو مێژووی عیراق وەرناگرێت‌و بۆچی بەشێکی بچووکی خاکی عیراق وەردەگرێت؟ بۆچی هەموو عیراق وەرناگرێت ؟ بۆچی بەشێکی بچووکی بەرهەمەکانی عیراق‌و خێرەکانی عیراق وەردەگرێت؟ بۆچی هەموو لە هەموو خێراتی عیراق وەرناگرێت‌و ، کە لە هەمان کاتدا لەسەر خاکی کوردستان مافە ئەتەوەیی‌یە کەشەسەندووەکانی گەلی کوردمان دادەمەزرێنێت ؟ پیم‌ووت بۆ لای سەرکردایەتی‌یەکەتان بگەڕێوەو پێیان‌بڵێ : نوێنەری سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست وەها دەڵێت . ڕۆیشت‌و گەڕایەوە، کاتێك لێم‌پرسی نەیدەویست بڵێ ئۆتۆنۆمی لای‌وابوو ئێمە دەتۆرێنین‌و گفت‌و گۆیش لێك‌دەچێت . پێمان‌ووت :نا .. ئەگەر ئێمە دلسۆزی عیراق‌و عیراقیەکان بین‌و ئەگەر ئێمە بمانەوێت کوشتاری نێوان برایان دوایی پێ‌بهێنین پێویستە لەگەڵ گەلەکەمان‌و لەگەڵ‌خۆمان‌دا ڕاشکاوو ڕاستگۆ بین ، لەبەر ئەوە ئێمە وای بۆ دەچین کە پێویستە ئۆتۆنۆمی لە کوردستان‌دا دابمەزرێت ، لەمەیشدا هیچ دژایەتیەك لە نێوان عیراقی یەکگرتوو و لە نێوان کوردستان‌دا کە ئۆتۆنۆمی تیادا دامەزراوە نی‌یە .

کەواتە ئۆتۆنۆمی لە ئەنجامی شێوازێکی گفت‌و گۆکردنەوە نەبووە بەڵکوو لە پلەی یەکەم‌دا بە خواستی شۆڕشەکەتان هاتووەتە کایەوەو لە پلەی یەکەم‌دا بە خواستی حزبەکەتان هاتووەتە کایەوە .

هەروەها بە سەرهاتێکی تر .. ئەوەبوو برایان لە سەرکردایەتی دیموکراتی کوردستاندا لە ساڵی ١٩٧٤دا، ئەوەبوو لە گەڵیاندا پێك‌کەوتبووین کە دوای چوار ساڵ بەسەر مۆرکردنی بەیاننامەی (١١) ئادارادا پێویستە ئۆتۆنۆمی ڕابگەیەنرێت .. ئەوەبوو هەوڵیان دەدا ئۆتۆنۆمی دوابخەن‌و چەند جارێك زۆر تکاپان کرد مادامەکێ ڕێککەوتووین با ئۆتۆنۆمی دوابخەین .. ئێمەیش ووتمان تا ، ئێمە بەڵێنمان بە گەلی کوردمان داو بەڵێنمان بەهەموو گەلی‌عیراقمان دا کە لە (١١)ئاداری ١٩٧٤دا ئۆتۆنۆمی ڕادەگەیەنین ، جا لەبەر ئەوەیە پێویستە ئۆتۆنۆمی ڕابگەیەنین . بەم جۆرەش بوو ئۆتۆنۆمی لە (١١) ئاداری ساڵی ١٩٧٤دا ڕاگەیاندرا ، ئەمە بوو وەستم لە بارەیەوە لە گەڵتان بدوێم لەکاتێك‌دا ئێمە پێکەوە ئاهەنگ دەگێڕین بە یەکێك لەو دەستکەوتە مەزن‌و گەورەیانەی هەموو گەلی عیراقمان‌و هی گەلی کوردمان بە تایبەتی .. وەك یەکێك لە بەرهەمەکانی شۆڕشەکەمان شۆڕشی مەزنی تەمووز .. جا تکاوایە ئەم بۆچوونانەو ئەم وتەیە بگەیەننە هەموو کوردێکی عیراقی لە گەل سلاوی سەرکردایەتی‌دا .. هەروەها تکاوایە بچن ئاهەنگەکانتان بگێڕن تاکوو ئێمەیش لە گەڵتان‌دا بە شێوەیەکی ئاسایی ئاهەنگ بگێڕین ، ئەو چالاکی‌یانە ببینن کە بڕیارتان لەسەردراون‌و وایش بکەن ئێمەیش لە گەل ئێوەدا چالاکی‌یەکانتان ببینین.

پاش‌ئەوە جێگری بەڕێز بەرەو ناوچەی بەستۆرە لەسەر ڕێگای هەولێر‌و هاوینەهەواری صلاح‌الدین ڕۆیشت‌و هاوڕێ عبدالله فاضل ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و بەڕێز خالد عبد عثمان وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کارڕێکخستن لەگەڵ دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی‌و بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن‌و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان‌و هاوڕێ ڕازباری سەرکردایەتی لقی باکووری حزب‌و ئەمیندارە گشتی‌یەکانی بەڕێوەبەرایەتی‌یەکانی ڕاپەڕاندنی لەگەڵدابوون . هەرکە جێگری بەڕێز گەیشتە جێگەی ئاهەنگ گێڕانەکە ، بەڕێز بهاء الدین احمد پارێزگاری هەولێری لەپێشوازیدابوو .

جێگری بەڕێز وتارێکی بۆ ئەوجەماوەرە دا کە لە ناوچەی بەستۆرە کۆبوو بوەوەو ئەمەش دەقەکەیەتی :

برایانی هەولێر بەناوی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕشەوەو بەناوی سەرۆکی بەڕێز احمد حسن البکرەوە، سلاوتان لێ‌دەکەم ،کاتێك لەمڕۆدا پێکدەگەین ،ڕۆژی ئاهەنگ‌گێڕانتان بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە ، جەژنی خێرو بەخشش ، ئەوجەژنەی کە بەشێك لە ئاواتە نەتەوەیی‌یەکانتان دەنوێنێ ، لەهەمان کاتدا کە بەشێك لەبیروڕا گرنگەکانی شۆڕشەکەتان ، شۆڕشی مەزنی تەمووز ، دەنوێنێ ، بەم جۆرە ئەمڕۆ بەبەختەوەریەکی سەرتاپاگیرەوە ، لەسەر خاکی کوردستان خاکی نەبەردی عراق ، ئاهەنگ دەگێڕن .

برایان ، لەکاتێکدا کەلەم جێگایەدا ئاهەنگ دەگێڕن‌و ئێمەش لە گەڵتاندا ، لەجیاتی سەرکردایەتی حزبەکەتان‌و سەرکردایەتی شۆڕش ،ئاهەنگ دەگێڕین ، لەهەمان کاتدا حوکمڕانێکی خائنمان دێتە بەرچاو کە خیانەتی لەنەتەوەی عەرەب کردو .. خیانەتی لە مەبدەو لە مێژوو کردو خیانەتی لە پەیامەکە کرد ، هەوڵدەدا ئاشتی لەگەل ئەو دوژمنە زایۆنیەدا ئیمزا بکا کە بەشێکی لە شتە پیرۆزەکانتان داگیرکرد .. هەروەکو بەبڕاکانتان ڕۆڵەکانی پارێزگای میسانمان ڕت ئەوحوکمڕانە زۆرلێ ئیرادەی گەل نازانێ‌و هەوڵی ڕەزامەندی گەل نادا ، چونکە ئەگەر هەوڵی ڕەزامەندی گەلی بدایە، ئەگەر بەسەر ڕیبازی گەلدا بڕۆیشتایە ، ئەم‌کارە ناشیرینەنەدەکرد .. چونکە فەلەستین مێژووی عەرەب‌و مێژووی موسوڵمانەکان‌و شتە پیرۆزەکانی عەرەب‌و شتە پیرۆزەکانی موسوڵمانانی تێدایە .

لەبیرتانە ، یاخۆ هەر نەبێ خوێندوتانەتەوە کە فەلەستین زیاتر لە جارێك لەلایەن هەندێ پاڵەوانی ئازاوە رزگارکراوە کە لەم سەرزەمینە لەدایك‌بوون . . لەسەر خاکی عراق لەدایك‌بوون‌و لەم سەرزەمینە پاکەوە لێشاوی سوپایان ملی‌نا تا خاکی فەلەستین رزگار بکەن ، ولەمانە نبوخذ نصری بابیرەتان‌و صلاح الدینی ئەیوبی بابیرەتان .

کاتێك ، ئەی‌برایان باسی مێژووتان بۆدەکەین ،مەبەستمان تەنها ئەوە نیە باسی هەندێ ڕووداوی ڕابردوو بکەین ، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە بەشێوەیەکی هەمیشەیی گیانی مێژووتان بێنینەوە بەرچاو، تا ئەوەتان بێتەوە بەرچاو کە ئەوباوپیرانەتان لەسەر ڕووی ئەم‌خاکە لەدایك‌بوون وئێوەش ڕۆڵەی ئەم‌خاکەن‌و ئەو ئۆبالەی کە جاران لەبارەی رزگارکردنی فەلەستینەوە کەوتە ئەستۆی باوپاپیرانتان ، ئێستا بۆ هەمان ئەرك، واتە رزگارکردنی فەلەستین ، دەکەوێتە ئەستۆتان. ئەم ئۆبالەتان دەکەوێتە ئەستۆ چونکە ئێوە ڕۆڵەی هەمان عراقن‌و لەبەر ئەوەی ئێوە ڕۆڵەی شۆڕشی مەزنی تەموززن‌و چونکە ، هەروەها، ڕۆڵەی تێکۆشەری حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستن کە سەرکردەیی ڕەوتی ئەم وڵاتە دەکا.. نەختێك لەمەوبەر قسەمان لەگەل برایانتاندا لەپارێزگای سلێمانی دەکرد ، ئەوانیش ئاهەنگێکی وەکو ئەم‌ئاهەنگەی ئێوەیان دەگێڕا ، باسی حزب‌و شۆڕش‌و وسایشتمان بۆ مەسەلەی نەتەوەیی بۆیان کردو باسی ئۆتۆنۆمی‌و باسی عراقی ڕابردوو ئێستاو دواڕۆژمان بۆیان‌کرد ، وپێویستە بەشێکی ئەم‌قسەیەتان بۆبگێڕینەوە . هەندێ کەس .پێتان دەڵێن کورد نابێ ببێ بە بەعسی (چونکە وەکو ئەوکەسانە تۆی دەگەن حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست تەنها حزبی عەرەبەکانە .. ئەمە ئێستا دەڵێن ، و لەوانەیە هەڵدێکتان ئەم‌قسەیە ببیستێ بەڵام برایان هەرئەوکەسانە خۆیان

.. لەسەرەتای شۆڕشدا دەیانوت حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست لەعەرەب بەولاوە وەرناگرێ چونکە زۆربەی حزب ، بەبۆنەی ئەو وەزعە نائاساییانەوە کە بەسەر کوردستاندا ڕادەبوردن ، عەرەب بوون .. بارو دۆخی کوردستان نائاسایی بوون بۆیە حزب بە شێوەیەکی فراوان بەڵاونەبووبوەوە .

بەڵام پاش ماوەیەك‌و پاش ئەوەی ڕۆڵەکانی گەل لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا ، ئەوعراقیانەی کە لە کوردستانی عراقدا دەژین ، بە سەدان‌و هەزاران چوونە ڕیزی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستەوە . ترسی ئەوەیان لێنیشت کە کورە عراقیەکان دەچنە ڕیزی حزبەوە ، بۆیە کەوتنە سەر ئەوەی : پێویستە کوزد نەچنە ڕیزی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستەوە چونکە هی‌کوردنیە بەڵکو هی عەرەبە و ئەمەش خۆبەهەڵەبردنێکی زۆر گەورەیە .

حزبی بەعسی عەرەبی **سۆشیالیست ، برایان ، حزبی** هەموو عراقیەکانە ، حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست بۆ کوردو بۆعەرەب‌و بەعەرەبی‌یەکانە .

● حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست ڕێگای بەختەوەری عراقیەکانە حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست ڕێگای نوێمانە بۆ ڕزگاری ڕێگای بەختیاری هەموو عراقیەکانەو ئەو ڕێگای ڕاستە بۆ وەدی‌هێنانی ئاواتی نەتەوەیی کورد دێنێتەدی‌و ئاواتی نەتەوەیی عەرەب دێنێتە دی .. حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست ئۆتۆنۆمی‌نەتەوەیی گەشەکردوی بەرەوپێشەوەچوو دروست دەکاو لەهەمان کاتدا عراقی بەهێزی گەشەکردووی پێشکەوتوو دروست‌دەکاو .. بۆ حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست ، وئەوانەتان کە گەورەن لەبیریەتی حوکمڕانەکانی جاران چی‌یان دەکرد.. **بەداخەوە ، زۆربەیان لە کەری بێگانە بەولاوە هیچی ترنە بوون‌و هەندێ کەس دەیانەوێ بمانگەڕێننەوە بۆ ڕۆژگاری کۆن .. دەیانەوێ بین بە کۆیلەی بێگانەو ئێمە دەزانین**

بڕوانە : ل : ٧

نەورۆزو..یەکێتی وعیراقی پێشکەوتوو

● ئەمسالیش ، نەورۆزهاتو پێشوازیمان‌کرد . . پێشوازیەکی میللی گەورەو بەرفراوان ، هەموو گەل دلشادو بەختیار‌بوون ، ئاوازو گۆرانی دلخوشکەری منداڵو ژنو پیاو ... خۆراگرتنی ئەو مرۆڤانەی ڕۆژگاریان دەکردە ئەرزیەتی بەردەوامی کاروانی بنیات‌نان‌و پێشکەوتنی عراقی شۆڕش .

● لەنەورۆزدا بەشەوق‌و خۆشیەوە ژیاین‌و لەبەردەم ڕووناکی ئاوو سەوزی خاك‌و هەڵبەرکێ‌و زەردەخەنەی‌عراقدا کەمەسەنی بەخششی دەنواند، شادمان بوین بەدەستکەوتەکانی حزب‌و شۆڕش لە هەموو ڕوویەکەوەوڵە هەموولابەنەکانی ژیاندا .

● نەورۆز هات‌و لە گەڵیا وەستاین ،ئەمان‌هیشت بەبێ زەردەخەنەی خۆشی‌و سەمای شادمانی بەڕێ بکرێ ، چونکە شادی ناوەستێ‌و بوکی ئادارو نیسان‌و تەموز ، لە وبژدانی گەلەکەماندا‌و لە خوێنمانا باوەڕی بەردو خۆمالی‌کردن‌و ئوتۆنۆمی هەڵدەچێ .

● کە نەورۆز لە خاکەوە مانای زەردەخەنە هەڵدەگرێ مانای بەخششی‌و خێرخوازی هەڵدەگرێ گەل هەروا بەڕێ ناکات ، پێوە دەنوسێ‌و وەك خاك لە گەلیا دەژی‌و دوێنێی نزیك بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش قسەی لە گەل گەلدا کرد لە کوردستان‌و وتی :(ئێمە بۆیە ئەم خاکەمان خۆش دەوێ‌چونکە ئێوەی لە سەرن ، چونکە ئێوە گەلی ئێمەن‌و بەشێکین لە ئێمە و ئێمە بەشێکین لە ئێوە) .

آ . م

Institut kurde de Paris

ئیرادەی نەتەوە بەسەر خیانەتکاریدا سەرکەوت

هاوکاری

٨ لاپەڕە — ٢٥ فلس

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

ناوەندی ژۆشبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیدانی الخلانی شەقامی ٥ الجمهوریة ٥
بەغدا — ص.پ ١٤٠١٦ تەلەفۆن ٨٨٧٥٧٦٥

سەر نووسەر : سعاد ادیب علی

دووشەممە ٢ی نیسان ١٩٧٩ ژمارە ٤٦٨

ئیمزاکردنی پەیمانی ئاشتی لەنێوان حوکمڕانی مصرو قەوارەی زایۆنیدا بەکارێکی دژ بە ئیرادەی ئەو وڵاتە عەرەبیانە دادەنرێ کە خاکیان لە لایەن قەوارەی زایۆنیەوە داگیرکراوەو دژ بەئیرادەی گەلی عەرەبی فەلەستینی .

سەرۆکی فەرمانده
احمد حسن البکر

دووشەممە ٢ی نیسان ١٩٧٩ العدد ٤٦٨

• کێشاندنەوەی باڵوێزە عەرەبەکان لە قاهیرە
• بڕینی یارمەتی ئابووری لە رژێمی سادات

- راگرتنی ئەندامێتی میسر لە جامیعەی عەرەبدا
- بەردەوامی پەیوەندی کردن لەگەڵ گەلی میسردا
- خەتابارکردنی ئەمەریکا لەرێکەوتنە تاوانبارێکەدا

کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەو ئابوری و دارایی عەرەب بڕیاری داوە کە دەمو دەست هەموو باڵوێزەکانی دەوڵەتانی عەرەب لە میسر راکێشرێنەوەو ئامۆژگاری ئەوەی کردووە کە پەیوەندی سیاسیو دیپلۆماسی لەگەڵ حکومەتی میسردا کۆتایی پێبهێنرێت ، بە مەرجێک حکومەتە عەرەبیکان لە ماوەی مانگێکدا ئەم ئامۆژگاریە جێبەجێبکەن بەپێی مامەڵەی دەستووری هەر وڵاتێک لە وڵاتە عەرەبیکان .

ئەمە سەرۆکی کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەو ئابوری و دارایی عەرەب دکتۆر سعدون حمادی لەو کۆنگرە رۆژنامە نووسی بەدا ڕایگەیاندووە کە رۆژی شەممەی ڕابوردوو لە هۆڵی خولد بەستبووی .

وەزیرانی دەرەوەو ئابوری و دارایی عەرەب لە کۆتایی کۆبوونەوەکانیاندا وایان دانابوو کە راگرتنی ئەندامێتی میسر لە جامیعەی عەرەبیدا لەو رۆژەوە پەیرو دەکرێت کە حکومەتی میسر پەیمانی رێکەوتنی لەگەڵ زایۆنیزمی دوژمندا مۆرکردووە ، ئەوەش مانای ئەوەیە کە بێ بەش کراوە لە هەموو ئەو مافانەی ئەو جامیعەیە دەیدات بە ئەندامەکانی .

● گۆڕانکاری لە جامیعەدا

بڕیار دراوە کە شاری تونس پایتەختی کۆماری تونس بکرێتە بارەگایەکی وەختی جامیعەی عەرەبیو هەر وەها بۆ ئەمینداریتیەیە گشتیەکەی ئەنجومەنە وەزاریە تایبەتیکەی لەگەڵ لیژنە هونەرییکانی ئەویش لە کاتی مۆرکردنی بەیمانەکەوە لە نێوان حکومەتی میسرو زایونیزمی دوژمنداە لەگەڵ ئاگادارکردنی هەموو رێکخراوو دەستە وڵاتیو هەرئمایەتیکان بەو بڕیارانە .

وەزیرانی دەرەوەو ئابووری عەرەب لیژنەیەکیان لە نوێنەرانی عیراقو سوریاو تونسو کوێتو سعودیەو جەزایر پێکهێناوە لەگەڵ نوێنەری ئەمینداریتی جامیعەی دەوڵەتە عەرەبیکاندا بۆ بە بەردەوامی کۆبوونەوەی بارەگای جامیعەی عەرەب لە قاهیرە بۆ ئەوەی بڕیاری پێویست لەسەر ئەو کارە بدەن کە دەکرێ لە ئەنجامیدا بڕیاری ئەوە بدەن کە بارەگای جامیعەی عەرەب بگوێزرێتەوە بۆ شوێنێکی تر .

وەزیرانی دەرەوەو ئابووری و دارایی عەرەب بڕیاری داوە کە دەمو دەست هەموو باڵوێزەکانی دەوڵەتانی عەرەب لە میسر راکێشرێنەوەو ئامۆژگاری ئەوەی کردووە کە پەیوەندی سیاسیو دیپلۆماسی لەگەڵ حکومەتی میسر داکۆتایی پێبهێنرێت ، بە مەرجێک حکومەتە عەرەبیکان لە ماوەی مانگێکدا ئەم ئامۆژگاریە جێبەجێبکەن بەپێی مامەڵەی دەستووری هەر وڵاتێک لە وڵاتە عەرەبیکان .

وەزیرانی دەرەوەو ئابوری و دارایی عەرەب بڕیاری داوە کە دەمو دەست هەموو باڵوێزەکانی دەوڵەتانی عەرەب لە میسر راکێشرێنەوەو ئامۆژگاری ئەوەی کردووە کە پەیوەندی سیاسیو دیپلۆماسی لەگەڵ حکومەتی میسر داکۆتایی پێبهێنرێت ، بە مەرجێک حکومەتە عەرەبیکان لە ماوەی مانگێکدا ئەم ئامۆژگاریە جێبەجێبکەن بەپێی مامەڵەی دەستووری هەر وڵاتێک لە وڵاتە عەرەبیکان .

ئەمە سەرۆکی کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەو ئابوری و دارایی عەرەب دکتۆر سعدون حمادی لەو کۆنگرە رۆژنامە نووسی بەدا ڕایگەیاندووە کە رۆژی شەممەی ڕابوردوو لە هۆڵی خولد بەستبووی .

وەزیرانی دەرەوەو ئابوری و دارایی عەرەب لە کۆتایی کۆبوونەوەکانیاندا وایان دانابوو کە راگرتنی ئەندامێتی میسر لە جامیعەی عەرەبیدا لەو رۆژەوە پەیرو دەکرێت کە حکومەتی میسر پەیمانی رێکەوتنی لەگەڵ زایۆنیزمی دوژمندا مۆرکردووە ، ئەوەش مانای ئەوەیە کە بێ بەش کراوە لە هەموو ئەو مافانەی ئەو جامیعەیە دەیدات بە ئەندامەکانی .

● بەردەوامی مامەڵە کردن لەگەڵ گەلی میسردا .

بڕیارەکانی کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەو ئابوری عەرەب ئەوەشیان دووپات کردۆتەوە کە بەردەوامبن لەگەڵ گەلی میسری براداو لەگەڵ نەفەرەکانیدا ، جگە لە وانەی کە راستەوخو یان لە ژێر پەردەوە دەست لەگەڵ زایۆنیزما تێکەڵاو دەکەن .

بڕیارەکان ئەو سیاسەتەیان تاوانبار کردووە کە ئەمەریکا سەبارەت بە رێکەوتنەکەی کامب دێفیدو رێکەوتنە تاوانبارێکە رەچاوی کردووە .

● راگرتنی یارمەتی ئابووری .

وەلەبارەی ئابوریەوە بەرێز وەزیران بڕیاریان داوە کە فەرزو زامنیو ئاسانی بانقو هاوبەشیو یارمەتی دارایی ڕابگرن .

بڕوانە ل ٦

رۆژنامە عەرەبیەکان داوای هەڵوێستێکی پتەو بۆ لەرووداوەستانی پیلانەکە دەکەن

پایتەختەکان ـ ٣١ـ ئا٠د٠ع ئاژانسەکان ئەو رۆژنامە عەرەبیانەی ئەمڕۆ دەرچوون داوایان کردووە کە وڵاتە عەرەبیکان ناکۆکی نێوانیان وازلێبهێنن و هەڵوێستێکی یەک لای نیشان بدەن بۆ لەرووداوەستانی ئەو پیلانە گەورەیەی ئیمپریالیزمو زایۆنیزم ئژی وڵاتانی عەرەب سازی کردووە .

لە دیمەشق رۆژنامەی (الثورة) ئەمڕۆ نووسیویەتی کە ماوەی ئەوە نییە کە بەرامبەر زایونیزمی دوژمن بێ لایەنی نیشان بدرێت یان ئەوانەی کە لەگەڵیدا رێک کەوتوون ، هەروەک هەڵوێستێکی مامناوەندی نییە بەرامبەر سەرشۆڕی وئەڵقە لە کوێی دوژمن وهەڵوێستی پشت گرتنی نەتەوەی عەرەب .

لە جەدەیش رۆژنامە سعودیکان داوایان کردووە کە

بڕوانە : ل : ٧

تێکشکاندنی پیلانێکی ئەمەریکایی لە ئیراندا

تاران ـ ٣١ ـ ئا٠ د٠ ع٠ ئاژانسەکان

ئەمڕو لەتاراندا ئەوە ئاشکرا کراوە کە پیلانێک تێکشکێنراوە، پیلانەکە وابلس کراوە کە ئەوەو ڕ مەترسی بووە وەئەلەی موخابەراتی مەرکەزی دژی شۆڕشەکەی ئیران سازی کردووە ، دەبوو رۆژی پرس پێکردنەکە دوێنی جێبەجێ بکرێت .

رۆژنامەی ئیتلاعات کە ئیواران دەردەچێت وتوویەتی : کە دکتۆر بهمن رحیمیان باجگیرانو نظام الدین تارانی ئیراون کە هەردوو کیان دووسەنگی ئەو پیلانە بوون کە ئەویش بڕتیی یە لە دەستەیەکی توێنەری نێو دەوڵەتان ژمارەی ئەندامەکانی دەگاتە دوو هەزار ، نەخشەیان وا بۆ کێشراوە کە لەئیراندا دەست بکەن بەکاری ئاژاوەو ویرانکاریو تێکدان بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتە بێگانەکان رۆژنامەکە وتوویەتی .. دکتۆر رحیمیان راستی ئەوەی ونوە کە وەکالەتی موخابەراتی نەمەریکا چەکو تەقەمەنیو نارنجۆکو ئەو جورە کەرەسانەی داونەتی .

هەروەک راستی ئەوەشی وتووە کە نەخشەکە مەبەستی ئەوەبوو کە چەند کەسێکی سیاسیو چەند پیاوێکی ئاینی بکوژرێت ، هەروەک ئەمڕۆ زەلامێکی تر گیراوە کە بەپوەندی بەپیلانەکەوە هەیە ، ئێستا لێی دەپرسرێتەوە بۆ ئەوەی زیاتر شتی پێ ئاشکر بکەن .

وەلە لایەکی ترەوە لە بەیانیەکی زووی ئەمڕۆوە دەست کراوەتەوە بەپرس کردن سەبارەت جۆری رژێمی حوکم لە ئیراندا ، دیدەوانان مەزەندەیان وابە کە ئەو پرسو را وەرگرتنە تاکو سبەینی (یەک شەممە) بەردەوام بێت ئەویش بەهۆی ئەو ژمارە زۆرە ئیرانییەوە کە بەشداری ئەو پرس کردنەیان کردووە .

ئەنجامی سەرەتایی ئەو پرسو ڕایەی لە یازدە شاری ئیرانیدا دەرکەوتووە کە نیو ملیون ئیرانی دەنگیان بۆ رژێمی کۆماری داوە وە (٧٦٣) هاووڵاتیش بە دژی ئەو بڕیارە دەنگیان داوە .

● بەختیار لەفەرەنسابە .

لەلایەکی ترەوە باڵوێزی عەرەنسای گەڕۆک میشیل بونیا توفسکی ئەمڕۆ وتوویەتی .. کە سەرەک وەزیرانی پێشوی ئیران شاپور بەختیاری

بڕوانە ل ٧

سەرۆکی بەرێز چاوی بە نێردراوەکەی خۆی بۆ لای هەردوو سەرۆکی یەمەن دەکەوێ

بێری بەیانی بەرێز سەرۆک احمد حسن البکر لەمەکتەبی رەسمی خۆی لە کۆشکی کۆماری چاوی کەوت بەنێردراوی خۆی بۆ لای سەرۆکانی هەردوو لای یەمەن، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری نەخشە بەرێز عدنان حسین ، ئەویش بەبۆنەی هاتنەوەیە وە لەکۆبوونەوەکانی بەرزی هەردوو یەمەن کە چەند رۆژێ لەمەوبەر لە کویت تەواو بو .

ئەوەی شایانی باسە نێردراوی سەرۆکی بەرێز بەر لەبەستنی کۆبوونەوەی بەرزی سەرۆکانی هەردوو یەمەن بەجیا لەگەڵ سەرۆکی کۆماری عەرەبی یەمەن مقدم علی عبدالله صالحو سەرۆکی دەزگای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی بەرزی گەل لەکۆماری یەمەنی دیموکراتی عبدالفتاح اسماعیل کۆبوەوە .

هەروەها نێردراوی سەرۆکی بەرێز لەگەڵ ئەمیری دەوڵەتی کویت شیخ جابر احمددا کۆبوەوە لە کۆبوونەوەکەدا باسی باری ئیستای عەرەبیو کۆبوونەوەی سەرۆکانی هەردوو یەمەنی کرا .

نێردراوی سەرۆکی بەرێز ، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری نەخشە بەرێز عدنان حسین پێرێ بەیانی لە کوێتەوە کەڕایەوە بۆ بەغدا .

حزبی بەعسو رێکخراوی فەتح داوای جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی بەرز دەکەن

حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستیو رێکخراوی رزگاریخوازی نیشتمانی فەلەستینی (فەتح) داوایان لە وڵاتانی عەرەبی کردووە کە بە تەواویو بە چاکی بڕیارەکانی کۆنگرەی بەرزی بەغدا جێبەجێبکەنو ئەوەی جێبەجێی نەکات بە شەریکی سادات دادەنرێت لە ناوانەکەیداو دەبێت بە هەموو شێوەیەک بەربەرەکانێ بکرێت .

هەردوو لا ئەوەیان لەو بەیاننامە هاوبەشەدا دووپات کردۆتەوە کە لە بەغدا دەریان کردووە کە یەک بوونی عیراقو سوریا باشترین ولامدانەوەی پیلانەکەیە .

هەروەک هەردوو لا ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە هەموو توانایەکی شۆڕشگێڕی بەکار بهێنرێت بۆ پارێزتاری مافی نەتەوەو سزادانی ئەوانەی ئەو مافە بە فیڕۆ دەدەن یان ئەوانەی پیلانی دەکێڕنە سەرو هەوڵدان بۆ پێک هێنانی بەرەیەکی عەرەبی نیشتمانیو پێشکەوتنخواز کە ئەرکی حەباتی جەماوەر بگرێتە ئەستۆی خۆی بۆ وەدی هێنانی ئەو مەبەستە .

هەردوو لا لە بەیاننامەکەیاندا سلاویان لە بەرگەو خۆراگرتنی جەماوەری عەرەب کردووە لە خاکی داگیرکراودا . وەپشت گیری کردنی ئەوانو بەتین کردنی خەباتیان . هەروەک حزبی بەعسو رێکخراوی فەتح سلاویان نە جەماوەری میسرو هێزە نیشتمانیکانی کردووە کە بەتین بەرەنگاری پیلانەکەی سادات راوەستاون ، هەردوو لا ئەوەیان دووپات کردۆتەوە لە بە هەموو شێوەیەک لایەنگیری تێکوشانو خەباتی دەکەن تا بتوانێ تاوانەکە بسرێتەوەو میسر بگێڕێتەوە بۆ بنکەی عەرەبی . وەهەردوو لا لایەنگیری خۆیانیان بەرامبەر جەماوەری لبنانو بزوتنەوەی نیشتمانیو نەتەوەیی نیشان داوە بۆ بەربەستکردنی پیلانەکانی زایۆنیزمو راسترەوەکانو هەردوو لا ستایشی هێزە رزگاری خوازەکانی دنیایان کردوە ،کە دژی پیلانو خیانەت کاریکە راوەستاون .

Institut kurde de Paris

بەرێز صدام حسین لە کۆنفرانسی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی عەرەبدا :

بۆ نەتەوەو بۆ جیهانی بسەلمێنن کە بڕیارەکانی کۆنگرەی باڵا قسەی سەرکاغەز نەبوون

بەرێز صدام حسین جێگری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ووتی : سادات بە مۆرکردنی پەیماننامەی رێککەوتن خیانەتی لە پەیمانو .. خیانەتی لە دەستەلاتو .. خیانەتی لەشتە پیرۆزەکانو نەریتەبەرزەکان کرد .

پێویستە نەتەوەی عەرەب پێ بزانێتو هەموو جیهان پێ بزانێت کە سیاسەتی سادات سیاسەتێکی دوورە پەرێزو دابڕاوە لە هەموو عەرەبەکانو لە خۆی زیاتر کەس ناگرێتەوە .

ئەمەیش دەقی ووتەکەی جێگری بەرێزە ..

بەناوی خوای گەورەو میهرەبانەوە

ئەی برا وەزیرو نوێنەرە بەرێزەکانی وڵاتانی عەرەب

جوانترین سلاوتان ئاراستەدەکەمو .. لە بەغدادا پێشوازیتان لێدەکەم ..

لەناو خێزانو برایانی خۆتاندا ..

ئێوە ئەمڕۆ بۆ ئەرکێکی گەورەو لە دۆخێکی ناهەموواردا کۆدەبنەوە .. کە نەتەوەی عەرەبمان تا ئێستا تووشی نەبووەتە تووشی شتی واوە .. دوێنێ سەرۆکی کۆماری میسر رێککەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ زایۆنیزمی دوژمندا مۆرکرد .. بەدژی خواستی نەتەوەی عەرەبو .. مافەکانیو ئەلەپووریو شکۆی .

لەمانگی تشرینی دووەمی ڕابوردووداو .. دوای ئەوەی سادات رێککەوتنەکانی کامب دێفیدی مۆرکرد . . پادشاو سەرۆکەکانی عەرەب لەبەغدا کۆبوونەوە .. بۆ ئەوەی لە بارودۆخی نەتەوە بکۆڵنەوەو .. ئەو هەڵوێستانە وەربگرن کە ویژدان وشەرەفو .. ئەرکی نەتەوەیی بەسەریاندا دەیسەپێنن .

لەو کۆنگرەدا خوا یارمەتی‌دایان چەند بڕیارێکی گرنگ بڕیار بدەین ..خواستی زۆربەی زۆری دەوڵەتەکانی عەرەب لە دەوری گەرد بووبووەوە . . ئەو بڕیارانەیش بەمەزەنەی ئێمە ڕادەی هەرە کەم بوون کە لە خواریانەوە هیچی تر نامێنێت ئەوە نەبێت لەبنەڕەتەوە واز لە بەرژەوەندی‌ی نەتەوەیی‌و .. شکۆی نەتەوەیی بهێنرێت .

ئەوەبوو بڕیارەکانی کۆنگرەی بەرزی بەغدا ، لەلایەن جماوەری نەتەوەی عەرەبو دۆستەکانی عەرەبو چەند لایەنی فراوانی دەوڵەتانەوە .. ڕیزیان لێنرا ئێستایش . . ئەی برایان کۆبوونەوەکانتان دەست پێدەکات لەپێناوی ئەوەی ئەو بڕیارانەی کونگرەی بەرز بڕیاری لەسەردان جێبەجێ بکرێن .. چونکە بڕیارەکانی کۆنگرەکە ڕاگیرا چاوەڕوانی دەکرا سەرۆکی میسر رێککەوتننامەکە مۆر بکات .. ئەوەبوو دوێنێ مۆری کرد .

بەرپرسیارێتان .. ئەوەیە بۆ نەتەوەو بۆ جیهان بیسەلمێنن کە بڕیارەکانی کۆنگرەی پادشاو سەرۆکەکانی عەرەب قسەی سەرکاغەز نەبوون .. بەڵکوو بڕیاری راستەقینەو ڕاستگۆیانەو کانگایی بوون . ئەوەی نەتەوە هیوای پێتانە .. ئەوەیە کە ئەم بڕیارانە ، بە شێوەیەکی تەواوو .. ڕاستگۆیانەو . . بۆ ئەوەی دوو هەڵوێست لە ئارادا هەبن .. هەڵوێستێکی راگەباندراوو .. یەکێکی تر بۆ ڕەوشت کردن بەنهێنی .. ، جێبەجێ بکرێن ..

نەتەوەی عەرەب بەدرێژایی مێژووی مەزنی .. نەتەوەی پەیمانو .. نەتەوەی وەفاو.. نەتەوەی سەربڵندی بووە .

هەر دەبێت خوێندبێتتان چۆن هەندێک لە خێڵەکانی عەرەب بۆ ماوەیەک دوو دڵبوون لەوەی ببنە موسوڵمان چونکە خێڵە هاوپەیمانەکانیان لەکاتی خۆیدا بەموسوڵمان هەڵوێستیان نەبوو بوون .. لەمەیشدا ڕاستبوو . . لەلایەن ڕیزگرتنی پەیمانو باوەڕنامەوە . . هەروەها دیسان هەڵوێستیان ڕاستبوو . . کاتێک دوای ئەوە بوون بە موسڵمان .. کاتێک هەستیان بەوە کرد کە موسڵمانیەتی پەیمانی باڵاو .. باوەڕنامەی شکۆدارە .

لەبەر ئەوە .. ئەی برایان .. ئەگەر چی

بڕوانە : ل : ٧

یەکێتیمان بۆیە دەوێ چونکە ئێمە یەك ندتەوەین

ئەوەی لە ئەنجامی یەکێتیماندا زەرەرمەند دەبێ تەنیا ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و نۆکەرەکانیانن

دەقی تەواوی وتارەکەی بەڕێز صدام حسین چێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ ئەندامانی نیقابەی پزیشکەکان بە بۆنەی بەستنی ئەو کۆڕی زانستی یەوە کە ئەنجومەنی بەرزی هەردوو نیقابەی پزیشکەکانی عراق و سوریا رۆژی پێنج شەممەی رابوردوو پێکیان هێنابو

ئێمە بەناوی بردە بەر شێوەی پرسیارکردن بۆ ئەوەی بزانین چیتان لە خەباڵدایە . بۆ ئەوەی لەوەدوا قسەکانمان بەردەوروی ئەو مەسەلانە بکەینەوە کە بێ ئارامی کردون و دەتانەوێت زیاتر بۆتان روون بێتەوە .

ئەی برایان : ئەگەر سەرنجی ئەوە بدەین کە لە نیشتمانی عەرەبدا لە دەورمان روودەدا . ئەوە تێدەگەین کە بیلانێکی چەندە گەورە بۆ ئەتەوەی عەرەب ساز کراوە .. قسەی بیلانێکی فراوان بۆ هێزە دژوارەکان لە مەودایەکی فراواندا زیاد لە چارێکو زیاد موناسەبەیەکدا گوێتان لێ بووە و هەموو رۆژێک لە رۆژنامەدا دەیخوێنەوە ، بەڵام ئەوەی دەمانەوێت ئەمڕۆ لێرەدا بیڵێین ، ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دەسال لەمەوبەر ، وەیاراست ترپێش (٢٠) سال ئەگەر سەرنج بە بیلانەکانی پێش (٢٠) سال لەمەو بەری ئیستیعماری فەرەنسای و ئینگلیزی و سەردەمی نەخشەکانی ئیستیعماری ئەمەریکایی لە نیشتمانی عەرەبدا بدەین . هەست بەوە دەکەین کە ئەو تەفەللابەی ئیستیعمار ئەوسا دەیدا بۆ زامن کردنی چەساندنەوەی دەسەڵاتی لە نیشتمانی عەرەب و نەتەوەی عەرەبدا زۆر لەوە کەمترە کە ئێستا دەیخانە کار بۆ گەیشتن بەهەمان ئامانج . لە ماوەیەکی دوورو درێژدوە هەوڵدەداو ئێستاش لە هەوڵداندا بەردەوامە بۆ ئەوەی نەتەوەی عەرەب بە پارچە پارچە کراوی بمێنێتەوەو وەك بازارێک بۆ شت فرۆشتن و وەك بازارێک بۆ ناردنە دەرەوەی کەرەسەی خاوو وەك مەیدانێکی زامن بۆ جم وجۆڵی ستراتیژی سەربازی بهێڵێتەوەو لە کاتی پێویستیدا بەکاری بهێنێت . ئەوسێ ئامانجە تاوەکو ئێستا هەرمان و جەوهەری هەموو نەخشەکانی ئیستیعمارە ؛ بەڵام جاران و ئەوەتان لە بیرە نەمان دەبێست. ناو بەناو لە ماوەی دوور دوردا نەبێت کە وەزیری دەرەوەی خاوەن شکۆ دێت بۆ نیشتمانی عەرەب وەیا وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سەر لە وڵاتە عەرەبیەکان بدات بەڵام ئێستا دەبینین کە سەرۆکی وڵاتە یەك گرتوکانی ئەمەریکا سەر لە نیشتمانی عەرەب دەدات بەو جۆرەی پێی دەڵێن مەکۆکی ، وەهەر حارە ناجارێک نیکسون سەری لە نیشتمانی عەرەب داوە وئێستا کارتەر سەردەداو لە نێوان قەوارەی زایۆنیزم و میسردا هاتوچۆ دەکات بۆ ئەوەی بگاتە ئەنجامێک بەو بارەی کە ئاشکرایە .. ئەمە چی لێکە دەداتەوە .. ئایا ئەمە لاوازی نەتەوەی عەرەب لێک دەداتەوە یا بە هێزی نەتەوەی عەرەب لێک دەداتەوە ؛ ئەم جیاوازیە لە نێوان هەڵسوکەوتی ئیستیعماردا لە ماوەی (٢٠) ساڵەوە هەڵس و کەوتی ئیستای ئیستیعمار ئەوە لێک دەداتەوە کە نەتەوەی عەرەب لە پێشکەوتندایە لەگەڵ ئەو هەموو لاوازی و ناسکی یەوە کە بە هۆی شەپولی جەوتەوە بۆی دیار دەبێت وەك بۆ هەموو لایەکمان ئاشکرایە .

● نەتەوەمان لە پێشکەوتندایە ●

ئەگەر بەلگەیەکی زانستیمان بەدەستەوە نەبێت کە لە مێژووی نەتەوەوە دەرهێنرابێ وەیا لە حەقیقەتە مەوزەعیکانی تری سەر نەتەوەی عەرەبمان وەگیرابی لە پێشکەوتنداو نەتەوەی عەرەب سەردەکەوێت. تەنیا ئەم بەلگەیەمان بەسە کە بڵێین نەتەوەی عەرەبی ئێستاکە جیاوازە لەگەڵ (٢٠) ساڵ لەمەو بەرەدا .

ئێستا کە رۆژێک تێپەڕ نابێت بە بێ ئەوەی کە بەکێ ببینین کە جانتاکەی هەڵگرتوودو لە رۆژئاواوە هاتووە بۆ ئەوەی ئەوە وەدی بێنێ کە لەمەو بەر هاوڕێکانی لە رێگای بەڕێوەبەری گشتی کە سەریان لە ناوچەکە دەدا ودبان لە رێگای ئەو باڵوێزانە کە هەر خۆیان لەناوچەکەدا بوون وەدی بهێنێ .

لە ساڵی (١٩٦٧)دوە قەوارەی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم دەیانەوێت بە رێگایەکی تر بێنە ناو نیشتمانی عەرەبەوە بەرێگایەکدا ئەوەیان بۆ زامن بکات کە شۆرشەکانی ناو گۆمەڵگای عەرەب سەرکوت بکات و مانەوەی قەوارەی زایۆنیزم بۆ درێژترین ماوە کەدەست بدات زامن بکات . وە بۆ درێژترین ماوەیەك کە هەڵسوڕێت بەرژەوەندی ئیستیعمار لەم ناوچەیەدا بارێزگاری بکات .

بینیان کە سیفەیەکی ئەوتۆکە دەتوانن لە رێگای فەرمان ڕەوای میسرەوە انور السادات بەری بهێنن و دەیانەوێت هەندێك یا هەموو فەرمانڕەوایانی عەرەب قایل بکەن .. یان شتێکی لەوە دوورتریان دەوێت .

ئاشکرایە لسەلاتان هەندێك لە فەرمانڕەوایانی عەرەب لەگەڵ ئەوەدا کە نوێنەری خۆی بۆ کۆنگرەی بەرز نارد ؛ ئێمە دەزانین کە بەدڵ و مێشک وزەمیر ئەوان لەگەڵ ساداتن نەك لەگەڵ کۆنگرەی بەرزو بریارەکانی کۆنگرەی بەرزدان .

دەنا مانای چی فەرمانڕەوایەکی عەرەب باڵوێزێک لە باتی خۆی بێرێت بۆ کۆنگرەی سەرۆکەکان بۆ لێکۆڵینەوەی هەڵوێستێك وەك ئەم هەڵویستە ناهەموارەی بەسەر نەتەوەی عەرەبدا رابورد بەهۆی هەڵسوکەوتی فەرمان ڕەوای میسرەوە بەرامبەر دەژمنی هەموو جەماوەری عەرەب ؟! هەندێکیان باڵوێزەکانیان بۆ جاسوسی ناردبوون .. ناردبویانن هەروەك بیاوانی ئەمن تەنیا بۆ ئەوەی بزانن لە کۆنگرەی بەرزدا چ باسە وەلەو ناوەدا باسی چی دەکرێت .

ئێمە ئەمەمان دەزانی . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سیفەتەمان قبوڵ کرد ، بۆ ئەوەی کۆنگرەی بەرز لە رێگای خۆی بەردەوام بێت بۆ کەیشتن بە کۆکردنەوەی کەمترینی توانای نەتەوەی عەرەب لە بێناوی خیری عەرەبدا وەلە بێناوی بەردەو ڕوو بوونەوەی ئەم میحنەتە ردقەدا کە بە نەفسی و فیعلی دوجاری نەتەوەی عەرەب هاتووە لەو کات و رۆژەدا کە سادات جوارچێوەی کشتی رێکەوتنەکانی کامپدیفدی مۆر کرد . ئەمەریکا لەمەوبەرو ناوەکو ئێستا دەیانەوێت جووك بە جەماوەری عەرەبدا بدەن نەك فەرمانڕەوایانی عەرەب . بە دەرجەی کە کەم دەیانەوێت لە بارەی بە نفسی بەوە جادوایی لە بارەی نکریبەوە زیان بە جەماوەری عەرەب بگەیەنێ .

ئەم وێنەی تێکۆشانەی لەبەر چاوبانە کورت بوونەوەی رێگا لە بەردەمیاندا وەلەبەر دەم هەر جۆرە سەرکەوتنێکدا . دەیان وبست بە جەماوەری عەرەبی بڵێن قسەتان لە بارەی سەرکەوتنتان بەسەر ئیمپریالیزم و قەوارەی زایۆنیزمدا قسەیەکی زل کراوەو خەیاڵی یە .

قەوارەی زایۆنیزم هەر دەمێنێت و ئەوە بارچە بارچە دەبێ ، بەرژەوەندی ئەمەریکا هەر دەمێنێت . ئێوەن لە ناوخۆتاندا دەکەونە شەڕە قوچ ، ئیستیعمار بە هەموو جۆرەکانی لە ناو نیشتمانی عەرەبدا هەر دەمێنێت ؛ ئەوانەی جێ بەجێی دەکەن کەسانی عەرەبن لە ناو خۆتاندایە وەئێوە هەموو تان هاوئیشتمانیی عەرەبی دڵسۆزن .. لە ڕەچەڵەکی کەلدا دەژین و هەموو تان دەزانن کە بێش بەستنی کۆنگرەی بەرز میحنەتەکە جەندە گران بوو وەبێش میساقی کاری هاوبەشی نەتەوەیی لە نێوان عراق و سوریادا .. لە بیرتانە کە زوربەی زۆری جەماوەری عەرەب لە حاڵەتی سەرسامیدا بوو ، ئەگەر نەڵێین بەشێکی زۆریان لە حاڵەتی نیمچە بێزاریدا بوو چونکە بیلانەکەو دەرهێنانی زۆر سەخت بوو . (٤٠) ملیون لە ئەسڵی قورسایی نەتەوەی عەرەب لە ناحیەی علیمیەکی وەختی یەوە دەچێتە دەرەوەی شەڕ .. سەربازی و جوگرافی ناسراو لە بایەخی و زیندوێتیدا یەکسەر لە شەڕ دەر دەچێت و فەرمانڕەوای میسر هاش دەدەین ئەوەش رێگای راست و تەنیا وێکابەکە بۆ رزگارکردنی میسر لەو میحنەتەی کە تێی کەوتووە .

ئەوەبە کە لەو رێگای بشگیری کردنی گەلی میسر لە لایەن نەتەوەی عەرەبەوە ، رزگار نکرێت ، وەگەلی میسر ئەرکی لادانی فەرمانڕەوا لە میسرا بخاتە ئەستۆی خۆی .. زۆر بە حاکی دەمان زانی کە ئەمڕو دێت .. وەبێویستە کە بێت بۆ ئەوەی تووانای عیراق و سوریا بکاتە یەك لە رێگای خزمەت کردنی نەتەوەی عەرەبدا . جی یە ئەگەر سوپای عیراق بچێتە سوریاو لەگەڵ سوپای سوریادا شەڕ بکات ، ئایا دەمانتوانی یکەینە ئەوەی ئیستا لە پەیوەندیماندا لەگەڵ سوریای برادا پێی گەیشتوین . ئەوروپارە خوێنەی لە رۆڵەکانی عیراق و سوریا دەرژا دەبوە ئۆقیانوسێکی ئەتلەسی لە نێوان عیراق و سوریاداو رێگای لە هەردوو وڵات دەگرت کە پێک بکەن لە ماوەیەکی کورتدا لە رێگای یەك بوون وەلە رێکای خزمەتی نەتەوەی عەرەب . ئەمە جەوی ئەو دۆخە بوو پێش بریارەکانی کە سەرکردایەتی عیراق لە ١-١٠-١٩٧٨دا دەری کرد .

پوختەی ئەو بریارانە بەم جۆرە بو لە پێشیەوە لە بەردەم ئەم دۆخەدا .. هەر هەنگاوێکی کلاسیکی کارامە بوو لە سیاقی بەرەسەندنی کلاسیکی کارامەیی تواناکانی نەتەوەی عەرەبدا .. ئەوەی دەتوانی زەمیری گەلی عەرەب بجوڵێنێت و جەوی نەفسی بە لایەکی ئیجابیدا بە شێوەیەکی نەفسی هەنگاو هەڵێنێ ئەگەر چی بۆ قوناغێك بەلای کەمەوە ، ئەگەر بۆ درێژی زیبازو ئەم دۆخە سەختە نەبی کە بەردەوروی بۆتەوە لە رێگای ئەو پیلانەوە کە سادات لەگەڵ ئەمەریکا و زایۆنیزم و کەسانی هاوبەشیان تێدا کردووە .

کاتێ لە سەرکردایەتی کۆبوونەوە ئەم وێنەیەمان لەبەر چاوبو لە چارەسەرمان کۆڵیەوە بە ئاشکرا ئەوە هاتە بەردەممان کە دەبێت کارێك بکەین بەلای دوژمنەوە موفاجەئەبێت دەبێت کارێکی نا ئاسایی بکەین کە زەمیری نەتەوەی عەرەب بهاژێنێت لە هەموو لایەك و دەوروبەر بە شێوەیەکی چاك بۆ خزمەتی نەتەوەی عەرەب بجوڵێنێتەوە بۆ بەرەو رووبوونەوەی بیلانەکە ئەوە بە ئاشکرا هاتە بێشمان کە چار نی یە دەبێت پەیوەندیەکی نوێ لە نێوان عیراق و سوریادا ببێت . لەگەڵ ئەو هەموو شتەی رویشتووەو لەگەڵ هەموو رایەکدا لەگەڵ چاوپۆشین لەو رایانەی لە سوریا دەربارەمان دەربراوە ئەوەی ئێمە لە بەغدا وتوومانەو لە عیراق بە برابان لە سوریا ، لەگەڵ هەموو ئەو شتانەدا کارەکە ئاشکر بوو کە بەبێ توانای سیاسی و ئابوری و سەربازی عیراق و سوریا لە رێگای بەرەوروو بوونەوەی دوژمن ، ئەوە بیلانەکە هەموو مەبەستەکانی وەدی دەهێنێ کە بۆی دانراوە .. شت لە سوریا وئوردن و عیراقدا هەیە هەروا بمێنێتەوە وا لە بیلانەکە دەکات کە بە ئاسانی بروات وەك لە قاهیرەو واشنتۆن دانراوە .

وەبەراستی ئەگەر برایانی سوریا توانایەکی تریان شك ببردایە جگە لە توانای ئەوەی بە عیراق بگەن و وای لێ بکردنایە کە لە رووی ئەم بیلانە رابوەستن .. لەوانەیە بە عیراق نەگەیشتنایە هەروەها ئێمەش ، لەوانەیە بڵێین بەراستی ئەگەر لە حیساباتماندا توانایەك بهاتایە کایەوە وای لە نەتەوەی عەرەب بکردایە کە لە میحنەکە دەرباز بێت بە بێ گەیشتن بە برایان لە سوریا ئەوە خۆمان لە بەیەك گەیشتن لادەدا لەگەڵ برایاندا ، بەڵام کاتێ بیروباوەڕ دەخەبنە بەر تاقی کردنەوە یەکی مۆرس کە هەڵویستمانی بۆ نەتەوەو نەوە داهاتۆکان و نەوەکانی ئێستا لێ دەر دەهێنین بە مانایەکی فراوان و نەتەوەیی پێویست بو وەئەوە بو کە هەموو هەڵسەنگاندنێکی لەمەوبەر بخەینە لایەك لەگەڵ ئەو هەموو نارەحەتیانەی لەمەوبەر هاتۆتە بەرپەیوەندیمانەوە هەروەها برایان لە سوریا دبوو هەموو هەڵسەنگاندنی لەمەو بەریان بەرامبەرمان وهەموو حیساباتێکی تریان بخەنە لایەکەوە بۆ ئەوەی بۆ بەرەورو بوونەوەی دوژمنی هاوبەشمان و بۆ رزگارکردنی هەموو نەتەوەی عەرەب لەو حاڵەتی هەرەس هێنان و بێزاریەی بێك بکەین ئەوە بوو کە بوو .

● بریارەکانی سەرکردایەتی ●

بریارەکانی سەرکردایەتی لە عیراقدا لە ١-١٠ دابەم جۆرە بوو :

پێك گەیشتن لەگەڵ سوریاداو دانانی مەیدانی عیراق و سوریا بەیەك مەبدان بۆ مەبەستی کاری نەتەوەیی بەرەوروو بوونەوەی زایونیزمی دوژمن ، بانگەوازیك بۆ پێك هێنانی کۆنگرەیەکی عەرەبی بۆ گەیشتن بە سیغەو تەگبیرێکی کارامە بەرەوروو وەستانی هەڵویستە کە ، پشتگیری کردنی ئابووری بەرەکە ، هەوڵدان بۆ پەشیمان کردنەوەی فەرمان ڕەوای میسر لەو کارەی کە دەیویست بیگاتێ . وەلە بەختەوەریمان ئەو کاتەی ئەم بریارانەمان داو بڵاوکرابەوە برای سەرۆك حافظ الاسد بەهەمان لادا بیری دەکردەوە لە هەمان رۆژدا هەروەها ، نامەیەکی دابوو بە باڵوێزەکەمان داوای بەبەك گەیشتنی دەکرد لە رادەی هەردوو سەرکردایەتیدا بۆ باس کردنی دۆخی فیشتمانی عەرەب و دۆخی ناوچەکەو دۆخی چارە نووسی نەتەوەی عەرەب، لەگەڵ لاحستنی بیروڕاو گیروگرفتە کۆنەکاندا ..

ئەو جۆرە هەردوو خواستەکە لە بەغدا بەیەك گەیشتن بۆ ئەوەی میساقی کاری نەتەوەی هاوبەش مۆر بکەن لە نێوان عیراق و سوریادا وەبۆ ئەوەی خواستی نەتەوەی عەرەب کۆ بێتەوە لە رێکای فەرمان ڕەوایانەوە هەروەها لە دەرکردنی بریارەکانی بەرزی بەغدادا .

وەدوای ئەوە بینیتان کە دۆخی نەفسی جەماوەری عەرەب چی ی لێهات ، بەکەو راست گۆڕا لە حاڵەتی مۆنی و نیمچە خۆبەدەستەوەدانێکەو سەرسامی یەوە بۆ حاڵەتی هێرش بردن بۆ سەر کۆڵەکەکانی ئیستیعمار . هێرش بردن لە بارەی نەفسی یەوە چونکە ئەوەی دەبەوێت کە سەر کەوێت ، پێویستە هەست بەوە بکات کە سەر دەکەوێت . بەڵام مرۆڤ هەر ئەوەندەی هەست بکات کە بەربوە ناتوانێت سەرکەوتن وەدەست بهێنێ بە هیچ جۆرێك لە جۆرەکان . حاڵەتی بوژانەوەی ئەم جەماوەری عەرەبە پێویستە لەگەڵیدا تێکەڵاو بین .. ئێوە دەبینن ئێستا ئەگەر فەرمانڕەوای میسر رۆژی دووشەممەی داهاتو رێکەوتنە شومەکەی مۆرکرد ئەوە تاڵەوێکی گەورە لە دەرونی نەتەوەی عەرەبدا بەجێ دەهێڵێت . بەڵام ئەو ئەنجامانەبان دەست ناکەوێت کە چاوەڕوانیان دەکرد وەك ئەگەر بهاتابە پێش قیمەی بەغداو میساقی کاری نەتەوەیی هاوبەش لە نێوان عیراق و سوریادا مۆر بکرابە .

کەواتە ئەوەیە نرخی ئەو بزوتنەوەی نەتەوەیی یەی کە لە رۆژی (١-١٠-١٩٧٨)دوە دەستی پێکردو بە بریارە ناسراوەکان کۆتایی هات ئەگەر لە رێگای کۆنگرەی بەرزەوە بووبێ وەیا لە رێگای پەیوەندی دوو قولی عیراق و سوریاوە .

لەبەر ئەوە پەیوەندی نێوان عیراق و سوریا وەك ئێمە لە عیراق دەمانەوێت وەهەر وەك برایان لەم بارەیەوە لە سوریا رایدەگەیەنن پەیوەندیەکی تەکتیکی نی یە .

واتە سیغەیەك نی یە بۆ بەرورو وەستانی ئەزمەیەکی قوناغی ئەگەر وبستمان لە دوو جێگاوەوە یا لەسەر ئەم بنچینەیە هەڵسوکەوتمان کرد بەڵام ئەوەمان ناوێت . دەمانەوێت وا لەو زروفە نائیعتیادیە بکەین کە بەرەوروکرا بۆ ئیهانەی نەتەوەو ئیستیفزاز کردنی بەو جۆرەی ئەمەریکا و سادات و قەوارەی زایونیزم کردیان . دەمانەوێت ئێرە بکەینە مورتەکەزێك بۆ بازدان بەرەوپێشەوە ستراتیژیانە بۆ گوێزانەوەی نەتەوە بۆ جێگایەکی نوێ . یەکبوونی نێوان عیراق و سوریامان دەوێت ، نامانەوێت قوناغێکی تایبەتی بەجێ بهێڵین . ئێوە دەزانن خاکی عیراق نقلیمی داگیر نەکراوە عیراق وەك عیراق . وەك قوتر . وەك بیر کردنەوەیەکی قوتری. لەوەزعێکدا نی یە کە بیەوێت عەرەب کۆ بێتەوە لە رووی تەواوەتی توانایەك بخاتە سەر توانای تری سەربازی . عیراق توانای هەیە عیراق لە توانایدا هەیە بەرەوروی ئەوانە بێتەوە کە دەوری دەدەن . وەلە بارەی ئابوریەوە توانای هەیە کە گیروگرفتەکانی چارەسەر بکات بە هەمان توانای بلندی ، وە لەبارەی کۆمەڵایەتی و سیاسی یەوە گیروگرفت نی یە . کەوا بێ ئەو هەنگاوەی کە دەبینین بۆ ئەوەی مانای مێژوویی خۆی ببەخشێ ، دەبێ هەنگاوێکو کارێکی نەتەوەیانە بێ ، ئێمە بە شێوەیەکی هەرنمایەتی بیر ناکەینەوە، ئێمە شانازیمان بە شۆرشی عیراقەوەیە ئەوەندەی خزمەتی نەتەوەی عەرەب بکات، وەهیچ بایەخێکی لە هیچ مەبدانێك لە مەبدانەکاندا نە سەربازی و نە ئابووری و نە کۆمەڵایەتی و نە سیاسی بۆ دانانێین تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە ئەو بابەخە لە خزمەتی نەتەوەی عەرەبدا بێت ، لە بەر ئەوە چەند لە بارەی پەرەپێدان و پرۆژەو کارگەکانەوە قسە بکەن لای ئێمە زۆر بچوك دەنوێنێت بگرە هەر نانوێنێت ئەگەر بەیەوندی نەبێت بە پێشکەوتنی عەرەبەوەو سەرچاوەیەك نەبێ بۆ شورەگرتنی کەرامەتو سیادەتی نەتەوەی عەرەب ، وەئەو لە بنچینەدا لە سەر ئەم شێوەبە دامەزراوە .

سوپای عیراق ئێستا زیاترە لە پێویستی ولات ئەمە نهێنی نی یە رێکەوتنەکە زۆر هەوڵدەدا کە لە سەنگی سوپای عیراق سووك کات نازانم نای ناسێت وەیا بە ئانقەستە . سوپای عیراق لەمە گەورەترە ، لە پێویستی ولات زیاترە .

وەئەو لە سەر بناغەی پێویستی نەتەوە دامەزراوە لە سەر هەمان بنچینەی دەست نیشانمان کردن ، هەرگیز نەك بە رێگای ئەوەی کە خاکی ولاتە عەرەبەکانی تر دەگیر بکات . بەڵکو لە رێگای ئەوەوە کە وای لێ بکات لە خزمەتی عەرەبدا بێ ، لە هەر جێگایەك داوای بکرێت لە خزمەتی عەرەبدا دژی بێگانە رەتگی هەر چۆنێ بێ . دەربارەی سیادەت جیاوازیمان نی یە لە نێوان دۆستو دوژمندا ، بەڵکو دەربارەی سیادەت هەموو دوژمنن ئەگەر بە زۆر پێ بنێنە خاکمانەوە ، ئەمەمان زیاد لە موناسەبەیەکدا وتووە ، وا نازانم کە دۆستەکانمان (زیز) دەبن لەمە چونکە بە شێوەیەکی ئاشکرا وتوومانە . لە ساڵی ١٩٧٤دا لە ئەبوزەبی وتمان ، ئەو پەیوەندیمان خراپ بوو بەڵکو لە خراپترین وەختیا بوو لەگەڵ سعودیدا ، وتمان ئەگەر بە شێوەیەکی سەر

● ئێمە جەماوەری خۆمان دەناسین ●

ئێمە مەعنەویاتی جەماوەری عەرەبمان دەزانین و پشتمان پەروەری و نەتەوایەتی

بروانە : ل : ٣

Institut kurde de Paris

یەکێتیمان بۆیە دەوێ چونکە ئێمە یەك نەتەوەین

بازبانە سوبای یەکێتیی سۆڤیاتی دۆست بێبنێتە خاکی سعودیەوە دەبینێت کە یەکەم کەس کە لەرووداو رادەبەرێت سوبای عیراقو سەربازیی عیراقییە . ئەمە شۆڤینیەت نییە . ئەوە مانای نەتەوەیی یە ودمانای سیادەتە کە واتە سوباکەمان بۆ عەردبە دژی بێگانە لە هەر شوێنێك بێ دەنگی .

● ئابوریمان بۆ عەردبە ●

وەئابوریمان بۆ عەردبە لە کۆی توانای کاری یەك بوونی هاوبەش و کاری هاوبەشی نەتەوەیی بێت . هەندێك لە ئێوە دەڵێت عیراق لە رێگای یەك بوونداناردەحەنی زیاتر لە بێشەوەك لە سوریا . چونکە عیراق کە مەنەتەوایەتی نا عەربی تێدایەو ئابووری عیراق لە هی سوریا زیاترەو عیراق خاکەکەی لێی داگیر نەکراوە تا بە ئاسانی بتوانی هەستی نەتەوایەتی دژی دوژمنی داگیر کەر بهاژێنێت بەڵام نا .. برایان لە سوریای برا دڵنیاکەن ، بەوەی کە گیرو گرفتمان نییە گەلەکەمان بە شێوەیەکی نەتەوایەتی رۆشنبیر کراوە تا وەکو گەلی کوردمان ئەوە دەزانێ کە رنگای مافەنەتەوایەتکانیو گەشەکردنی بەستراوە بە رنگای سەرکەوتنی خواستی نەتەوەی عەربەوە لە هەموو جێگایەك .

دوێنێ لە سلیمانیو هەولێر بووم جاوم بە هاوولاتیی عیراقییە کوردەکان کەوت . بەم بیروڕایانە قسەمان کرد . تا وەکو : کوردەکان یەك بوونی نێوان عیراقو سوریان دەوێت ؛ بێ گومان ئێمە دەزانین کە ئیستەهمارو کاسەلیسەکانی بە عیراقیکان دەڵێن یەك بوون بە کەلکی جستان دێت .. هەروەك یەك بوون (زەمیلەی شتکرین لە بازار بێت) یەك بوون بیروباوەرە بە لیکدانەوەو باشە رۆژە لە بینین و مێژووە لە هێنانەوە بەرچاودا .

یەك بوونمان دەوێت چونکە ئێمە یەك نەتەوەین ، وەئیستا یەك بوونمان دەوێت و لەگەڵ سوریادا جوونکە نەتەوەی عەرەب بەرەوڕوی ئەنجامێکی سەخت بۆ تەوە بەلکو ئەمە هەلی عیراقیکانە لە وانەیە زیاتر لە کەسانیتر بۆ ئەوەی بیروڕانەتەوایە تێکانیانی بێ تاقی بکەنەوە .. لەوانەیە هەموو یەکی لە ئێمە بێویستی بەوە نەبێ کە بیروباوەڕە نەتەوایەتکانی تاقی بکرێتەوە ، هەموو یەکی لە ئێمە دڵسۆزە وەنیشتمان پەروەرو عەرەبە ؛ بەڵام ئەمە هەلێکی بەنرخە بۆ عیراقیکان خۆیان بۆ ئەوەی بیروباوەریان زیاتر دووبات کەنەوە ، ئەگەر ئەوان بەراستی رۆڵەی ئەم نەتەوەیەین کاری نەتەوەیی بە بەرچنە ناکێشن بەلکو بە بیروباوەڕدەیکێشن هەر وەك براکانیانیش لە سوریا .. برایان لە سوریا نەهاتوون داوای یەك بوون بکەن لەبەر ئەوەی ئابوری عیراق قەوارەیەکی کەورە تری هەیە لە ئابوری سوریا وە بەلکو هاتوون وهەروەها داوای یەك بوون دەکەن بۆ ئەو بیروباوەڕانەی دەستنیشانمان کردن .

بێ گومان هەروەها لە سوریا بێتان دەڵێن بە بازرگانەکان دەڵێن ئێوە بۆ کوێ لەگەڵ عیراق بۆ یەك بوون دەڕون ؛ لەوی سۆشیالیستی هەبە سۆشیالیستی گرانە لەوێ بازرگانی خۆمالی دەکەن کاتی یەك بوون دەبێت بە نزیشکەکان دەڵێن وەئێوە دەزانن چیان بێ دەڵێن .

دەڵێن کە عیراق لەوانەیە سوریا قوت بدات . سوریا ژمارەی دانیشتوانی لە عیراق کەمترە .. وەئابووری .. بێیان بڵێن ئەی برایان بەو کەسانە بڵێن کە سیاسەت بە زەمیلەی شت کڕین لە بازار .. دەکێشن نەك بە بەرچنەی بیروباوەڕو بێ یان بڵێن ئەی عراقیەکان هەروەها لە جێگەی خۆتانە وە بێیان بڵێن کە بیروباوەڕ بە زەمیلەی شت کڕین لە بازار » ناکێشرێ .. بیروباوەڕ بە بەرچنەی بیروباوەڕ دەکێشرێ ئێمە لە عراقو لە سوریا هەردو لامان بجوکین . زۆر بجوکین نەکەر یەك نەکرین وئەو بازارە گەشە کردوەی ئیستای عراق ئەکەر یەك نەکرێ عراقیەکان دەبن بەکۆیلە . لەوانەیە ئەگەر ئەردەنیەکان لەگەڵ نەتەوەدا یەك نەکرن بێ گومان دەبن بە کوئلە . وەکو ئەو وەزعەی کە ئیستا گەلەکەمانی لە خاکی داگیرکراوە تێدایەو ئەگەر سوریەکان لەگەڵ عەرەبدا یەك نەکرن ئەوانیش. بەشێوەی نا راستەوخۆ یان بە شێوەی راستەو خۆ . دەبن بە کۆیلەی بێگانە یا دەبێ ببین بەکۆیلەی دەوڵەتە گەورەکان چونکە ئەم چەرخە چەرخی قەوا .. کەورەکانە یادە دەبێ ببین بە کۆیلەی قەوارەی زایۆنی بە شێوەیەکی راستەوخۆ .

سالی ٩٤٨ جەنگ رووی داو خاکی عەرەبی داگیرکرا . سالی ٩٦٧ جەنگ رووی داو خاکی عەرەبی داگیرکراو سالی ٩٧٣ جەنگ رووی داو سەرەڕای هەموو داێری وقوربانی دانو ئازایەتیو دیسانەوە خاکی عەرەبی داگیرکرا .. بە بێ بەکێتی عەرەبی نە سەربەرزیمان دەبارێزرێ. نە دەسەڵاتداریمان نە بیروباوەڕمان دەبارێزرێ دەپارێزرێ نە دوا رۆژمان دەبارێزرێ ، بکرە ئیستاشمان وەکو خۆی دەبارێزرێ تەنانەت ئەکەر نەشڵێین بە ڕێگای گۆڕانکاریدا .

بێ گومان ، وەکو ئارەزوو ، ئێمە ئیستا یەکێتیمان دەوێ ، هەروەها برایانی سوریاش ئەکەر پرسیاریان لێ بکەن ئەوانیش بێتان دەڵێن ئێمە بە ئارەزوو ئیستا یەکێتیمان دەوێ بەڵام یەکێتیەکەمان دەوێ کە ئێوە لێی رازی بن یەکێتیەکمان دەوێ بتوانێ ئەو بیروباوەڕە هەڵگرێ کە بەنجەمان بۆ کێشا . یەکێتیەکمان دەوێ کە بتوانێ خۆی لە بەر گێژەڵۆکە بکرێ ونەك تەنها لە ئارەزوودا یەکێتییەکی بۆ بیروباوەڕ تەرخان کراوە ، بێ ، بەلکو لە داڕشتنە تەتبیقیە جیدیەکاندا یەکێتییەکی بۆ بیروباوەڕ تەرخان کراو بێ .. کەلەکەمان لە عراقو لە سوریا بە ئارەزوو لە ساڵی ١٩٥٨دا یەکێتی ویستو لەوانەشە بە هەمان رنبازدا بیبینێ کە باسمان کرد بەڵام چونکە لە تەتبیقاتە عەمەلیەکاندا بەهەمان رنبازدا دای نەڕشتبو تا وردکاریە تەواوەی کە بۆ مسۆگەر کردنی بێویستە دابین بکرێ ؛ یەکێتییەکە باش ماوەیەکی کورت دوای بەربابوونی لێك هەڵوەشا بێ ئەوەی ئەو ئامانجە نەتەوەیی یانەی بێنێتە دی کە لە پێناویاندا دروستکرا ئێمە یەکێتییەکمان ناوێ کە خاو بێ بەڵام ناشمانەوێ بە یەلە بێ لە سەر حیسابی وردەکاری . یەکێتی خاو ئەو دەرفەتە مێژوویی یە لە دەست دەدا کە یەنجەمان بۆی کێشاو یەکێتی بە یەلەشی وردکاری لە دەست دەدا و ناوەرۆکەکەی لە کیس دەچێو باش ماوەیەك دێتە کۆتایی .

یەکێتییەکمان دەوێ کە زوو بێتە دی لەسەر بنەڕەتی رۆشن و وردو رێبازێکی رۆشنو ورد بکرێتە بەر یەکێتییەکمان نەك لە بێناوی راگرتنی وەزع لە سوریا وەکو خۆی و راگرتنی وەزع لە عراق وەکو خۆی . هەردو ولاتەکە بەیەکەوە بنوسێنین بەلکو یەکێتییەکمان دەوێ بە قەوارەیە کی نازەوە بۆ خزمەت کردنی نەتەوەی عەرەب کە ئەوەمان بۆ دەستە بەر بکا یەکێتی بێتە بابەتکی خەباتگێرانەی نوێ کە بێتە مایەی بەردو خۆ کێشانی سرنجی هەموو نەتەوەی عەرەب ، بابەتێك کە روو نەکاتە ولاتان بەلکو روو بکاتە ئازادکردن وبێ بە پشتوپەنای نەتەوە لە وەزعی دژواریدا نەك ئەو خۆی نەتەوە بکا بە پشتو پەنو خۆیو نەتەوە بکەوە لەبەر ناوردکاری لە گێژەنگی دەریای قورلەدا بخنکێ ، لەبەر ئەمە یەکێتی تا ئیستا دواکەوت ، لەبەر ئەوە دوا نەکەوت چونکە ئێمە دواکەو تیمان دەوێ . بەلکو لەبەر ئەو کاتە دواکەوت کە بتویستە بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ باراستنی ئەم بیروباوەڕانە .

بەر لە زیاتر لە دە رۆژ دوو شێوەی یەکێتیمان دا بە برایانی سوریا . شێوەیەکی یەکێتی دەوڵەت بە دەستوورنکی تەواو لە بارەی قانونیەوە نەك بە مەبادیئی گشتی وشێوەیەکی یەکێتی حزب لەسەر بنەڕەتی تەواوی بکەوە بەستراو وئێوە بێ گومان دەزانن کە یەکێتی نیوان دوو ولات کە حزب لە هەردو ولاتەکەدا سەرکردەیی بکا ، ئەگەر حزب یەك نەگرێ، ئەمەیە ئەو یەکێتییەی کە دەبێ خێراو خێراو بێ سێو دووکردن بێی بڵێن ئەم شێوەیە تەکنیکیە .

لەوانەیە لەسەر جوری رژێم ناکۆك بین . لێرە رژیمی کۆماری هەیەو لەوێ رژیمی مەلیکی هەیەو دیسان سۆشیالیستیو سەرمایەداری هەیە ، بەڵام ئەوەی لەسەر خاك ناکۆك بین کە ئایا بۆ عەرەب بێیان بۆ بێگانە لەمەدا ناکۆکی نیە ، یان دەبێ عەرەبو نشتیمانیو نەتەوەیی بێ ، یان خائنو لەگەڵ بێگانەدا بێ .

چۆن دەبێ حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست لەم شوێنەدا سەرکردایەتی شۆڕش بکاو حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست لەوێ سەرکردایەتی رژێم بکا هەردو حزبەکە یەك نەگرن ؟ تەنها گەل یەك دەگرێ ، هەردو دەوڵەتەکە یەك دەگرن ، بەڵام هەردو حزبەکە یەك ناگرن ؟ ئایا لە هەموو جیهاندا تاقیکردنەوەیەکی وەکو ئەم تاقیکردنەوەیە هەیە ؛ ئەگەر شێوەی یەکێتی دەوڵەت بێنینە پێشەوە ئەوە مانای ئەوەیە بەیەك بێ دەکەین ، حوا حەز بکا بەسەر ئەو رنبازی کاری یەکێتی خوازانەیەدا دەڕوێن کە خزمەتی نەتەوەی عەرەبو خزمەتی گەلەکەمان لە سوریاو خزمەتی گەلەکەمان لە عراق دەکا لە یەکێتیدا هیچ زیانکەرنك نیە ، کەسێك کە بە یەکێتی زیانی لێ بکە وێ ئستیعمارو کرێگرتەکانی ئیستیعمارو قەوارەی زایۆنیە.

گەلی عەرەب براوەیە

ئەوەی کە لە ئەنجامی یەکێتیدا براوەیە ، بە تەنیا گەلی عراقو گەلی سوریا نیە بەلکو گەلی عەرەب وهەر کە بەبەر رنبازی کاری یەکێتی خوازانەدا بڕوا ، ئەگینا هەر کارێکی دوور لەوە هەر چەندێکێش بەگرنگ بێتە بەرچاوتان ، کارێکی بچووکەو توانای خۆراگرتنی نیە بگرە تەنانەت توانای وەدی هێنانی ئەو پەرەسەندنەشی نیە کە ئاواتی بۆ دەخوازین ئەگەر نەبێتە کلیلێك بۆ کاری نەتەوەیی و بە رنبازی کاری نەتەوەیی دا نەڕوا .

بەڵام چۆن سایشت لە دیموکراتیەت دەکەین لە ژێر سێبەری یەکێتیدا ، ئەو دیموکراتیەتەی کە لە ژێر سایەی یەکێتیدا سایشتی لێ دەکەین دیموکراتیەتی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستە کە بە کورتی بریتی یە لە ئیستا ناتوانم هەموو دیموکراتیەتی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستتان بۆ باس بکەم و بتانخەمە موحازەرەیەکی ئەکادیمیەوە ریزگرتنی ئیرادەی گەل لە دەربڕینی خۆیدا بە هۆی هەڵبژاردنی ئازادو راستەوخۆوە لەو ئەنجومەنە تەنفیزیانەدا کە یەکێتی دروست دەکەنو بەو ئەنجومەنە تەنفیزیانەی کە یەکێتی دەیانێرێ بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ سەرکردایەتی کردنی دەسەڵاتداری لە هەردو ولاتەکەدا بۆ نوێنەر بۆ یەك سەرکردایەتی بۆ دەوڵەتی یەکێتی هەڵبژاردنی ئازادی راستەو خۆ لە لایەن کەلەوەو بەرە لە عراقو سوریا هەیەو لەگەڵ برایانی سوریادا رێك دەکەوین چ شێوەیەك بگرێ .

ئێمە بەر لە هەر شتێکی تر، لازیمان لەوە نیە کە شێوەکەی عراق وەکو خۆی یان شێوەکەی سوریا وەکو خۆی بەکار بهێنین .. بێ گومان لە هەردو شێوەکەدا جیاوازی هەیە.. لە عراقدا یان لە سوریادا بەڵام لازیمان لەوە نیە هەر کام شێوەیەکیان بێ وەری بگرین.. جارجار قسەیەکمان دێتە بەرچاو کە دەڵێ چۆن یەکێتی دەکرێ لە کاتێکدا لە سوریا ئازادی حزبەکان هەیە ولە عراقدا ئازادی حزبەکان نیە.. ئەء.. لە عراقدا ئازادی ئەواو بۆ حزبەکان هەیە . لە عراق حزبەکان رۆژنامەیان هەیە لە سوریە رۆژنامەیان نیە.. لە عراق لە دەسەڵاتداریدا نوێنەرانیان هەنو لە سوریا لە دەسەڵاتداریدا نوێنەرانیان هەن .. لە سوریا رنکخستنی لەناو سوپادا قەدەغەیە .. تەنها برا سوریەکان لە لایەنەکانی بەرەوەکو دەر دەکەوێ زیاتر رنکویتکنو پابەندن لە عراقیەکانی لایەنی بەرە .. لەوێ لەناو سوپادا رنکخستنی ناکەنو وابزانم لەناو قوتابیانو کرێکارانیشدا قەدەغەیە .. لێرە لە ناو سوپادا قەدەغەن .. واتە چۆن دەتەوێ بەرە دروست بکەیتو لە ناو سوپادا رنکخستنکاری بکەیت ئەمەش ریشخەندە ئەگەر بڵێین رنگە هەیە لەناو سوپادا رنکخستنی بکرێ بە هەندێ ئازادی ئەم جۆرە رێو شوێنە نە لە ناو کۆمەڵی سەرمایەداریداو نە لە کۆمەڵی کۆمیونیستیدا هەیە .

سوپاو رنکخستنی حزبی

لە کۆمەڵی کۆمیونیستیدا ئەوەی کە لە ناو سوپادا رنکخستنی دەکا تەنها حزبە شیوعیەکانە وانیە .. لە کۆمەڵی سەرمایەداریشدا قەدەغەیە سوپا بچێتە رێزی حزبەکانەوە بەلکو سوپا بە فرمانی ئەو حزبە دەجوڵێتەوە کە لە دەسەڵاتداریدایە ئایا ئەمە یەك حزب نیە .. لە کوێ تاقیکردنەوەیەك دەبینەوە لە جیهاندا کە تێیدا زیاتر لە لایەنێك لە ناو هێزە جەکدارەکاندا رنکخستنیان هەبێ . هیچ تاقیکردنەوەیەك نیەو ئەگەر تاقیکردنەوەیەك لە جیهاندا دەرکەوت ئەو کاتە مونافەشەی لێ دەکەین .

رنکخستن لە ناو سوپادا بۆ حزبێك کە سەرکردەیی دەسەڵاتداری ئامادەکردن دەگە یەنێ بۆ کودەتا ئەمە ماناکەیەتی بە ئاشکرایی .. ئێمە هیچ شتێك ناشارینەوە وئێمە بیروراکانی خۆمان نا شارینەوە ئەگەر شتێکمان ویست بە تەواوی وەکو خۆی دەڵێین لە ناو سوپادا رنکەی رنکخستن نادەین .. یاسایە کیش هەیە کە لە بەردا لە سەری رنك کەوتوین دەڵێ ئەوەی لەناو سوپادا رنکخستن دەکا حوکمی ئیعدام دەدرێو کارەکەی بە پێلان گێڕان دادەنرێو هەرواش بەو بیستو دوو کەس لە ناو سوپادا رنکخستنیان کرد هەر بیستو دووبانمان ئیعدام کرد .وەکو داکۆکی کردن لە بەرەوەو داکۆکی کردن لەگەڵو داکۆکی کردن لە شۆڕشی ئەمانە ئەوانەن کە لە دەنکوباسی ورۆژنامەکاندا لە بارەیەوە دەبیستن ئەمانە ئەوانەن کە لە مەحکەمەیەکی قانوونیدا موحاکەمە کرانو بە گوێرەی یاسایەکی یەسەندکراو کە بەرە لە ژێر سێبەری دا کراو لە لایەن لایەنەکانی بەرەوە یەسەند کراوو لە لایەن حزبی شیوعی خۆیەوە کە لە ناو سوپادا رنکخستنی کرد . ئێمە ئەو یاسایانەی یەسەند دەکەین کە دەریان دەکەین بێ گومان ئەو کەسەی دەیەوێ لە ناو سوپادا رنکخستن بکا مافی هەیە دژی یەکێتی بوەستێ . چونکە یاسای هەردو ولاتەکە لە هەردو جێگەکەدا یەك شتەو رنکخستن لەناو سوپادا قەدەغە دەکا .

هەر کەسێ خوانەکەردان خاین بێ مافی خۆیەتی دژی یەکێتی بێ چونکە ئێمە ئەگەر لەیەکێتیو لە سەرکردایەتیدا دەورمان هەبێ بی سێو دوو سەر هەموو خاینێك دەبڕین . هەر کەسێك جاسووی بێ بە جاسووسی یەیوەندی بە دەوڵەتێکی بێگانەوە بکا حوکمی ئیعدام دەدرێ بەلکو یاسامان تەنانەت ئەو کەسەش حوکمی ئیعدام دەدا کە بۆ حیسابی دەوڵەتێکی عەرەبی یەیوەندی دەکا ئەگەر شێوەی یەیوەندیە کە بۆ جاسووسی بێ ، بەڵام دەوڵەتێکی عەرەب بێتوداوای زانیاری بکا ئەوا هەرچی یەکی بوێ پێشکەشی دەکەین .

ئەمە ئەی برایان لە مێژوویەکی خراپەوە سەرهەڵدەدا ، عراق کێڵگەیەك بوو بۆ بێگانەو شەبەکاتی جاسووسی لە عراقدا تەراتێنیان دەکرد .. شەبەکە ئیسرائیلیەکان لە هەمان کاتدا کە زایۆنی دوژمن دمشقو قاهیرەی بۆ مباران دەکرد بێ ترس بەبێ تەل هەواڵی عراقو جموجوڵی سوپای عراقی لە جەبهە دەدا .. وەزعەکە لە کاتی بەربابوونی شۆرشی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨دا ئەوها بوو..شەبەکە ئینگلیزیەکان لە عراقدا! تەراتێنیان دەکرد ئەمەریکیەکانیش هەروەها . بۆیە قانوونێك دانرا کە بە پێی ئەو هەر کەسێك لەگەڵ دەوڵەتێکی بێگانەدا بە شێوەی جاسووسی هەڵسوکەوت بکا حوکمی ئیعدام دەدرێ .

بازرگانی لە سوریا بە بێچە وانەوەیە ، وەزعی یەکێتی زیاتر گەشە دەبەخشێ بە بازرگانی ئێمەدژی چالاکی تاکە کەسی نین . سوشیالیزمی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستی داهێنان دەپارێزێ .. رێزی دەگرێ ومەیدانی باشی کارو بێشکەوتنی بۆ ئامادە دەکا.. ئێمە دژی ئەوەین دەوڵەت لە کارێکی باشکژییدا نوقوم بێ بازرگانی ناو خۆش کارێکی باشکۆیی یە کە دەبێ لە گرانایی دا بنەڕەت بدرێ بە هاوولاتیان تا تێیدا ئازادی خۆیان لە چوارچێوەیەکدا وەرگرن . دەوڵەتی سوشیالیزم ، بەلای ئێمەوە . دەوڵەتی دوکان نیە بەلکو دەوڵەتی بەرهەمهێنانی گەورەیە .. دوکانەکان بۆ هاوولاتیان وشتێکی سروشتیە سەرکردایەتی یەکێتی سەیری جیاکردنەوەی لە زروفی قوتری دا بکا ، لە هەر جێگایەکدا کە هەبێ ،بە جۆرێك کە دژنەوەستێ لەگەڵ هەنگاوەکانی یەکێتیدا بەرەو بێشەوە بەڵام هەروەها بە جۆرێك کە لەگەڵ قازانجی رەوای سوریو قازانجی رەوای عراقیدا دژ نەوەستی لە هیچ لە هەردو ولاتەکەدا ئەگینا ئەم یەکێتییە، ئەگەر چی دەمانەوێ ، نامانەوێ بۆ ئەوە بەرپابێ کە پاش پێنج ساڵ یان چوار ساڵ تێك بشکێ .. بێ گومان ئێمە لە یەیوەندی یەکانی دەرەوەدا هەندێ رەفەکارین ودەبێ ئەم ژەفەکاریەمان ق بوول بکەن .. ئێمە سەیری هەر بێگانە نەیەك دەکەین ، تەنانەت ئەو کەسەش کە بە چاوی رێزەوە سەیری دەکەین ، بە مەودایەکی تەواو هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەین بەجۆرێك کە سێبەرەکان ئەوەندە تێکەڵ تەبن کە ولاتەکەمان بکەنە باشکۆ یاملکەچ . هەرچەند یەیوەندیمان لەگەڵ هەر بێگانەیەکدا یەیوەندی دۆستایەتی ورێزو قازانجی هەردولایی بێت کە لەسەر بنەڕەتی هاواکووفی راگیر بێ .. ئێمە دەوڵەتێکی بچووکین .. راستە ئێمە (١٢)ملیۆنین . لە بۆنەی شۆڕشی تەموزدا بە رۆژنامە چی یەکانمان وت ئێمە (١٢) ملیۆنین بەڵام بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ چیندا یەقەدەر دانیشتوانی چینیو بۆ مەبەستی هەڵسو کەوتی راگیر لە سەر هاوکوفیو رێز لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی ، ئەو دەوڵەتە مەزنەدا ، ئێمە بە قەدەر گەلی یەکێتی سۆڤیەتینو عراق (٤٥٠)هەزار کیلۆمەتری چوار گۆشە نیە بەلکو بە قەدەر پانایی یەکێتی سۆڤیەتە وبەقەدەر ئەمەریکایە چ بەگەل چ بەپانایی ئەمانەن بیرەڕاکانمان راپەڕینی نەتەوەیی لە سەر بنەڕەتی لێکدانەوەو رێ وشوێنی پشتەکی ناکرێ .راپەڕینی نەتەوەیی لە سەر بنەڕەتی بیرورای ئاشکرا دەکرێ وحوکمڕان لە سوریاو لە عراقو لە مصرو لە هەموو جێیەك لە سەر بنەڕەتی ئاشکرایی (تەواو)ی رێزی لێ دەگیرێو هەرچەندە زیاتر سوور بێ لە سەر مافی خۆی ئەوەندە زیاتر رێزی لێ دەنرێ وهەرچەندە زیاتر داکۆکی لە مافی خۆی بکاتا رادەی شەهید بوون ئەوەندە زیاتر رێزی لێ دەنرێ . هەر حزبێك ئازادی دەوێ لە عراقداو وای بۆ دەچین ، وەکو رایەك ، ئازادی سوودانی دەوێ دەبێ رێزی خاکی سوودان بگرێو سوودان بەشێك بێ لە نیشتیمانی عەرەبو سوودو قازانجی سوودان بەشێك بێ لە سوودو قازانجی عەرەب وبیخاتە حیسابی خۆیەوە کە بەدەنگ هیچ بانگێکی دەرەوە نەچێ بەو رادەیە نەبێ کە قازانجی نیشتیمانی بۆ وەدی دێنێ .

ئێمە واقیعین ورێ نادەین هاوولاتیەکی عەرەب لە عراق یان لە سوریە لەدەوڵەتی یەکێتیدا ئەگەر بەشێك بین لە سەرکردایەتی دەوڵەتی یەکێتی ، تەعلیمات لە واشنتۆنەوە وەرگرێ دەبێ تەعلیمات لە دەوڵەتی یەکێتی وەرگرێ .. لە دەوڵەتی یەکێتی نەك بە مانای ئەوەی لە شێوەی پاشکۆدا بێ .. ئێمە نامانەوێ حزبمان ببێ بە پاشکۆ ئێمە رۆژ بەرۆژ حزبمان لە سەر رەخنە رۆشنبیر دەکەین بەردەوام گەلەکەمان لەسەر رەخنە رۆشنبیر دەکەین لە کۆڕە ئاشکراکانماندا بێیان دەڵێن لە هەر شوێنێك هەڵە هەبوو رەخنەمان لێ بگرن وهەرکاتێ لامان دا شۆڕشمان دژ بکەن .. بەگەلەکەمان دەڵێین شۆڕش کردن مافێکی رەوایە پێوستە لە سەرت جەك هەڵگدی ئەگەر لە رژێمەوی ئەم رژێمەدا لادانێکت دی ئێمە دژی ئازادی بیرورا نین کە لە دەبڕینی سوشیالیزمدا لەگەڵماندا جیاوازنین .

لە بارەی مەسەلەی دیموکراتیەتەوە گفتوگۆمان لەگەڵدا دەکەن لە بارەی شێوەکانی یەکێتییەوە

بروانە : ل : ٤

Institut Kurde de Paris

ووتەکانی جێگری بەڕێز بۆ جەماوەری میسان و بنکەیەکی سوپایی لە ذی قار

بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە بەیانی‌ی ڕۆژی ١٩-٣دا سەری لە هەردوو خانەی مامۆستایان دا لە شاری عمارە .

لە کاتی سەردانەکەدا جێگری بەڕێز،کۆی‌ی لە ڕوونکردنەوەیەکگرت‌دەربارەی‌چالاکی‌یەکانی هەردوو خانەکەو پێداویستییەکانیان‌و فەرمانی‌دابەجێ بهێنرێن .. هەروەها جێگری بەڕێز چاوی‌بەقوتابیانی خانەی مامۆستایان کەوت ئەوانەی هوتافیان بە ژیانی بەڕێز سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەکێشا شادی‌ی خۆیان‌بەیارەت بە سەردانەکەی دەردەبڕی .

جێگری بەڕێز لە ووتەیەکدابۆ قوتابیانی پەیمانگاکە هانی بەردەوام بوون لە ودەرگرتنی زانست‌و زانیاری‌دا بۆ بەشداری‌کردنی بنیاتنان‌و خزمەتکردنی نیشتمان .

● جێگری بەڕێز چاوی بە جەماوەری قەزای مەجەری گەورە دەکەوێت ●

جێگری بەڕێز لەڕێی جوونی‌دا بۆ قەزای مەجەری گەورە بەو جەماوەرە فردیە کەیشت ، کە لە سەر شەقامی گشتی‌ی نزیك بە دامەزراوی کشتی‌ی نیشەسازی کاغەز لە بارێزگاکە کۆبووبوونەوە.

جێگری بەڕێز بەرانبەر بە جەماوەرە کۆبوودەوەکە ووتەیەکی‌دا تیایدا ووتی .. ئەی برایان لێتان دەخوازین ئەگەر شۆڕشەکەتان‌و کەلەکەتان خۆش دەوێت بەرهەمێکی زۆر چاك لە کارگەکەتان‌دا بێشکەش بکەن چونکە مرۆڤ لەسای شۆڕشدا لەسەر بناغەی ئیشەکەی دەپێوریت .. ئەو مرۆڤەی گەلەکەی خۆی خۆش دەوێت پێویستە بەشێوەیەکی باش ئیش بکات.. خرمەتی گەلەکەی بکات .. پێویستە جاوتان کراوە بێت‌و ئامۆژگاری‌ی ئەو کەسانە بکەن کە بە شێوەیەکی باش کار ناکەن .. کەسی‌تر حکە لە خۆتان وولاکەتان بنیات نانێت .. گەلان بە خۆیان وولاتەکانیان بنیات نا .. بەلام دەولەتە ئیستعماریەکان وولاتەکانیان لەسەر شانی گەلانی جیهان بنیات نا.. ئێمە نامانەوێت دەولەتێکی ئیستعماری بین‌و ناشین .. بایرانتان ئیستعمار نەبوون .. عەرەب هەمیشە ئەرکی سەرشانیان ئەوە بووە شارستانی بۆ جیهان بگوێزنەوەو بەهای بەرزی مرۆڤایەتی بۆ جیهان.. لەبەرئەوە ئەم وولاتە کەسێکی ترنیاتی نانێت ئێوە ئەبن ئەگەریش دەلێن دەمانەوێت بەسەر دوژمنمان‌دا دوژمنی زایۆنی زاڵ ببین پێویستە عراقێکی بەهێز لەلایەن زانستەوە ، بەهێز لەلایەن ئابووری‌یەوە ، بەهێز لەلایەن سوپاوە . بنیات بنێن ،دوای ئەوەیش دوژمن دێت کەوا بەڕێگاوەین بەرەو ڕووی دەچین .

ڕۆژکاریکی لەمەویێش کە خاکی فەلەستین زەوت دەکرا بایرانتان بۆی بەڕێ دەکەوتن، ڕزگارکردن لێرەوە لەم خاکەوە دەستی پێکرد .

لەمێژووی عەرەبی پێش ئیسلام عراق سەرچاوەیەکی ئیلهام ودرگرتنی بناغەیی قیەم بووە .. قیەمی خۆبەدەست‌کردن‌و قیەمی‌داکۆکی کردن لە عەرەبایەتی‌و قیەمی نیشتانی شارستانیەت .

لە سەردەمی بابلییەکان‌دا بابلییەکان .. عەرەبی خەلکی دوورگە بوون‌و هاتن‌و لە عراق‌دا نیشتەجێ بوون‌و شارستانیەتی بابلیان دامەزراند ،هەروەها ئاشۆری‌یەکانی باوباپیرتان دیسان شارستانیەتیان دامەزراندو بەهۆی‌یەوە خزمەتێکی فراوانیان بەمرۆڤایەتی بەخشی ..

ئێستا هەندێك دەوڵەت شانازی بەوەوە دەکات کە شارستانی پێشکەش بە خەڵکی دەکات بەڵام باپیرانتان پێش پێنج هەزار ساڵ شارستانیەتیان پێشکەش بە خەڵکی کرد ئەوکاتەی جیهان هەمووی لە تاریکایی‌دا دەژیا .. ئێمە ئەوە ناڵێین.. ئەوانن ئەمە دەڵێن چونکە ڕاستی‌ی زانستین .. کەواتە لێرە باپیرانتان شارستانیەتیان دامەزراند .. بەکار کردن‌و بەوورد‌ی‌و بەدڵسۆزی لەئەرك بەڕێوەبردن‌دا . . کاتێك دەربڕینی دڵ‌و گیانی‌ی مێزووی کۆنیەتی بۆبە لەپلەی یەکەم‌دا قورسی‌ی ڕزگارکردنی فەلەستینتان دەکەوێتە ئەستۆوە .

● گەلی میسر ●

دەمانەوێت مامەڵەکردنتان لەگەڵ برا میسرییەکانتان‌دا ئەگەر لەناوتان‌دا هەبن لەو مامەڵەکردنە باشتر بێت لەگەڵ خۆتان‌دا دەبکەن چونکە سادات نوێنەری گەلی میسر نیە . . گەلی میسر بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب‌و مێزووەکەی بەشێکە لەمێزووی نەتەوەی عەرەب .. ئێستا گەلی میسر نە بە گیان‌و نە لە واقیع‌دا لەگەڵ سادات‌دا نی‌یە .. فەرمانڕەوا تاکە کەسییەکان واقیعی خۆیان‌و واقیعی پەیوەندیان بە گەلەوە بەشێوەیەکی ڕاست تەسەور ناکەن . هەمیشە وای بۆ دەچن کە لە توانایاندایە بەسەر گەل‌دا زاڵ بن . . لە توانایاندایە ئەمری واقیع بەسەر گەل‌دا بسەپێنن بەڵام دوای ئەوە دەردەکەوێت کە ناتوانن . هەر بەم جۆرەیش بوو لە ئێران .. شا وای دەزانی لە توانایدایە بە دژ خواستی خۆی تاهەنایە بەسەر گەلی ئێران‌دا بسەپێنێت بەڵام کاتێك ڕووداوەکان کەبشتنە شوێنێك خۆبی دیت تاك‌و تەنیایە هەروەهایش سادات بەچاوی خۆتان دەبینن‌و دەشبینن ڕۆژێکی دێت خۆی دەبینێت ئاووڕی ئەمڵاو ئەلای خۆی بداتەوە کەس نەبەتە هاواریەوە ..

ئەمە چارەنووسی هەموو فەرمانڕەوایەکی تاکەکەسی‌یە.. ئێوە لە عراق‌دا بینیتان چەند فەرمانڕەوایەك هاتنە سەرکار بەکارکردن دڵسۆز دەبن بەئەرك بەڕێوەبردن دڵسۆز دەبن، تێدەگەن بۆچی بنیات دەنێن‌و بۆچی کاردەکەن ، فەلەستین ڕزگار دەبێت .. بێ‌گومان ئەوکاتە دەتوانین فەلەستین ڕزگاربکەین .

● فەلەستین ئەمانەتێکەو لەئەستۆتان دایە ●

پێویستە ئەوەتان لا ئاشکرا بێت کە فەلەستین ئەمانەتێکەو لە ئەستۆتان دایە، لەگەڵ ڕێزمان‌دا بۆ برا عەرەبەکانمان ئەوانەی هیواخوازین هەموویان دەورێکی سەرکردەییان هەبێت ..بەڵام لەبەر ئەوەی حزبەکەتان لەسەر ئەم خاکەدا سەری هەڵداو حزبەکەتان دەربڕینی دڵ‌و گیانی‌ی گیانی‌ی ئەتەوەبە لەپێشکەوتن‌دا بەرەو پێشەوە هەرودك چۆن پێش ١٩٥٨ نوێنەری گەل نەبوون .. فەرمانڕەوایی پاشایەتی‌و دوای ١٩٥٨ تا ١٩٦٨ ئەدی نەتانبینین چۆن بوون ؟ ئەوەی جل‌و بەرگی ئافرەت دەپۆشێت بۆ ئەوەی هەڵبێت لەگەڵ ئەوەبشدا لە چنگی گەل قوتار نابێت.. ئەوەی وا دەزانێت کە دەوڵەتە بێگانەکان ڕزگاری دەکەن کە دەرووخێت کەسیش نایەت ڕزگاری بکات چونکە گەل شۆڕشی بەرپاکردووە ، بۆیە خواستی گەل نەك بەتەنیا لە عراق‌دا بەڵکوو لەهەموو جێگایەك نابەزێنرێت.. کاتێك خواستی گەلان بەك‌دەگرێت‌و سەرکردایەتیەکی بۆ هەڵدەکەوێت بتوانێت سەرکردایەتی‌ی بکات‌و ڕێ نوێنی‌ی بکات دەتوانێت لەسەر زەمین هەموو شتێك ئەنجام بدات .

ئەوەی ئێستا دەبینین کارتەر ڕۆیشتووەو یەکێکی دی دێت .. ئەوانەی شەرەف لە قابڵبوونی بێگانەوە وەردەگرن .. ئەوانە لە ریزی گەلەکەمان‌دا جێگایان نابێتەوە .

شتێکی ڕەوایە بەڵکوو لە شکۆوەیە کە بە شوێن قایل بوونی گەل‌دا بگەڕێین .. فەرمانڕەواو سەرکردە بە شوێن ڕازی بوونی گەلەکەیدا بگەڕێت بەڵام ڕازی بوونی بێگانە بگرە تا دۆستیش .. بڕوانامەی نیشتمانیەروەرێتی‌ی فەرمانڕەوا نی‌یەو بڕوانامەی دڵسۆزی‌ی فەرمانڕەوا نی‌یە بەڵکوو لەوانەیە زۆربەی کات بڕوانامەی خیانەتکردنی فەرمانڕەوا بێت‌و هەروەها لایەن نەگرتن لەگەلەکەی‌و لایەن نەگرتن لە وولاتەکەی .

بڕوانە : ل : ٦

یەکێتیمان بویە دەوی چونکە ئێمە یەك نەتەوەین «پاشراوە»

گفتوگۆمان لەگەڵدا دەکەن کامیان باشترە .. لە بارەی یەکێتی‌یەوە وەکو مەبدەئێك گفتوگۆ لە بارەی یەکێتی‌یەوە بکەین بۆ عەرەب بەڵێ یان نەء ئەمە ناخەینە گفتوگۆوە .. سوشیالیزم بۆ عەرەب بەڵێ یان نەء .. ئەمە ناخەینە گفتوگۆوە بەڵام چۆنیەتی سوشیالیزم دەخەینە گفتوگۆوە .. لە بازرگانی‌دا چۆن لە پیشەسازی‌دا چۆن لە کشتوکاڵدا چۆن .. ئەم گفتوگۆیە بۆ هەموو عراقیەك ماوەی هەیە وبۆ هەموو سوریەك‌و عراقیەك لە دەولەتی یەکێتی‌دا پێمان دەڵێن هەڵەیە نابێ هەموو بازرگانی دەرەوە خۆمالی بکەن بەڵکو بۆ وێنە (٢٥٪) ی لێ خۆمالی بکەن ولە فلانە بواردا ئەمە ماوەی تێدا هەیە لە گفتوگۆدا لە کشتوکاڵدا مولکداری تایبەتی چۆن دەبێ ومولکداری سوشیالیستی چۆن دەبێ ، ئەویش ماوەی گفتوگۆکردنی تێدا هەیە ،بەڵکو پێویستە گفتوگۆی لە سەر بکرێ نەك هەر ماوەی هەیە . لە دیموکراتیەتدا هەی واهەبەرای‌وایە هەڵبژاردن دەبێ‌راستەو خۆ بێ‌و هی‌واهەیە دەڵێ نەء .. رامان وایە بە دوو قۆناغ بێ ئەمەش ماوەی هەیە بەڵام فیکرەی دیموکراتیەت دیموکراتیەت یان دیکتاتوریەت ، ئەمە ڕێگەی نادرێ .

دەونەتی یەکێتی‌و دیموکراتیەت

نەخێر دیموکراتیەت . . دەولەتی یەکێتی بێ دیموکراتیەت هەرەس دێنێ هەر وەکو هەرەسی هێنا نازادی حزبەکان لەسەر خەتێك کە لە سەری ڕێك دەکەوین نازادی ڕێکخستنی نبقابی‌و کاری نیقابی نازاد.. نازادی دەربڕین لەناو حزبەکاندا لە ناو حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستدا لە هەردو لقەکەیدا لە عراق ولە سوریا نازادی هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ دەزگاکانی دەولەتی یەکێتی بە نیرادەی نازادی تەواو بێ زەغت کردن بۆ هەموو ئەوهاو وڵاتیانەی جنسیەی سوری‌و عراقیان هەیە بێ جیاوازی ..برایان لە سوریا بانزە ساڵە لە حوکمدان ئێمە بانزە ساڵە لە حوکمداین ونەکەر باشس بانزە ساڵ نەتوانین نوێنەر بەو ڕێگایەدا بەبدا بکەین کە دەمانەوێ .. بیرۆز بێ لە کۆنە بەرسی کە حوکم لە عراقدا وەرگرێ‌و نەکەر باش بانزە ساڵ حزبی شیوعی عراق بە هەڵبژاردنی دیموکراتی کەڵبباتەوە .. لێ‌ی پیرۆزبێ وکەس دژی ناوەستێ .

بانزە ساڵ حوکمرانی وباش ئەو هەڵبژاردن بکەین وهەڵبژاردنەکە نیوە بەنیوە بێ .. نەء.. هەڵبژاردن دەبێ بە تەواوی نازادو دیموکراتیانە بێ .. بەڵام دیموکراتیەت لە هەڵبژاردندا ورێکخستن لە هێزە جەکدارەندا‌و چاوەڕێی هەل بکەی تا پێنج شەش ئەفسەر بە کە تیەی دەباباتی کۆشکی کۆمار بدۆزێتەوە وەکو ئێمە دۆزیمانەوە ئەمە مانای ئەوەیە ئێمەهەتاهەتا بەرەمان‌ناوێ ئەو بەردەیەی کە کۆمەڵی نوێ‌ی ئەتەوەیی یەکگرتووی ئازادی سۆشیالیست دروست دەکا لەسەر ڕێبازی دیموکراتیەت بەڵکو بەرەمان بۆ ئەوە دەوێ ببێتە هەڵێك بۆ ئەوەی بە بازێکی حیساب بۆ کراو بەتەنها بگەینە دەسەڵات . بەرە لە سوریا ولە عراق لە بەرەکانی هەموو دەولەتە شیوعیەکان باشترە بێ‌گومان ئێوە دەزانن لە عراق شۆڕش بە بازوو وئەقڵی بەعسیەکان بە تەنها دروست کرا لە شۆڕشدا جگە لە بەعسیەکان هاوبەش نەبوو دوو کەس نەبێ لە زروفی دەست نیشان کراودا خۆیان خزانە ناو شۆڕشەوەو بەر لەمە باسمان کردو لە ڕۆژی ٣٠ ئەیوزدا دەرکران. باش تەنها سیانزە ڕۆژ .. لە دەولەتە شیوعیەکان لە هەموو دەولەتە شیوعیەکان‌بە بێ بواردن . شۆڕشەکان بە هۆی بەردی نیشتیمانی‌یەوە کران- زۆربەی بوو بە هی یەك حزب‌و لە هەندێکی تردا بە بەرەبەکی شەکلی کە باوەڕیان بە مارکسیزم- لینینیزم هەیە نەك تیۆری هەموو ئەو حزبانەی کە ئێستا لە دەولەتە شیوعیەکاندا لە بەرەدان ئێمە ئەمە ناڵێین بەڵکو ئێمە دەڵێین هەر حزبە خوسوسیەتی بیروباوەڕی‌ی خۆی دەپارێزێ بەڵام پێویستە کادرێکی هاوبەش هەبێ کە تێیدا بیروباوەڕەکان لە سەر ڕێکای یەك کاری هاوبەش کارتێك بکەن ئەگینا چۆن...

سادات ڕێککەوتنەکان ئیمزا دەکا .. سادات وئاغاکانی ڕێککەوتنەکانیان ناوێ لە سەر بنەڕەتی ئەوەی گرانای مصر بکەن بەپارسەنگی گرانایی ئەتەوەی عەرەب بۆ بەرەنگاربوونی زایۆنی دوژمن بەڵکو ئاواتی لەمە زیاتر دەخوازن بە کارهێنانی‌کرانایی مصر دژی ئەتەوەی عەرەب وبەکار هێنانی سوپای مصر دژی ئەتەوەی عەرەب وبەکار هێنانی ئابووری مصر دژی ئەتەوەی عەرەب‌و بەکار هێنانی مصر وەکو پردێك بۆ بزوتنەوەی قازانجەکانی زایۆنیزم بۆ ئەفەریقاو بۆ نیشتیمانی عەرەب .. بەڵام ئامانجەکەیان ناهێننە دی چونکە گەلی عەرەب لە مصر ڕەفزی دەکا جا سادات هەر ئیدیایەك بکا چونکە حوکمرانی تا کە کەس هەمیشە تووشی بو غرابی دەبێ‌و هەمیشە درێژی خۆی لەوە زیاتر دەبینێ کە هەیەو کرانی خۆی لەوە زیاتر دەبینێ کە هەیە وتواناکانی خۆی لەوە زیاتر دەزانێ کە هەیە وهەموو خەڵك لەوە کەمتر دەزانن کە هەن‌و سوو کتریان دەزانن لەوەی کە هەن .. سادات لووتی بە ڕاستی‌یەکی تردا دەتەقێ ئەویش ئەوەیە کەلی عەرەبمان لە مصر عەرەبەو لەگەڵ ئەتەوەی عەرەبدایە ولە سەر ڕێکای ڕزگاریەو دژی قەوارەی زایۆنی ودژی ئیستیعمارە .

خایەن کێیە ؟

ڕێکا کامەیە ؟ ڕێکا ..ئەوەیە بەردەوام بین تا لەسەر هەمان خەت تێ بکۆشین ..ڕێکا ئەوەیە لە عراقولە سوریا هانمان بدەن تا لە یەکێتی عەرەبدا دەست وبرد بکەین لەسەر خێرایی نەك یەلە یەل کردن‌و لەسەر نیەتی ڕاست بۆ بەدی هێنانی یەکێتی لەباری ستراتیژیەوە نەك لەسەر بنەڕەتی بازدان بەسەر لێ قەومانێك یان وەزعێکی تایبەتی‌دا چ‌لە ڕووی زەمانەو چ حالەتەوە .

ڕێکا ئەوەیە جەماوەری عەرەب لە هەموو جێگایەك ڕزگار بکەین‌و پشتگیری وتوانا وباری ئاسانکەری بۆ دابین بکەین بۆ جێ‌هێشتنی هەر حوکمرانێکی خاین لە هەر جێگەیەکی نیشتیمانی عەرەبدا دەرکەوێ .

وەلەعەرفی ئێمەدا ئەو خەتەی کە ئەوە جیا دەکاتەوە لە نێوان ئەوەدا کە لەگەڵ ساداتدایە واتە ئەوەی لەگەڵ خیانەتدایە ونێوان ئەوەی دژی ساداتە واتە دژی خیانەتە پابەندی‌یە بە بڕیارەکانی کۆنفرانسی بالای بەغدا .

کۆنفرانسی بالای بەغدا) لە خیانەت بەو لاوە هیچی ترنیە ..(سەروو کۆنفرانسی بالای بەغدا) پێویستە لە سەرمان بیرۆزبایی هەر هەوڵێك بکەین کە بەرەوە سەرەوەتر پەل دەهاوێ چونکە کۆنفرانسی بالای بەغدا نزمترین ڕادەیە کە لەسەری ڕێك بکەوین بۆ یاراستنی نزمترین ڕادەی نەتەوەو- بەرستی‌و نیشتیمانیەروەری لەم ناوچەیەدا .

زۆر پێویستە ، برایان ، داوا لە هەموو کۆمەڵە پزیشکی‌و یەکێتی‌یەکانی هەموو نیشتیمانی عەرەب بکەن کە خۆیشان بدەن‌و بە بەرزترین دەنگ وبەهەموو توانایەکەوە ناڕەزایی دەربڕن کاتێك کە حوکمرانی مصر ڕێککەوتنە خیانەتکارانەکەی ڕۆژی دووشەمەی داهاتوو ئیمزا دەکا .نەك هەر ئەمە، بەڵکو پێویستە داوا لە هەموو جەماوەری عەرەب بکەین لە هەموو جێگایەك بۆ خۆپیشاندان وناڕەزایی دەربڕین‌و دەربڕینی توڕەیی بە هەموو شێوەیەك کە لەدەستدا بێ دژی ئەو خیانەتەی کە انور السادات ڕۆژی دووشەمەی داهاتوو دەیکا وبە ئەو پەرەی بەرەنگار بوونی شۆڕشگێڕانەی توندی نەتەوەیی نیشتیمانی‌ی ئێرانەوە بجوڵێتەوە لەکەل هەر حوکمرانەکەی کە دژی بۆ حوکمرانەکەی مصر دەبزوێ ئەوەی لە پارەداندا بە حوکمرانی مصر بەردەوام بێ خاینەو ئەوەی چەك بە حوکمرانی مصر دەدا وپارەکەی دەدا خاینەو ئەوەی موقاتەعەی ئابووری‌و سیاسی حوکمرانی مصر ناکا خاینە وئەوەی ڕێککەوتنەکانی حوکمرانی مصر پەسند دەکا خاینە .

ئەو حوکمرانە عەرەبەی کە پابەندنیە بە بڕیارەکانی کۆنفرانسی بەغداوە دەبێ بە خاین دابنرێ.جا خەلکی هەر جێیەك بێ ، چونکە لە بڕیارەکانی کۆنفرانسی بالای بەغدا بەرە وخوار ڕاتە شۆڕ بوونەوە بەرەو خیانەت . سەروو بڕیارەکانی کۆنفرانسی بالای بەغدا هەر کەسێك توانای هەیەو دەیەوێ بکا بە بەرزتر پێویستە لە سەرمان هەنگاوەکانی بەرەوپێشەوەو وبەرەو سەرەوە بە پیرۆز دابنێین .

ئەوانەی باڵیۆزبان بۆ کۆنفرانسی بالای عەرەب نارد ئەگەر باش ئیمزاکردنی سادات بە هەمان ڕێیازدا ڕەفتاریان کرد دەبێ بەخایەن دابان بنێین و دەبێ کەلەکەبان لە دژهان بدەین‌و هەموو ئەو توانایانە بدەن بەگەلەکەبان کە لایان دەباو ئەو توانایانەشمان هەیە کە بێ‌ی کەلەکەیان دژ بەوان هان بدەین وئەوە‌و توانایانەشمان هەیە کە کاری کەلی عەرەب بۆ ڕوخاندنی ئەو جورە حوکمرانە ئاحان دەکا .

لە مەودوا ناکرێ .. باش سیادەت هیچ بێك‌گەیشتنێك نیە ئەشێ لەسەر ئەوە ڕێك نەکەوین کە لێرە کۆماری بێ‌و لەوێ مەلەکیەت ولێرە سۆشیالیزم‌و لەوێ سەرمایەداری‌لێرە سۆشیالیزمێك کە لە جۆرێکی تر بێ‌و لەوێ سۆشیالیزمێك کە شێوەیەکی تایبەتی خۆی هەبێ ، بەڵام لەسەر ئەوە ڕێك نەکەوین کە ئایا خاك بۆ عەرەب بێ یان بۆ بێگانە ئەمە ناوی ئانرێ جیاوازی ئەمە جیاوازیە لەنێوان ئەوەدا کە عەرەب نیشتیمان- پەروەرو نەتەوە پەروەر بێت ونێوانی ئەوەدا کە خاین‌و لەگەڵ بێگانە دابی .

(خوارو‌و بڕیارەکانی کۆنفرانسی بالای بەغدا .

بەعسیەکان هاوبەش نەبوو دوو کەس نەبێ لە زروفی دەست نیشان کراودا خۆیان خزانە ناو شۆڕشەوەو بەر لەمە باسمان کردو لە ڕۆژی ٣٠ ئەیوزدا دەرکران. باش تەنها سیانزە ڕۆژ .. لە دەولەتە شیوعیەکان لە هەموو دەولەتە شیوعیەکان‌بە بێ بواردن . شۆڕشەکان بە هۆی بەردی نیشتیمانی‌یەوە کران- زۆربەی بوو بە هی یەك حزب‌و لە هەندێکی تردا بە بەرەبەکی شەکلی کە باوەڕیان بە مارکسیزم- لینینیزم هەیە نەك تیۆری هەموو ئەو حزبانەی کە ئێستا لە دەولەتە شیوعیەکاندا لە بەرەدان ئێمە ئەمە ناڵێین بەڵکو ئێمە دەڵێین هەر حزبە خوسوسیەتی بیروباوەڕی‌ی خۆی دەپارێزێ بەڵام پێویستە کادرێکی هاوبەش هەبێ کە تێیدا بیروباوەڕەکان لە سەر ڕێکای یەك کاری هاوبەش کارتێك بکەن ئەگینا چۆن...

سادات ڕێککەوتنەکان ئیمزا دەکا .. سادات وئاغاکانی ڕێککەوتنەکانیان ناوێ لە سەر بنەڕەتی ئەوەی گرانای مصر بکەن بەپارسەنگی گرانایی ئەتەوەی عەرەب بۆ بەرەنگاربوونی زایۆنی دوژمن بەڵکو ئاواتی لەمە زیاتر دەخوازن بە کارهێنانی‌کرانایی مصر دژی ئەتەوەی عەرەب وبەکار هێنانی سوپای مصر دژی ئەتەوەی عەرەب وبەکار هێنانی ئابووری مصر دژی ئەتەوەی عەرەب‌و بەکار هێنانی مصر وەکو پردێك بۆ بزوتنەوەی قازانجەکانی زایۆنیزم بۆ ئەفەریقاو بۆ نیشتیمانی عەرەب .. بەڵام ئامانجەکەیان ناهێننە دی چونکە گەلی عەرەب لە مصر ڕەفزی دەکا جا سادات هەر ئیدیایەك بکا چونکە حوکمرانی تا کە کەس هەمیشە تووشی بنچینەیەکی هاندەر بۆ عەرەبەکانی تا بێنە ڕیزی یەکێتی‌یەوە . کاتێك کە یەکێتی بنیات نرا ، ئەو (برایەی) کە لە پارەی وەرعی ئەردەنەوە پرسیاری لێ‌کردن ، سەد جار بەخێرایی ئەگەر برایانی ئەردەن بەکێتی‌یان لەگەڵماندا بوێ ئەو کاتە هیچ کران نیە باسی ئەو شێوەیە بکەین کە لەگەڵ خوسوسیەتەکانی ئەردەندا دەکونجێن‌و ئەردەن بە گەل‌و بەحوکمرانەوە دڵنیا دەکەین کەوا ڕێ‌وشوێنی یەکێتی بۆ ئەوە نیە لە باری سیاسیەوە باری لە سەر بکرێ بەڵکو ڕێ‌و شوێنێکە بۆ بەرەنگار بوونی نەتەوەیی هاوبەش وبەیەك بەر پرسیاری بەڵام ئەمە بۆ ڕزوف‌و بۆ ئەوە دەهێڵینەوە کە برایان لە ئەردەن بە گەل‌و حوکومەتەوە چ بڕیارێکی لە سەردەدەن . سڵاومان بەهەموو عەرەب بگەیەنن پێیان بڵێن دڵمان لەگەڵ هەر عەبێکدایە کە ڕێڕەوەکەی لە لایەن حوکمرانێکی نیشتیمانپەروەرو نەتەوە پەرستەوە سەرکردەیی دەکرێ ودڵمان لەگەڵ هەر عەرەبێکدایە کە حاکمێکی نا نیشتیمانپەروەرو نا نەتەوە پەرستی لێ بووبێ بەبەڵا بگرە هەوڵمان لەگەڵ هەردو لادایە لەگەڵ خوسوسیەتی هەردوو شوێنەوارەکەدا بە گوێرەی زروف. سڵاویان ائ بکەن لە جیاتی ئێمە وپێیان بڵێن براکانتان لە عراق هەمیشە بۆ چاکە نەك بۆ خراپە لەگەڵتاندان . بەنوانا بەشەری ونابووری‌و سیاسی‌و سوپایی‌یانەوە لەگەڵتاندان

خوا سەرتان خا والسلام علیکم

Institut kurde de Paris

بڕیارەکانی نۆیەم کۆنگرەی بەرزی عەرەبی کە لە بەغدا بەسترا

لەماوەی ٢-ەی تشرینی دووەمی ١٩٧٨ نۆیەم کۆنگرەی بەرزی عەرەب لە بەغدا بەسترا ، ئەویش دوای کە سادات ڕێککەوتنەکانی کامپ دێڤیدی هۆرکرد عراق داوای بەستنی ئەم کۆنگرەی کردو .. لە کۆتایی کۆبوونەوەکانی کۆنگرەدا بڕیاری وا دەرکرا کە خواستی زۆربەی مەزنی وڵاتە عەرەبیەکان دەگرنەوە . هەروەها ئەو بڕیارانە - بە لێکدانەوەی عراق - سنوورێکی نزمی ئەو تۆ بوو کە هیچ سنوورێك لەوە نزمتر نیە تەنیا ئەوە نەبێت کەوا واز لە بنەڕەتیەکانی ناو بەرژەوەندی نەتەوەیی و شەرەفی نەتەوەیی بهێنرێتو .. لەبەر گرانگی ئەو بڕیارانەو بۆ ئەوەی جەماوەرانی عەرەب ئاگاداریان بن وا دەقی ئەم بڕیارانە بڵاو دەکەینەوە .

بە دەسپێشکەری حکومەتی کۆماری عراق و ، لە سەر داوای بەڕێز سەرۆك مەهیب احمد حسن البکر ، لە ماوەی ٢-ەی ذی الحجەی ساڵی ١٣٩٨ کۆچی ڕێکەوتی ٢-ەی تشرینی دووەمی (نۆفەمبەر) ١٩٧٨ز نۆیەم کۆنگرەی بەرزی عەرەب لە بەغدا بەسترا .

بەڕێزان خاوەن شکۆو دەسەڵات و بەرزی ، مەلك و سەرۆك و میرەکانی وڵاتە عەرەبیەکان کە کۆبوونەوەی گیانێکی بەر پرسیارانەو نەتەوەیی و ئاگادارەکی هاوبەشی یەکێتی هەڵوێستی عەرەب لە ڕوو بەڕوو بوونەوەی ئەو مەترسی و هەڕەشەیەی کە بەرەنگاری نەتەوەی عەرەب دەبێو لە مەترسی لێکدابڕانو بە ڕەنگاری یەکتربوون بیا نەیارێزن - وتوویژیانکرد .

بە پێی ئەو بیروباوەڕانەی کە نەتەوەی عەرەب هەیەتی و لەسەر یەکێتی چارەنووسی عەرەب و ، بۆ ئەوەی لە نەریتەکانی کاری هاوبەشی عەرەب دەر نەچن .. بەڕێزان خاوەن شکۆر دەسەڵات و بەرزی ، مەلك و سەرۆك و میرەکانی وڵاتەکانی عەرەب لەسەر ئەمە ڕێککەوتن :

بنچینە بنەڕەتی یەکان

یەکەم : مەسەلەی فەلەستین مەسەلەیەکی عەرەبی و چارەنووسانەیە، هەروەها کاکڵی بەرەنگاری لەگەڵ دوژمنی زایۆنیدایە ، گشت ڕۆڵەکانی نەتەوەو دەوڵەتانی عەرەب پەیوەندیان پێوە هەیەو پێویستە لە پێناویدا تێبکۆشن و ، گشت قوربانیەکی مادی و مەعنەوی بۆی ببەخشن .

هەروەها ئەو تێکۆشانەی لە پێناوی گەڕاندنەوەی مافەکانی عەرەب لە فەلەستین و خاکی داگیرکراوی عەرەبدا دەکرێت ئەرکێکی گشتی نەتەوەیە و ، پێویستە هەر عەرەبێك لە لای خۆیەوەو بە هەمو توانا سوپایی و ئابوری و سیاسیەکەیەوە بەشداری تێدا بکات .

بەرەنگاری لەگەڵ دوژمنی زایۆنی دا لە سنووری بەرەنگاری ئەو دەوڵەتانە تێدە بەڕێت کە ساڵی ١٩٦٧ زەویەکانیان داگیرکراوەو هەموو نەتەوەی عەرەب دەگرێتەوە چونکە زایۆنیزمو قەوارەکەی لە خاکی داگیرکراودا مەترسیەکی لەشکری و سیاسی و ئابوری و شارستانی دەخاتە سەر گشت نەتەوەی عەرەب و بەرژەوەندیە سەرەکیە نەتەوەییەکانی و شارستانی و چارەنووسەکەشی بەردەکەوێت ، بۆیە پێویستە گشت وڵاتانی نەتەوەی عەرەب بە هەمو تواناکانیانەوە بەشداری لەم بەرەنگاربەدا بکەن .

دووەم : پێویستە گشت وڵاتانی عەرەب هەمو ڕەنگێکی پشتگری و لایەنگیری و ڕێخۆشکەرەوە بۆ ڕێبازە جۆراوجۆرەکانی خەباتی بەرگری فەلەستینی پێشکەش بکەن کە ڕێکخراوی ڕزگارکردنی فەلەستینی نوێنەری ڕاستەقینەی تاقانەی گەلی فەلەستینە لە ناوەوەو دەرەوەی خاکی داگیرکراودا- بۆ ئەوەی فەلەستین ڕزگار بکرێت و مافە نیشتمانیەکانی گەلی عەرەبی فەلەستینی بدرێتێ ، هەروەها پێویستە گشت دەوڵەتانی عەرەب یەکێتی نیشتمانی فەلەستینی بپارێزن و دەستدرێژی نەکەنە کاروباری ناوخۆی کاری فەلەستینی .

سێیەم :

پێویستە دەست بەرداری بڕیاری کۆنگرەکانی بەرزی عەرەب نەبین ، بە تایبەتی کۆنگرەی شەشەمو هەفتەم کە لە جەزائیرو ڕباط بەستران، بە دەستنیشانکردنی ئامانجی قۆناغانەی تێکۆشانی هاوبەشی عەرەب بە مانەی خوارەوە :

(١) ڕزگار کردنێکی تەواوی گشت ئەو خاکەی عەرەب کە لە دەستدرێژی حزیرانی (یونیو) ١٩٦٧دا داگیرکراوەو ، دەست لێ هەڵنەگرتن و واز لێنەهێنانی هیچ پارچەیەك لە خاکیان بەبەر دەسەڵاتی نیشتمانی سەر ئەم خاکە بکەوێت .

(٢) ڕزگارکردنی شاری قودسی عەرەب و ڕازینە بوون بە هیچ بارێك کە دەست لە دەسەڵاتی تەواوی عەرەب بەسەر شارە پیرۆزەکەدا بدات .

(٣) خۆبەستنەوە بە گەڕاندنەوەی مافە نەتەوەییەکانی گەلی عەرەبی فەلەستینی کە مافی گەڕانەوەو بڕیاردانی سەرچارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەلەستینی لەسەر خاکی نیشتمانی بە سەرکردایەتی ڕێکخراوی ڕزگارکردنی فەلەستینی کە نوێنەری ڕاستەقینەی تاقانەی گەلی فەلەستینە دەکرێتەوە .

دەوڵەکانی عەرەبیش لە هەموو ڕووبەك و بە هەموو ڕادەیەك پشتگیری ئەم دەوڵەتە کە دادەمەزرێت .

(٤) مەسەلەی فەلەستینی مەسەلەی گشت عەرەبەکانەو نابێت هیچ لایەنێکی عەرەبی دەست لەم خۆبەستنەوە هەڵگرێت .

چوارەم : بە پێی ئەوەی لە سەرەوە باسکرا ، لەو بنچینە سەرەکیانەی کە هیچ نابێت لێی دەربچین ، یەکان شلکردنەوەی تێدا بکەین ، ئەوەیە کە نابێت هیچ لایەنێك لە لایەنە عەرەبیەکان لە خۆبەوەو بە تەنیا چارەیەکی مەسەلەی فەلەستین بە تایبەتی و ، بەرەنگاری عەرەبی- زایۆنی بەشێوەیەکی گشتی نکات

پێنجەم :

هیچ چارەیەك بڕیاری کۆنگرەیەکی بەرزی عەرەب کە بۆ ئەم مەبەستە دەبەسترێت لەگەڵ نەبێت قبوول ناکرێت

بڕیارەکان

یەکەم :

کە هەردوو ڕێککەوتنەکەی کامپ دێڤێت مافەکانی گەلی فەلەستین و نەتەوەی عەرەب لە فەلەستین و خاکی داگیرکراوەکەی عەرەب دەگرێتەوەو ، لە دەرەوەی سنووری بەرپرسیاری گشت عەرەبەکان بووەو لەگەڵ بڕیاری کۆنگرەکانی بەرزی عەرەبدا ڕێکنا کەوێ بەتایبەتی بڕیارەکانی جەزائیرو ڕباطو پەیمانی جامیعەی عەرەبی و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووکان کە پەیوەندیبابە مەسەلەی فەلەستینەوە هەیەو ، ئەو ئاشتیە ڕاستە بەجێ ناهێنێ کە نەتەوەی عەرەب دەبەوێ ، بۆیە کۆنگرە بڕیاریدا کە ئەم دوو ڕێککەوتنە قەبوول نەکات و مامەڵە لەگەڵ ئەو ئەنجامانەدا نەکات کە لێیانەوە پەیدادەبن و هەموو ئەو شوێنکارە سیاسی و ئابوری و قانونی و هین تر ڕەفز دەکات کە لێیانەوە پەیدا دەبن .

(وەفدی میرنشینی عومان لەم بڕیارە سلەمیەوە) .

دووەم :

(١) کۆنگرە پێویستی بەکخستنی گشت تواناکانی عەرەب لە پێناو چارەسەرکردنی ئەو لەنگی یە ستراتیژی یە دووپات دەکاتەوە لە جەنگەوە پەیدا دەبێت .

(٢) ئەو دەوڵەتانەی کە ئامادەن و توانایان هەیە بە هێزێکی کاریگەر بەشداریەکی سوپایی لەگەڵ لایەنەکانی بەرامبەر دوژمندا بکەن ڕێکەکەون بۆ ئەوەی هێزەکانیان بکەن بە یەکو پلانی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە ئامادە بکەن .

گەلی فەلەستینە دەکرێتەوە . دەوڵەکانی عەرەبیش لە هەموو ڕووبەك و بە هەموو ڕادەیەك پشتگیری ئەم دەوڵەتە کە دادەمەزرێت .

(٤) مەسەلەی فەلەستینی مەسەلەی گشت عەرەبەکانەو نابێت هیچ لایەنێکی عەرەبی دەست لەم خۆبەستنەوە هەڵگرێت .

چوارەم : بە پێی ئەوەی لە سەرەوە باسکرا ، لەو بنچینە سەرەکیانەی کە هیچ نابێت لێی دەربچین ، یەکان شلکردنەوەی تێدا بکەین ، ئەوەیە کە نابێت هیچ لایەنێك لە لایەنە عەرەبیەکان لە خۆبەوەو بە تەنیا چارەیەکی مەسەلەی فەلەستین بە تایبەتی و ، بەرەنگاری عەرەبی- زایۆنی بەشێوەیەکی گشتی نکات

پێنجەم :

هیچ چارەیەك بڕیاری کۆنگرەیەکی بەرزی عەرەب کە بۆ ئەم مەبەستە دەبەسترێت لەگەڵ نەبێت قبوول ناکرێت

بڕیارەکان

یەکەم :

کە هەردوو ڕێککەوتنەکەی کامپ دێڤێت مافەکانی گەلی فەلەستین و نەتەوەی عەرەب لە فەلەستین و خاکی داگیرکراوەکەی عەرەب دەگرێتەوەو ، لە دەرەوەی سنووری بەرپرسیاری گشت عەرەبەکان بووەو لەگەڵ بڕیاری کۆنگرەکانی بەرزی عەرەبدا ڕێکنا کەوێ بەتایبەتی بڕیارەکانی جەزائیرو ڕباطو پەیمانی جامیعەی عەرەبی و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووکان کە پەیوەندیبابە مەسەلەی فەلەستینەوە هەیەو ، ئەو ئاشتیە ڕاستە بەجێ ناهێنێ کە نەتەوەی عەرەب دەبەوێ ، بۆیە کۆنگرە بڕیاریدا کە ئەم دوو ڕێککەوتنە قەبوول نەکات و مامەڵە لەگەڵ ئەو ئەنجامانەدا نەکات کە لێیانەوە پەیدادەبن و هەموو ئەو شوێنکارە سیاسی و ئابوری و قانونی و هین تر ڕەفز دەکات کە لێیانەوە پەیدا دەبن .

(وەفدی میرنشینی عومان لەم بڕیارە سلەمیەوە) .

دووەم :

(١) کۆنگرە پێویستی بەکخستنی گشت تواناکانی عەرەب لە پێناو چارەسەرکردنی ئەو لەنگی یە ستراتیژی یە دووپات دەکاتەوە لە جەنگەوە پەیدا دەبێت .

(٢) ئەو دەوڵەتانەی کە ئامادەن و توانایان هەیە بە هێزێکی کاریگەر بەشداریەکی سوپایی لەگەڵ لایەنەکانی بەرامبەر دوژمندا بکەن ڕێکەکەون بۆ ئەوەی هێزەکانیان بکەن بە یەکو پلانی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە ئامادە بکەن .

سالانە (١٥٠) مەلیۆن دۆلارو بۆ ماوەی دەساڵ لە لایەن ئەو دەوڵەتە بەشدارانەوە تەرخان دەکرێت کە لە (٢)ی سەرەوەدا ناوبراون بۆ پشتگیری کردنی خۆڕاگرتنی گەلی فەلەستینی لە خاکی داگیرکراوداو ، ڕێکخراوی ڕزگارکردنی فەلەستین - کە نوێنەری ڕاستەقینەی گەلی فەلەستینەو حوکومەتی مەملەکەتی ئوردونی هاشمی دابەشی دەکەن .

(٦) ئەو پارەی لە (٢)ی سەرەوەدا هاتوە هەر ساڵ بە سێ قیستی یەکسان دەدرێت کە قیستی یەکەم لە ١ی کانوونی دووەمی (یناير) ١٩٧٩ ڕاستەوخۆ لە لایەنی بەشدارەوە دەدرێتە لایەنی سوود وەرگر ، هەریەکە بە پێی ڕادەی بەشی خۆی لە گشت پارەکە .

پێنجەم :

کۆنگرە دووپاتیکردەوە کە پێویستە بە ڕژێمەکانی پشتێکردنی عەرەبو دەسەڵاتی جێبەجێکردنی خاڵەکانی بکرێتو ، هەر پیلانەکی بە دەوروبەریدا سووڕان لە ناوبەرێت .

شەشەم :

کۆنگرە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە پێویستە وڵاتانی عەرەب هاریکاری بکەن لە گەڵاڵە کردنی سیاسەتێکی ڕاگەیاندنی کاریگەرانە لە چوارچێوەی دەوڵەتاندا .. کە باردۆخی ئەم چوارچێوەیەو شێوازە زانستی بە پێشکەوتوەکانی لە بار چاو بێتو بە جۆرێکی وا کاری تێبکات کە بە لای بەرژەوندی مەسەلەی عەرەبدا بشکێتەوەو ئەمە دەخرێتە ئەستۆی وەزیرانی ڕاگەیاندنی عەرەب بۆ دانانی بەرنامەیەکی پێویست بۆیو بڕیاردان لەسەر بارباوکردنیدا .

حەوتەم :

(١) کۆنگرە بە چاوێکی بەرزەوەیی سەیری هەڵوێستە پشتگیریو هاریکاریەکانی کە دەوڵەتانی ئیسلامیو دەوڵەتانی بێلایەنو ، دەوڵەتانی کۆمەڵەی ئەفەریقاو ، دەوڵەتانی سۆشیالیستیو دەوڵەتانی تری دۆست دەکات کە لایەنی عەرەبو مەسەلەی عەرەبیان گرتوە هەروەها داوا لە هەموو ئەو دەوڵەتانە دەکات کە لەسەر ئەو هەڵوێستە مەبدەئیو وێژدانی یانەیان بەردەوام بن کە لە ڕووی قەوارەی زایۆنیزمو دەستە درێژیەکەی بۆ سەر نەتەوەی عەرەبیدا نواندوویانە .

(٢) کۆنگرە بڕیار دەدات کە چەند نێراوێکی تایبەتی خۆی بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی عەرەبو بڕیارەکانی کۆنگرەو داوای پشتگیری کردنی دەنێرێتە دەوڵەتە جۆر بە جۆرەکانی جیهان .

هەشتەم :

کۆنگرە هەمان بڕیارەکانی شەشەم کۆنگرەی بەرزی عەرەب لە جزائر دووپات دەکاتەوە کە پێویستە کۆبوونەوەی دەوری ی ساڵانە لە مانگی تشرینی دووەمی هەموو ساڵێکدا بۆ کۆنگرەی بەرزی عەرەب بکرێت .. لە هەمان کاتدا دەورەی ئاناسایش ئەگەر پێویستی هەبێت بە ڕەزامەندی بەشی هەرەزۆری دەوڵەتێك یان زیاتر لە دەوڵەتانی ئەندام بەبەسترێت .

نۆیەم :

جامعەی عەرەبی لە بەر زەحمەتی کۆبوونەوەیدا لە قاهیرە لەبەر هۆی ئەو بارودۆخە سیاسیە تازەدا بە شێوەیەکی دەووری لە ولاتانی عەرەب یەك بە دوای یەك لەسەر کۆبوونەوەکانی خۆیدا بەردەوام دەبێتەو ، لە حالەتێکدا ئەگەر ڕێکەوتننامەی ئاشتی لە نێوان حکومەتی میسرو زایۆنی دوژمن دا مۆربکرێت وەزیرانی دەرەوەی عەرەب لەسەر بانگهێشتنی وەزیری دەرەوەی عیراق لە بەغدا کۆ دەبنەوە بۆ تەکبیرکردنێکی پێویست بۆ گواستنی بارەگای جامعەی عەرەبی لە قاهیرەوە بۆ پایتەختێکی دیکەی عەرەبیو بە شێوەیەکی کاتی تا وەکو بارودوخێکی سیاسی لەبار هەڵدەکەوێت ومیسر دەگەڕێتەوە ئامێزی نەتەوەی عەرەبەوە . هەروەها ئەندامێتی میسر لە جامعەی عەرەبی لە بەرهەمان هۆ بەجۆرێکی کاتی ڕادەگیرێت .

وەفدی میرنشینی عومان بەرانبەر بەم بڕیارە سلەمیەوە) .

دەیەم :

لەبەر ئەوەی ئەو ڕێکەوتننامەی کە حکومەتی میسر لەگەڵ زایۆنی دوژمندا بە ستوویەتی بڕێتیە لە پەیوەندی دیپلۆماسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و سیاسیو بێجگە لە چەندەها پەیوەندی دیکە لەگەڵ زایۆنی دوژمندا ، ئەمەش دەبێتە مایەی خولقاندنی بارودۆخێکی تازەو پڕ لە مەترسی لە وڵاتی عەرەبی میسری برا کە لەگەڵ ئەوەبیاوەڕو خووڕەوشتەکانی نەتەوەی عەرەبو بناغەکانی بەربەستی عەرەبی دژی زایۆنی دوژمن ناکونجێتو بۆ چوپوونی ترسناك دێنێتەکایەوە وزایۆنی لە ڕێگەی ئەمەوەو لەر ڕێگای میسرەوە دێتە ناونیشتمانی عەرەبەوە ، لەبەر ئەوە کۆنگرە بڕیاری ئەمە دەدات :

-وەزیرانی دەرەوەو ئابووری دەوڵەتانی عەرەب بەکسەر دوا بە دوای مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی ئاشتی نێوان حکومەتی میسرو زایۆنی دوژمن کۆدەبنەوە بۆ دەستو بردکردن لە دانانی چەند پلانێك بۆ پاراستنی بەرژەوندیەکانی نەتەوەی عەرەبی لەهەموو بوارێکدا لە سەرووی هەموو شیانەوە بە جێهێنانی یاساکانی بەربەستی کردن بەرانبەر ئەو کۆمپانیاو دەزگاو تاکە کەسانەی کە لە کۆماری عەرەبی میسردا کە بە جۆرێکی ڕاستەوخۆ یان ڕاستەو خۆسات و سەودا لەگەڵ زایۆنی دوژمندا دەکەن و .. دوورکەوتنەوە لە هەموو کردەوەیەك کە زیان بە بەژەوەندیەکانی گەلی عەرەبی میسر بگەیەنێتو وەزیری دەرەوەی عراق بانگهێشتنی وەزیرانی دەرەوەو ئابووری بۆ کۆبوونەوەیان لە بەغداو جێبەجێ کردنیدا دەگرێتە ئەستۆی خۆیەوە .

هەروەها کۆنگرەوابەباش دەزانێ کە پێویستە ئەم بڕیارانەومەسەلەی ساتو سەودا کردن لەگەڵ گەلی میسری عەرەبی براوکەسانی (تەنیا ئەوانەی کە ڕاستەوخۆیا ناراستەو خۆسات و سەودا لەگەڵ زایۆنی دوژمندا دەکەن) بەردەوام لە بەر چاویێتو هەولبدرێت کە میسر بە خاك و گەلەکەی بە بەشێك لەنەتەوەی عەرەبو نیشتمانی عەرەبی بمێنێتەوە .. لە هەمان کاتدا کۆنگرە هەموو وڵاتانی عەرەب هاندەدات کە لە ساتو سەودای تەبیعی خۆیان لەگەڵ ڕۆڵەکانی گەلی میسر کە لە وڵاتانی عەرەب کاردەکەن و نیشتەجێن بەردەوام بن و چاودێریان وسەر بەنەتەوەی عەرەبێتیان پتەو بکرێتو بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا جیاوازی لە نێوان هەڵوێست بەرانبەر حکومەتی میسرو گەلی عەرەبی ڕەسەنی میسر بکرێت کە خۆشەویسترین قوربانی لە پێناوی مەسەلەی عەرەبو مەسەلەی فەلەستین بەخت کردوە .. هەروەها کۆنگرە هەموو وڵاتانی عەرەب هاندەدات کە بەردەوام بن لە سات و سەوداکردن لەگەڵ ئەو دەزگا نیشتمانیەی کە لەگەڵ زایۆنی دوژمندا سات و سەوداناکات وهاندانیان بۆ کارکردون و چالاکی پێواندن لە وڵاتانی عەرەبیدا لەو بوارانەی کە تێدا کار دەکات .. دیسان کۆنگرە وا بە باش دەزانێ کە ئەو کردەوەیانەی لەم ڕووەوە جێبەجێ دەکرێن بەرهەمی ڕۆشنبیری و هونەری میسر کە لە کانگای ئەو گەلەو پەیوەندی دێرینی بە ڕۆشنبیری عەرەبییەوە هەڵقولا بێ نەگرێتەوەو تەنیا هەڵوێستەکە بەرانبەر ئەو بەرهە فیکری و ڕۆشنبیری و هونەریانە بنوێندرێت کە لاف و گزافی سات و سەودا کردن لەگەڵ زایۆنی دوژمن یاخود ئەوەی پەیوەندی بە دەزگانیدا هەیە لێدەدات .

(وەفدی میرنشینی عمان بەرانبەرئەم بڕیارە سلەمیەوە)

یانزە : نۆیەم کۆنگرەی بەرزی عەرەب ، دوای چاو خشاندنێك بە پەیمانی کاری نەتەوەیی هاوبەش لە نێوان وڵاتی عراقو سوریا پیرۆزبایی لەم هەنگاوە دەکات کە بە گیانێکی بڕیانەوە لەسەر ڕێگای یەکێتی عەرەبەوە هاتە دیو کۆنگرە بە دەسکەوتێکی نەتەوەیی گەورە دەزانێت لە پێناوی پتەوکردنی هاریکاری دەوڵەتان و لایەنە تێکۆشەرانی عەرەبو قایمکردنی ڕوو بە ڕوو بوونی عەرەب دژی زایۆنی دوژمن وپیلانەکانی زایۆنیزم. هەروەها کۆنگرە ئەوەدووپات دەکاتەوە کە ئەم پەیمانە هەموو نەتەوەی عەرەب پێی دڵخۆشەو پشتگیری دەکات و ، بەتایبەتی لەو کاتەوە دێتە کایەوە کە مەترسی یەکان دژی چارەنووسی نەتەوەی عەرەب و ستاندنی مافە نیشتمانی یە ڕەواکانی گەلی عەرەبی فەلەستین و بەتایبەتی مافی گەڕانەوەی و دیارکردنی چارەنووسی خۆی و دامەزراندنی دەوڵەتە سەربەخۆییەکەی لە سەر خاکی نیشتمانی خۆیدا .

دوانزە : کۆنگرە بە چاوی ڕیزو شانازیەوە سەیری ڕۆڵی جەماوەری فەلەستین دەکات بە سەرکردایەتی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین لە ڕووبەڕووبونی پڕۆژەکانی زایۆنیزمو ئیمپریالیزمو بەتایبەتی لە ناو خاکی داگیرکراوداو کۆنگرە دووپات دەکاتەوە کە ڕەفزکردنی پڕۆژەی ئۆتۆنۆمی و هەموو جۆرە پڕۆژەیەك لە دەرەوەی نیشتمانەکەیاندا لە لایەن تێکرای گەلی نیشتمانی فەلەستینەوەو گردبوونەوەیان لە دەوری ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی بەو پێیەی کەتاکە نوێنەری شەرعی گەلی فەلەستینە بەڵگەی سووربونی گەلی فەلەستینە لەسەر بە جێهێنانی ئامانجە نەتەوەیی عەرەب بکات لە ڕزگارکردنی خاکی داگیرکراوی عەرەبو ستاندنی مافە نیشتمانی یە ڕەواکانی گەلی عەرەبی فەلەستین و بەتایبەتی مافی گەڕانەوەی و دیارکردنی چارەنووسی خۆی و دامەزراندنی دەوڵەتە سەربەخۆییەکەی لە سەر خاکی نیشتمانی خۆیدا .

دوانزە : کۆنگرە بە چاوی ڕیزو شانازیەوە سەیری ڕۆڵی جەماوەری فەلەستین دەکات بە سەرکردایەتی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین لە ڕووبەڕووبونی پڕۆژەکانی زایۆنیزمو ئیمپریالیزمو بەتایبەتی لە ناو خاکی داگیرکراوداو کۆنگرە دووپات دەکاتەوە کە ڕەفزکردنی پڕۆژەی ئۆتۆنۆمی و هەموو جۆرە پڕۆژەیەك لە دەرەوەی نیشتمانەکەیاندا لە لایەن تێکرای گەلی نیشتمانی فەلەستینەوەو گردبوونەوەیان لە دەوری ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی بەو پێیەی کەتاکە نوێنەری شەرعی گەلی فەلەستینە بەڵگەی سووربونی گەلی فەلەستینە لەسەر بە جێهێنانی ئامانجە نەتەوەیی عەرەب بکات لە ڕزگارکردنی خاکی داگیرکراوی عەرەبو ستاندنی مافە نیشتمانی یە ڕەواکانی گەلی عەرەبی فەلەستین و بەتایبەتی مافی گەڕانەوەی و دیارکردنی چارەنووسی خۆی و دامەزراندنی دەوڵەتە سەربەخۆییەکەی لە سەر خاکی نیشتمانی خۆیدا .

سیانزە : کۆنگرەی بەرزی عەرەب .. لەبەر مەترسی بارودۆخی لوبنانو بەپێی بۆچوونی خۆی و هەستکردنی بە پێداویستی نەتەوەیی کە داوا دەکات بە زووترین کات سنووریك بۆ ئەو کارەساتانەی لەسەر خاکی لوبنان ڕوودەدات دابنرێتو هەست کردنیەوە بە پێویستی یەکگرتنی ڕەنجەکانی عەرەبیدا بۆ کۆتایی هێنان بەو بارودۆخە کارساتاوییەی خاکی لوبنان، ئەو بڕیارانەی خوارەوەیدا :

١ - کۆنگرە ئەو بڕیارانە کە لە کۆنگرەی ریاض و قاهیرەوە دەرچوو لەگەڵ ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی بیت الدینی وەزیرانی دەرەوەی عەرەب سەر بە هێزەکانی ناو بڕیکەری عەرەبەوە هەبە دووپات دەکاتەوەو بە ڕێگایەك دەزانێت بۆ کۆتایی هێنان بە تەنگوچەڵەمەی لوبنان .

٢ - پشتگیری کردنی دەوڵەتی لوبنانو دەگرتنی بەهەموو هۆیەکو لە هەموو لایەنەکانی عەرەبیودەوڵەتانەوە تاوەکو بتوانێ دەسەڵاتی شەرعی خۆی بە تەواوی لەسەر هەموو خاکی لوبنانو خوارووی لوبنانیش بگرێت

٣ - جامعەی دەوڵەتانی عەرەب ڕابسپێردرێ کە پڕۆژەیەکی کاری عەرەبی هاوبەش دابنێت بۆ پشتگیری لوبنان بەمالو سامانو ئاوەدانکردنی هەموو دەزگایەکی بیناکاری بەرهەم هێنانو ئابووری و کۆمەڵایەتیو خانوو بەرە بە مەرجێك ئەو بەرنامەیە لە ماوەی سێ مانگدا بخرێتە بەردەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی جامعەدا کە لەسەر ئاستی وەزیرانی دارایی دەبێت .

چواردە : کۆنگرەی بەرزی عەرەب لە بەغدا بڕیار دەدات ئەو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی جامعە لە (١)و (٢)ی تەموزی ١٩٧٨دا دژی کۆماری میللی بەمەنسی دیموکرات دەر کرد بوو پوو چەڵ بکرێن .

بروانە : ل : ٧

Institut kurde de Paris

ووتەکانی جێگری بەڕێز بۆ جەماوەری میسان و بنکەیەکی سوپایی لە ذی قار «پاشماوە»

● هاوڕێیانی ڕێگا ●

ئەی هاوڕێیان داواتان لێدەکەین .. هاوڕێیانیش ووشەیەکە بەعەبیەکان و غەیری بەعەبیەکان دەگرێتەوە ـ ئەم ڕێگا نوێیە بگرنەبەر .. هاوڕێیانی ڕێگا بۆ هەموو عراقییە دلسۆزەکان و هەموو عەرەبە دلسۆزەکان بە چاوپۆشین لە چوونە ڕیزی حزب یان نەچوونە ڕیزیەوە چونکە حزب هەروەکوو پتر لەبەك جارو لەزۆر بۆنەدا ووتوومە بەتەنیا حزبی بەعەبیە ڕێکخراوەکان نیە بەتەنکوو بووەتە وێژدانی نەتەوەو پرۆگرامەکەی لە ڕێگەیەدا بەرەو ڕزگاربوونو لە ڕێگەیدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسیەکانو لە ڕێگەیدا بۆ بنیاتنانی شارستانیەتی نوێو هەروەها لە سەر هەمان ڕێگا حزبی هەموو عراقییەکانە .

● جێگری بەڕێز چاوی بەکارکەرانی دەزگای گشتی شەکری میسان دەکەوێت ●

هەروەها جێگری بەڕێز لەدوایدا چاوی بە کارکەرانی دەزگای گشتی شەکری میسان کەوت لە قەزای المجر الکبیرو ئەو وتەیەی خوارەوەی لەناو جەماوەری کرێکاران و ڕۆلەکانی قەزاقەکەدا دا :

برایان ڕۆلەکانی قەزای المجر ..

برایان کارکەرانی کارکەی شەکری میسان بەناوی سەرکردایەتی ئۆرشو سەرۆکی تێکۆشەر احمد حسن البکر ەوە سلاوتان لێدەکەم .. لە ڕێی ئێوەوە سلاو لە تێکۆشانی گەلی مەزنی عراقمان و نەبەردی گەلەکەمان لە میسان و قوربانیەکانی گەلی مەزنی عراقمانەوە دەکەم . برایان باوەڕ ناکەم حاکمێکی عاقل و سەرکردەیەکی چاوکراوە لە واتای لایەنگیری گەلەوە بگات و لەڕێگای گەل لابدات و بەرانبەر ئەو ئەمانەتە خیانەت بکات و ڕێگایی دوژمنایەتیی گەل و ڕێگایەکی دوژمنانە یاخود بێچەوانەی ئاواتی گەلان بگرێتە بەر .. بەڵام نەك هەموو حاکمەکانو سەرکردەکان بەڵکو نەك هەموویان هەست بەو خۆشی یە دەکەن کاتێك کە ڕێگای گەل و شادمانی ئەو گەلەو ڕێگای ئامانجەکانی گەل دەگرنە بەر ، ئەگەر حاڵ وابوایە هیچ خانێکمان لە نیشتمانی عەرەبیدا نەدەدیت .. هەروەها ئەگەر حاڵ وابوایە هیچ خانێکمان لە جیهاندا نەدەدیت .. بەڵام خیانەتکاری لەوە دەست پێدەکات کاتێك کە ڕێگای ڕەسەنی گەل ون دەکرێت .. خیانەتکاری لەوەوە دەست پێدەکات کاتێك کە حاکم لەگەل دەبێتەوەو لە ڕێگای ئامانجەکانی گەل لادەدات . لەبەر ئەوە ئەمڕو چەند کەسێکی خاین لە نیشتمانی عەرەبدا دەبینینو واتای خیانەتکاری بەرانبەر نەتەوەو گەل دەردەخات (حاکمی میر انور السادات).

● ڕێگای ڕزگاری ●

ڕێگای ڕزگاربوون ڕێگای حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستە ئەوە ئاڵتێن بۆ کەم کردنەوەی نرخی ڕێگاو بیروباوەڕەکانی دیکە . . بەڵام ئەوەی کە بەشێوەیەکی زانستی و مەوزوعیانە چەسپاوە ئەوەیە کە ڕێگای حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ڕێگای نەتەوەی عەرەبە چونکە برایان حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست تەنیا ناوێك و هۆیەکی مەرکەزی تێکۆشان یاخود ڕێگایەکی مەرکەزی تێکۆشانی تەقلیدی نییەو بەس بەڵکو حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست شتێکە پێویستی مێژووو سەربەرزی نەتەوەی عەرەب لەخاچەکانی ڕابردووەوە هەڵگرتوە . حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لەگەڵ بیروباوەڕو خوورەوشتو کردارەکانیدا مێژووی بابەران ئەوانەی ئەو شتەی دەکرێ بۆ نەتەوەکان کردووبانەو ئەوانەی کە شارستانێتی و خوورەوشتی مرۆڤایەتیان لەسەرخاکی عەرەبدا بنیادناوە بە نوێژەن کردنەوە گرتۆتە خۆیەوە .. لەبەر ئەوە ئەی برا خاوەنی هەڵمەلە تۆ لەسەر هەقی .. ڕێگای ڕزگاری ڕێگای حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستە ، بەڵێ دەزانین ئێوە هەموتان پاڵەوانن .. بەڵێ ئێوە پاڵەوانن نەك لەبەر ئەو مێژوە پڕ لەقوربانییەو هەڵوێستی نەبەردی پاڵەوانانەی کە شۆڕشی ١٧-٣٠ی مەزنی تەمووز کە حزبەکەتان لە ساڵی ١٩٦٨دا سەرکردایەتی کرد هەڵتان گرتوە .. ئێمە دەزانین کە ئێوە لەبەر ئەو خوورەوشتانەی کە لەسەر شانتانەوە هەڵگرتوە پاڵەوانن .. ئێوە ئەمڕۆ پەیامە مەزنەکەی عەرەب کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بەهەموو مرۆڤایەتیتان گەیاندوە هەڵتان گرتوە بەڵام بەشێوەیەکی تازەو گیانێکی بەرەبێدراو کە لەگەڵ ئەم چەرخە تازەدا بگونجێت .

بەرپرسیاری ئێوە گەورەیە

ئەو کەسانەی ئەم جۆرە پەیامە مەزنە هەڵدەگرن هەردەبێت قارەمانبن تا بتوانن بە دلسۆزییەوە ئەمانەتەکە بەجێبێنن .. بۆیە لێرەوە بەرپرسیارییەکە دەست پێدەکات کە هەوەوە دەست پێدەکات کە هەر یەکە لە ئێوە لە شوێنی خۆیەوە لە کارگەو لە سوپاو لە پۆلیسدا ، لە ریزی ئافرەتانو لە ریزی بیاوانداو لە ناو قوتابخانەو کارگەو کێڵگەکانداو .. هەر کەسێك لەئێوە بەرپرسیارە نەك تەنیا لە بینای عراقی گەشەسەندووی بەهێز ، بەڵکوو بەرپرسیارەو پێویستی دەورێکی نەتەوەیی سەرکردایەتی بەرزی لە ڕزگارکردنی گشت نەتەوەی عەرەبدا دەکەوێتە ئەستۆ .

بەرپرسیاری ئێوە گەورەیە نەك تەنیا لەبیناکردنی عراقداو بەس .. بەرپرسیاری ئێوە لە چەسپاندنی بەهای نوێکانی گشت نەتەوەی عەرەبدا گەورەیە بەرپرسیاری ئێوە لە بەرگریکردن لە شەرەفی نەتەوەی عەرەب لەگشت شوێنێکا گەورەیە .. بەرپرسیاری ئێوە بەدەورێکی سەرکردایەتی لە بەرگریکردن لە خاکی عەرەب لەگشت شوێنێکا گەورەیە .

بەرپرسیاری ئێوە لە گەڕاندنەوەی خاکی عەرەبی داگیرکراوو لە پێشکەکیدا خاکی فەلەستین گەورەیە . ئێمە بەبێ سنوور باوەڕ بەئێوە دەکەین .. باوەڕی ئێمە پێتان وەکوو باوەڕی ئێمەیە بەو بیروباوەڕانەی کە هەتانەو لەپێناویاندا دەژین .. وەکوو باوەڕو بڕوامانە بەو مەبدەئانەی کە پێشتر بابیرانتان هەڵیانگرتووەو بەبەیامو بەهای مرۆڤانە بە جیهانیان گەیاندوە . بەکاری جەددیو وردو دەتوانین مەبدەئەکان جێبەجێبکەین . هەر یەکە لە ئێمە ئەگەر بە دلسۆزیو بەوورد یو بەبێ کۆڵنەدان کاربکرد ئەوا دەتوانێت بگاتە ئامانجەکانی تێکۆشانی عەرەبو ئەو ئامانجانەی کە بۆ بەرژەوەندی عراقیەکان لەسەر ڕێگای ڕزگارکردنی گشت نەتەوەی عەرەبدا ڕیزکراون .

بێگومان ئەگەر هەر فەرمانڕەوایەکی خایین بەك زەرە هەستی نیشتمانیەروەری هەبێت لە تەلەفزیۆندا بتان بینێو دەنگتان ببیستێت .. وا دەزانم ئەگەر ڕادەی لەسەدان یەك هەستی بەو خوێنە عەرەبیەی تێدا هەبێت کە لە ڕێگای ئەوەو بیروباوەڕانەدا ڕژاوە کە باسمان کردن ، ئەوا نابێت خایین بێت . بەڵام ئەوە فەرمانڕەوا خایینانە .. ئەو فەرمانڕەوایانەی کە خیانەتی گەلەکانیان دەکەن .. بەکەم شت توانای هەستکردن بە وێژدانو توانای بینینی بەیوەستە ڕاستەقینەو کانگایەکانی گەل وون دەکەن.

خودا یاریتان بداتو یاری ئەرکو تێکۆشانتان بداتو سلاوی خواتان لێبێت .

بەڕێز جێگر چاوی بەئەفسەرو سەربازان لە بنکەی سوپای ذیقار دەکەوێت

لەڕێگای گەڕانەوەی بەڕێز جێگر بۆ بەغدا نیوەڕۆی ١٩-٣ چاوی بە ئەفسەرو ئەفسەری ریزو سەربازەکانی بەکێ لە بنکە سوپایەکانی پارێزگای ذیقار کەوت کە بەڕێز مخلف محمود حردان پارێزگاری ذیقارو رازیاری سەرکردایەتی لقی ذیقاری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست هاوڕێ کاظم بطینو عەمیدی ڕوکن سەرکردەی هێزەکانی قادسیە پێشوازییان کرد .. بەڕێز جێگر ئەم ووتارەی بۆ خەڵکی بنکەکەدا :

ئێمە ئێوە دەبینین .. لە ناوچەوانتان .. ئەو ناوچەوانە خۆگرو مژدەدەرانە دەبینین کە لە کاتی چاوپێکەوتنی ئەفسەرە براو فەرماندەو سەرکردەکانتاندا دەبان بینین .. ئەو کاتەی کە چاومان بەئێوە دەکەوێت .. کە شێوەنمانە کاتێ بەرامبەر باشگەزبوونی فەرمانڕەوا خایینەکانی وەکو سادات لەمیسر دەوەستێین

بەڵام ئاڵتێن شێوەنمان چونکە ئەم ووشەیە زۆر جار لەکاتی بێهێزیدا بەکاردێت نەك لە کاتی بەهێزیدا .. بەڵام دەڵێین دەڕێژێ . ئەوەی لە ناوچاوانو چاوەکانتاندا دەبینین ئەوەیە ڕێگای فەلەستینو ڕێگای سەرفرازی بۆ بیناکردنی بەهاکانی بابیرانتان کە لەپێشدا بینابازکردووەو بەپەیامێکی مرۆڤانەی خۆشەویست پێشکەشی گشت جیهانیان کردووە . کە ئێوەو گەلی عراقی پاڵەوانی تێکۆشەری دلێر لە هەر شوێنێکا دەبینینو .. کە هێزەکانی سوپای دلێرمان لە هەر شوێنێکا دەبینین ڕێگای سەرکەوتنو ڕێگای بیناکردنی سەرفرازی نوێو شارستانێتی نوێی عەرەب لە وێژدانو دەروونماندا نوێ دەبێتەوەو پتەوتریش دەبێت .

سلاومان بە هاوڕێ پشوودراوەکانتان بگەیەنەنو پێیان بڵێن کەوا هەڤاڵەکانتان لە سەرکردایەتیدا لە هەڤاڵ رازیاری قوتریەوەسەرەك کۆمار بگرە لەگەڵ گشت ئەندامانی سەرکردایەتیدا سلاوتان لێدەکەنو .. پێیانیش بڵێن .. ئێمە بەشێکین لە ئێوە لە هەستو ئاوات و هیواو ئیازتاندا . بەشێکی بەگگرتووی تێکەڵاو کە بۆ خێری عراقو خێری نەتەوەی عەرەب کاردەکات و سلاوتان لێبێت .

ئ . د . ع

ئیرادەی نەتەوە بەسەر خیانەتکاریدا سەرکەوت «پاشماوە»

لە بەر ئەوەی حوکومەتی کۆماری مصری عەرەبی گوێی نەدایە بڕیارەکانی کۆنفرانسەکانی باڵای عەرەب بەتایبەتی بڕیارەکانی هەردو کۆنفرانسی شەشەم وحەوتەم کە لە جەزائیر ورەباط گیرانو لە هەمان کاتدا گوێی نەدایە بڕیارەکانی کۆنفرانسی نۆبەمی باڵای عەرەب بەتایبەتی بانکەوازی مەلیك و سەرۆك و شازادە عەرەبەکان بۆ ئیمزانەکردنی هەر ڕێککەوتنێکی ئاشت بوونەوە لەگەڵ زایۆنی دوژمنداو (٢٦)ی ئازاری ٩٧٩ بەیەمانێکی ئاشت بوونەوەی لەگەڵدا ئیمزا کردو بەوە لە ریزی عەرەب دەرچووو بە دەست تێکەڵاوی لەگەڵ بەگگرتوەکانی ئەمەریکادا ئەوەی هەڵبژارد کەلەگەڵ زایۆنی دوژمندا شوێن بوەستێو بە شێوەیەکی یەك لایەنە کاروباری مل ملانێی عەرەبو زایۆنیزمی خستە ئاراوەو دەستی تێخستو مافەکانی نەتەوەی پێشێل کرد وچارەنووسو تێکۆشانو ئامانجەکانی نەتەوەی خستە بەر مەترسی خەتەرو مەیدانخوازی کە مایەی هەرەشەن بۆی ، ودەستی لە فرمانی نەتەوەیی خۆی هەڵگرت لە بواری ڕزگارکردنی خاکی داگیرکراوی عەرەبدا بەتایبەتی قودس ؛ ولە بواری ودەرکرتنەوەی مافە نیشتیمانیە نەگۆڕەکانی گەلی عەرەبی فەلەستیندا ، بە مافی گەڕانەوەو مافی دەست نیشان کردنی چارەنووسو دامەزراندنی دەولەتی فەلەستینی سەر بەخۆوە لە سەر خاکی نیشتیمانی خۆی

ولە پێناوی پاراستنی هاوکاری عەرەبو یەکێتی ریزەکانیدا بۆ داکۆکی کردن لە مەسەلە چارەنووسیەکەی عەرەب .

ووەکو ریز لێنانی خەباتی گەلی عەرەب لە مصرو فیداکاریەکانی لە پێناوی مەسەلەکانی عەرەبداو بەتایبەتی مەسەلەی فەلەستین خۆی.

وبۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانەی کە کۆنفرانسی نۆبەمی باڵای عەرەب کە لە بەغدا لە ٢-٥ی تشرینی دووەمی ١٩٧٨دا گیرا ، دەری کردن .

ولەسەر بانگ کردنی حوکومەتی کۆماری عراق .. ئەنجومەنی جامعەیی دەولەتە عەرەبەکان لە بەغدا لە ئاستی وەزیرانی دەرەوەو ئابووریو دارایی عەرەبیدا لە (٢٧-٣-٩٧٩)وە تا ٣١-٣-٩٧٩ بەسترا ، وئەنجومەنەکە ، لەبەر تیشکی بڕیارەکانی کۆنفرانسی نۆبەمی باڵای عەرەب لە بارەی دوا گۆڕانەکانی مل ملانێی عەرەبو زایۆنیزمەوە کۆلیەوە بەتایبەتی باش ئەوەی حوکومەتی کۆماری مصر عەرەبی ڕێککەوتنی ئاشت بوونەوەی لەگەڵ زایۆنی دوژمندا لە (٢٦)ی ئازار (مارس) ی ١٩٧٩دا ئیمزا کرد .

وەزیرانی دەرەووی عەرەب کە بریتی بوو لە بەڕێرانو وزیرانی دەرەووی عەرەب بڕیاری لەسەر ئەمەی خوارەوەدا :

١ أ- کێشانەوەی خێرای باڵیۆزەکانی دەولەتانی عەرەب لە مصر .

ب - راسپاردنی بڕینی بەیوەندیە سیاسی و دیپلۆماسیەکان لەگەڵ حوکومەتی مصردا بە مەرجێك حوکومەتە عەرەبەکان ئەو ئیجراتانە بکەن کە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم راسپاردەیە پێویستە ، لە ماوەیەکدا کە ئەو سەرەکەی یەك مانگ پێت لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارەوە هەر کەسە بەپێی ئەو ئیجراتانە دەستوورییانەی کە لە ولاتەکەیدا بەپێوەی لێ دەکرێ .

٢ راوەستاندنی ئەندامەتی کۆماری عەرەبی مصر لە جامعەیی دەولەتە عەرەبەکاندا لەو ڕۆژەوە بکەوێتە کار کە حوکومەتی مصر بڕیار بدات تێیدا ڕێککەوتنی ئاشت بوونەوەی لەگەڵ زایۆنی دوژمندا ئیمزا کرد .

٣ أ- شاری تونس بایتەختی کۆماری تونس بەپێی مەلبەندی وەختەکی جامیعەیی دەولەتە عەرەبەکانو ئەمینداریە گشتی بەکەیو ئەنجومەنە وەزارییە تایبەتەکانیو لیژنە فەنیی هەمیشەیی یەکانی لە ڕۆژی ئیمزاکردنی بەیمانەکەوە لە نێوان حوکومەتی مصر وزایۆنی دوژمندا هەموو ڕێکخراوو دەزگا دەولەتیو هەریمایەتی یەکان لەم بارەیەوەو .. بەوەش کە هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ جامیعەدا بەهۆی ئەمینداریە تی یەوە دەبێ لە مەلبەندی وەختەکی نوێیدا ، ئاگادار بکرێن

ب - دا واکردن لە حوکومەتی کۆماری تونس بۆ پێشکەش کردنی ئەو یارمەتیەی کە لە توانایدایە بۆ ئاسان کردنی دامەزراندنی مەلبەندی وەختەکی جامیعە وفەرمانبەرەکانی .

و - دروست کردنی لیژنەیەك لە نوێنەرانی عراقو سوریاو تونسو کوێتو سعودیەو جەزائیر لەگەڵ ئەندامێکی ئەمینداریتی گشتیدا بۆ جێبەجێ کردنی ئەحکامی ئەم بڕیارە وهەوڵدان لای دەولەتە ئەندامەکان بۆ پێشکەش کردنی ئەو یارمەتیانەی کە پێویستیەتی ولیژنەکە هەموو ئەو دەسەڵاتانەی ئەنجومەنی جامیعەیی دەدرێتی کە جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە دەبەوێ .. بە پاراستنی هەموو مومتەلەکاتو پارەی جامیعە.. وبەڵگەنامەو ئۆمارەکانی یەوەو کردنی کاری پێویست دژی هەر شتێك کە حوکومەتی مصر بۆ کۆسپ خستنە بەر گواستنەوەی مەلبەندی جامیعەیان کەوتن لە مافو مومتەلەکاتەکانی بیکا .. بە مەرجێك ئەو لیژنەیە مەسەلەی گواستنەوە بۆمە لبەندە وەختەکیە کە لە ماوەی دووماڵگدا لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارەوە جێبەجێ بکا کە ئەشێ بۆ ماوەیەك مانگ بە بڕیارێکی لیژنە درێژبکرێتەوە .. ولیژنەکە ڕاپۆرتێك لە بارەی جێبەجێ کردنی فەرمانەکەیەوە پێشکەش بە یەکەم کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەنی جامیعەی عەرەب بکا .

د - ٥ - پێنج ملیۆن دۆلار دەخرێتە ژێر دەستی لیژنەکەوە بۆ خەرجی گواستنەوە ونەم بارەیە لە ڕەسیدە بەردەوامەکانی سندوقە جۆراوجۆرەکان دەکێشرێتەوە ولیژنەکە مافی ئەوەی هەیە لە کاتی پێویستیدا لەوە زیاتر پارە خەرج بکا .. سەرف کردن بۆ ئەم مەبەستە لە ژێر چاودێری لیژنەکە خۆی یان ئەو کەسەدا دەکرێ کە دەسەڵاتی دەداتێ .. بە مەرجێك ئەم خەرجانە لە لایەن دەولەتە ئەندامەکانەوە بدرێ هەر کەسە بە گوێرەی بەشداری ساڵانەی لە بۆ دجەی جامیعەدا .

هـ - گواستنەوەی ئەو فەرمانبەرانەی ئەمینداریتی گشتی کە لە کاتی دەرچوونی ئەم بڕیارەدا لە کاردان لە مەلبەندی هەمیشەیی یەوە بۆ مەلبەندە وەختەکیەکە لەو ماوەیەدا کە لە برگە (٣ ج) ی ئەم بڕیارەدا دانراوە .

ئەو لیژنەیەی کە لە برگەی سێیەمی سەرەوەدا بەنجەی بۆ کێشراوە دەسەڵاتی ئەوەی دەدرێتی کە بژاردنی دارایی ئەوتۆیان بۆ دابین بکا کە لەگەڵ ئاستی ژیان لە مەلبەندە تازەکەدا بگونجێ ، ووەزعیان تا دانانی سیستەمێکی هەمیشەیی بۆ ئەم مەبەستە دابین بکرێ ..

٤ - ئەو ڕێکخراوودامەزگاو مەکتەبانەی جۆرەکی بە عەرەبیە تایبەتانەی کە لە لیستەی ژمارە یەکدا ناویان نووسراوە دەبێ ئەو کارانە جێبەجێ بکەن کە بۆ ڕاوەستاندنی ئەندامەتی مصر تێیاندا پێویستن ، مەلبەندی ئەوانەی کە لە مصرن بگۆڕێرێنەوە بۆ دەولەتی عەرەبی تر بە شێوەی وەختەکی وەکو ئەوەی کە لە بارەی ئەمانەتی گشتی جامیعەوە دەکرێ . ئەنجومەن ودەزگاکانی ڕابەراندنی ئەو ڕێکخراوو دامودەزگاو بەکێتی بانە دەبێ خێرا بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە لە ماوەیەکەدا کە تێیەڕنەکا کە لە برگە(٣-ج)ی سەرەودا دەست نیشان کراوە

٥ - کارکردن بۆ ڕاوەستاندنی ئەندامەتی کۆماری عەرەبی مصر لە بزوتنەوەی بێ لایەنی و ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامیو ڕێکخراوی یەکێتی ئەفەریقیدا لەبەر ئەوەی بڕیارەکانی ئەو ڕێکخراوانەی لە بارەی مل ملانێی عەرەبو زایۆنیەوە پێشێل کردوە .

٦ - هەردەوامو هەڵسو کەوتو ڕەفتار لەگەڵ گەلی عەرەبی برادا لە مصرو لەگەڵ ڕۆلەکانیدا ، ئەوانە نەبێ کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەگەڵ زایۆنی دوژمندا هاوکاریان کردوە .

٧ - دەولەتانی ئەندام هەڵوێستی خۆیان لە بەیمانەکەی مصرو ئیسرائیل بە هەموو دەولەتە پێگانەکان بگەیەنن وداوایان لێ بکەن کە پشتگیری ئەم پەیمانە نەکەن ، لەبەر ئەوەی دەست درێژی بۆ سەر مافەکانی گەلی فەلەستینو نەتەوەی عەرەب دروست دەکاو دەبێتە مایەی هەڕەشە کردن لە ئاسایشو ئاشتی لە جیهاندا .

٨ - تاوانبارکردنی ئەو سیاسەتەی کە ولاتە بەگگرتوەکانی ئەمەریکا پەیڕەوی لێ دەکا لە بواری ئەو دەورەیدا کە لە بەستنی هەردو ڕێککەوتنەکەی کامپدێڤیدو پەیمانی مصرو ئیسرائیلدا بینی .

٩ - ئەو ڕێوشوێنانەی کە لەم بڕیارودا دانراون وەختەکینو هەر کە ئەو بارودۆخانەی بوون بە هۆی دانانیان لاچوون بە بڕیارێکی ئەنجومەنی جامیعە هەڵدەو شێنرێنەوە .

١٠ - دەولەتە عەرەبەکان ئەو یاساو بڕیارو ئیجراتاتە دەرکەن کە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە پێویستن .

هەروەها ئەنجومەنی جامیعەی عەرەب کە بریتین لە بەڕێزان وەزیرانی دەرەوەو ئابووریو دارایی عەرەبو ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دەرکرد :-

یەکەم : وەستاندنی دانی هەر قەرزێك یان ئیداعێك یان بارمتەیەك یان ئاسانکاریەکی بانکی یان بەشداری کردنو یارمەتی دارایی و عەینی و فەنی لە لایەن حوکومەتە عەرەبیەکان یان دەزگاکانیانەوە بە حوکومەتی مصر ودامودەزگاکانی لە ڕۆژی ئیمزاکردنی پەیمانەکە وە .

دووەم : قەدەغەکردنی پێشکەش کردنی یارمەتی ئابووری لە لایەن ئەو سندوقو دەزگا دارایی یە عەرەبیانەوە کە لە چوارچێوەی جامیعەی عەرەبیو هاوکاری عەرەبی هاوبەشدا هەڵدەسوڕێن بە حوکومەتی مصرو دامو دەزگاکانی .

سێیەم : ئەگرینی ئەو سەندو بەشو پێویستەو قەرزەی قەرزی گشتیانەی کە حوکومەتی مصرو دامو دەزگادارایی یەکانی دەری دەکەن ، لە لایەن حوکومەتو دامودەزگا عەرەبی بەکانەوە .

چوارەم :

بە پێی ڕاگرتنی ئەندامێتی حوکومەتی میسر لە جامیعەی عەرەبیدا ، ئەندامێتی بەکەی لەو دەزگاو سندووق و ڕێکخراوەشدا ڕادەگیرێت کە لێیەوە پەیدادەبن و ئیتر حوکومەتی میسر سوود لە دەزگاکانی وەرناگرێت .

ئەوانەی لە میسر یشمن بە شێوەیەکی کاتەکی دەبرێنە دەولەتێکی تری عەرەب (باشکۆی ژمارە ٢) .

پێنجەم پەیامی ڕەشبینی میسری - زایۆنیو پاشکۆکانی وا دەخوازێ کە میسر بەوت بدات بە زایۆنیزم ، بۆیە دەولەتانی عەرەب نەوەتو لێدەرکراوەکانی نادەن بە میسر .

شەشەم ئالوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ ئەو دەزگا میریو تابعەتیە میسریانەدا قەدەغە دەکرێت کەوا مامەلە لەگەڵ دوژمنی زایۆنیدا دەکەن .

حەوتەم موقاتەعەی ئابوری .

أ - یاسای موقاتەعەی عەرەبیو بنچینەو دەسەڵاتەکانی بەسەر ئەو کۆمپانیاو دامودەزگاو کەسانەی لە کۆماری عەرەبی میسردان بە جێدە هێزێنن کەوا ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ خۆ مامەلە لەگەڵ دوژمنی زایۆنیدا دەکەنو ، مەکتەبی موقاتەعە ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکات .

ب - دەسەڵاتی خاڵی (أ) کارەکانی بیر ورۆشنبیریو هۆنەری دەگرێتەوە کە لە بێناوی مامەلەکردن لەگەڵ دوژمنی زایۆنیدا یاخود ئەوانەی بەیوەندبیان بە دەزگاکانیەوە هەیە بە کار دەهێنرێن .

ج - دەولەتانی عەرەب گرنگی بەدەوامبوونی مامەلەکردن لەگەڵ ئەو دەزگا تابعەتی ، نیشتمانیە میسریانەدا دووپات دەکاتەوە کەوا مستۆگەر مامەلە لەگەڵ دوژمنی زایۆنیدا ناکەنو ، هانبدرێن بۆ ئەوەی بەپێی پسپۆری خۆیان کار لە ولاتانی عەرەبدا بکەنو چالاکی بنوێنن .

د - دەولەتانی عەرەب گرنگی چاودێری کردنی هەستی ڕۆڵەکانی گەلی عەرەبی میسر کە لە ولاتانی عەرەب دان وکاردەکەنو چاودێری بەرژەوەندیەکانیانو بەهێزکردنی نەتەوایەتی عەرەبییان دووپات دەکاتەوە .

هـ - بەهێزکردنی دەوری موقاتەعەی عەرەبیو پتەوکردنی شوورەکەی لەم بواری ئەوەی کە ئەو ڕێوشوێنانەی کە لەم بڕیارەدا دانراون وەختەکینو هەر کە ئەو بارودۆخانەی بوون بە هۆی دانانیان لاچوون بە بڕیارێکی ئەنجومەنی جامیعە هەڵدەو شێنرێنەوە .

١٠ - دەولەتە عەرەبەکان ئەو یاساو بڕیارو ئیجراتاتە دەرکەن کە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە پێویستن .

هەروەها ئەنجومەنی جامیعەی عەرەب کە بریتین لە بەڕێزان وەزیرانی دەرەوەو ئابووریو دارایی عەرەبو ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دەرکرد :-

یەکەم : وەستاندنی دانی هەر قەرزێك یان ئیداعێك یان بارمتەیەك یان ئاسانکاریەکی بانکی یان بەشداری کردنو یارمەتی دارایی و عەینی و فەنی لە لایەن حوکومەتە عەرەبیەکان یان دەزگاکانیانەوە بە حوکومەتی مصر ودامودەزگاکانی لە ڕۆژی ئیمزاکردنی پەیمانەکە وە .

دووەم : قەدەغەکردنی پێشکەش کردنی یارمەتی ئابووری لە لایەن ئەو سندوقو دەزگا دارایی یە عەرەبیانەوە کە لە چوارچێوەی جامیعەی عەرەبیو هاوکاری عەرەبی هاوبەشدا هەڵدەسوڕێن بە حوکومەتی مصرو دامو دەزگاکانی .

سێیەم : ئەگرینی ئەو سەندو بەشو پێویستەو قەرزەی قەرزی گشتیانەی کە حوکومەتی مصرو دامو دەزگادارایی یەکانی دەری دەکەن ، لە لایەن حوکومەتو دامودەزگا عەرەبی بەکانەوە .

چوارەم :

بە پێی ڕاگرتنی ئەندامێتی حوکومەتی میسر لە جامیعەی عەرەبیدا ، ئەندامێتی بەکەی لەو دەزگاو سندووق و ڕێکخراوەشدا ڕادەگیرێت کە لێیەوە پەیدادەبن و ئیتر حوکومەتی میسر سوود لە دەزگاکانی وەرناگرێت .

ئەوانەی لە میسر یشمن بە شێوەیەکی کاتەکی قۆناغەداو ، بۆ ئەوەی گشت عەرەبەکان بە تەواوی خۆ بە دەستەڵاتکانی وە بەستنەوە ، بە شێوەیەکی کاتەکی ئەمینداری گشتی یاریدەری کاروباری ئابوری ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی مەکتەبی سەرەکی موقاتەعە لە دیمەشق دەکاتو دەسەڵاتی پێویستی دەدرێتێ بۆ ئەوە ئەوە دووبارە دەزگای ناوبراو ڕێکخرێتەوەو پشتگیری بکرێتو پێشنیازی تایبەتی بۆ پەرەپێدانی موقاتەعەکە لە ڕووی شێوازو ناوەرۆکو سنوورەوە پێشکەش بکات ، کە پێویستە ڕاپۆرتێك بداتە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی جامیعە .

هەشتەم :

داوا لە نەتەوە بەگگرتووەکان دەکرێت کەوا بنکەی مەکتەبە هەریمایەتیەکانی بەرژەوەندی بۆ ناوچەی عەرەب پێشکەشدەکەن لە کۆماری عەرەبی میسر بگواستەوە بۆ هەر بایتەختێکی تری عەرەبو ، دەولەتانی عەرەب کارێکی یەگگرتوو بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئامانجە دەکەن .

نۆیەم :

ئەمینداریتی گشتی جامیعەی عەرەبی بە وە ڕادەسپێرێت کەوا لە باری پرۆژە هاوبەشەکانی عەرەب بکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی پێویستە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی نەتەوەی عەرەب بکرێت کەوا لەگەڵ ئامانجەکانی ئەم بڕیارانەدا دەگونجێتو ئەمینداریتی گشتی پێشنیازەکانی پێشکەشی ئەنجومەنی جامیعەی دەولەتانی عەرەب دەکات لە یەکەم کۆبوونەوەیدا .

دەیەم :

بەرەوڕووەستانی پیلانەکانی زایۆنیزم بە دانانی ستراتیژیەکی عەرەبی بۆ بەرەوڕووەستانی ئابوری بۆ بەکارهێنانی توخمەکانی هێزی خودی عەرەبو دووپاتکردنەوەی جێبەجێکردنی تەکامولی ئابوری

بروانە : ل : ٧

Institut kurde de paris

بەڕێز صدام حسین لـــەكۆنفرانسی وەزیرانی دەرەوەی‌وڵاتانی عەرەبدا : « پاشـماوە »

دەربارەی تەقییم كردنـــی سادات پێش مۆركردنـــی پەیماننامەی ئاشتـــــی‌ی خیانەتكارانەی لەگەل دوژمن‌دا . . ناكۆك بووین .. بۆیـــە نابێت ئێستا ناكۆكیمـــان هەبێت .. چونكە ســـادات بەمۆركردنی پەیماننامـــەی ئاشتی خیانەتی لەپەیمان‌و .. خیانەتی لە ئەمانەت‌وخیانەتی‌لە دەستەڵات‌و .. خیانەتـــی لەشتە پیرۆزەكان‌و نەریتـــە بەرزەكان كرد ..

هەڵویســـتی ســـادات هەڵویستی ئەو كەسە نی‌یـــە وازی لە ئەركێكی ساناهـــی هێنابێـــت .. بەڵكـــوو هەڵویستی ئەو كەسەیە وازی لە هەموو رەوشتە بەرزەكـــان هێنابێت .. لـــەوانەیش نەریتەكانی ئاسمان كە لایەنێكی بنەڕەتی‌ی لەسەر زەمیـــن دیاردەكەوێت . قودســـی پیرۆز .. هەروەها هەڵویستی سادات ، هەڵویستی ئـــەو بێ‌دەستەڵات‌و بێ‌توانایەنی‌یـــە كە بۆ دوژمنێكی لەخـــۆی بەهێز تر خۆی دابێتـــــە دەستەوە .. بەڵكو هەڵویستی ئەو كەسەیە بـــەوپـــەڕی خواست‌و هۆشیاری‌ی خۆیەوە بۆ ئەم سەرەوخواكێ‌یـــە ڕۆشتبێت .. هـــەروەهـــا پەیمانی لەگەل دوژمندا بەست دژی نەتەوەی عەرەب ..دژی مافـــەكانـــی‌و .. دژی دەستەڵاتی‌و .. دژی شـــتە پیرۆزەكانی .. لەبەر ئـــەوە نابێت .. بەهیچ شێوەیەك.. لەم خیانەتكردنە لـــەم كارەی دژبەنەتەوە بێ‌دەنگ بیـــن .. بەڵكو لەسەرمانە هەرجیمان لە توانادا هەیە بیخەینە كـــار بۆ پاراستنی مافەكانمان‌و . . سەربەرزیمان‌و .. دواڕۆژی نەوەكانمان .

پێویستە هەموو نـــەتەوەی عەرەب پێ‌بزانێت‌و ..پێویستە هەموو جیهان پێ‌بزانێت كـــە سیاسەتـــی ســـادات . . سیاسەتێكی دابڕاوە لەهـــەموو عەرەب .. لەخۆی زیاتـــر كەسی‌تر ناگرێتەوە .. ئەوەش تایەتە دی .. بەوە نەبێـــت كە ئەو بڕیارانە جێبەجی‌بكرێن كە كۆنگرەی بەرز بڕیـــاری لەسەردان .. ئەوەی كـــە لەپێناوی ئەوەدا بانگ‌كراون جێبەجێ‌بكرێن .. ئەوانەیش هەروەكوو ووتمان‌و دووپاتمان كردەوە .. بـــڕیاڕی ڕادەی هەرەنزم بوون .. لەكاتێكـــدا ئێمە داوا لە هەر كەســـێك دەكەین كە بەنێت‌و توانـــا هەڵویستی بەهێزو توندتـــرو بالاتری هەبێت هیچ لـــەوەدا دوو دڵی نەیگرێت چونكـــە بەوجۆرە هێزێكی تر دەخاتـــە سەر هێزی نەتـــەوەو . . سەربڵندیەكی‌تر دەخاتە ســـەر ئێمەیش لەبەرانبەر نەتـــەوەی عەرەبدا داوالێ كـــراوین لەوانە تێ‌بگەین كە لەپشتـــی سادات وەستان‌و هانیـــان‌داو گاڵتەیان بە خواستی نـــەتەوەی عەرەب‌و بڕیارەكانی كرد . . ئەم كارەیان هەروەها بەئاسانی‌و بێ‌ئەنجام تێ‌ناپەڕێت بێ‌ئەوەی بەرژەوندیەكانیان نەخاتـــە مەترسییەوە .

ئەی‌برایان .. ئەمریكا وای لە رووداوەكان‌كرد بەرەو ئـــەم ئەنجامانە بشـــكێنـــەوە .. خۆیشی باش دەزانێت كـــە دژی خواســـتی نەتـــەوەی عـــــــ

پیلانەکەی ساداتی خائن تێ ناپەڕێ

جەماوەری گەل ناڕەزایی و تووڕەیی خۆی دەردەبڕێ

جەماوەری گەل لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا دژی پەیمانە خیانەتکاری یەکەی سادات دەوەستن

هەولێر

ڕۆژی ٢٧ ئادار سەر لە بەیانی سەرجەمی چینەکانی گەل لەشاری هەولێر جەماوەرێکی زۆریان لێ چۆتە دەرێ و خۆنیشاندانێکی گەورەیان دژی ڕێکەوتنە تاوانبارەکە کردووە لە پێشەوەی ئەو خۆنیشاندانەی لە گۆڕەبانی قۆارەو بەرەو گۆڕەپانی پارێزگا کەوتبووە ری بەرێز خالد عبد عثمان وەزیری دەوڵەت بۆ ڕێکخستنی کاروبار لەگەڵ دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیداو احمد النقشبندی سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەراندن و محمد علی محمد امین سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان و هاوڕێ مزبان خضر ئەمینداری نهێنی لقی ژوروی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و ئەمینداره‌کان و پارێزگاری هەولیر دەرۆیشتن .

لە خۆنیشاندانەکەدا سەرۆک و ئەندامانی ڕێکخراوە میهەنی و جەماوەرێکان و کارگیرانی دایرەکان و جەماوەرێکی زۆر بەشداریان کردووکاتی خۆنیشاندانەکە لە گورەپانی بەردەم پارێزگاریدا کۆبووەوە بەرێز عبدالغفار صائغ سلاوێکی گەرمی پیشکەشی خۆراگرتنی جەماوەری هەولێرکرد دژی ڕێکەوتنەتاوبنارێکەو دوای ئەو هاوڕێ مزبان خضر وتارێکی خوێندەوە لەوتارەکەیدا تووڕەیی و ناڕەزایی جەماوەری نیشاندا بەرامبەر پیلانەکەی ئیمپریالیزم و زایونیزم و ساداتیزم و لەو بارەیەوە وتی :

دوێنێ ئێوارە پیرۆزترین مەسەلەی سەرجەمی نەتەوەی عەرەبمان لەلایەن ساداتی تاوانباری نەتەوەی عەرەبەوە خرایە ژێر پێ بەو چەشنە دژی خواستی گەلی میسر راوەستا هاوڕێ ئەمینداری ژورو ئەوەی دوپات کردەوە کە گەلی میسرو نەتەوەی عەرەب بەرامبەر ئەم پیلانە گەورەبە راناوستێت و لێی بێدەنگ نابێت و تێکۆشانی عەرەب زیاتر گەرم دەبێت و ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر تاو دەستێنێت بۆ ڕزگار کردنی خاکی عەرەب لە ئوقیانوسەوە بۆ نۆکەند .

هەروەها وتی گەلی میسرو سوپای میسر زیاتر خەبات دەکات بۆ داڕمان و لەباربردنی ئەم پیلانەی دژی عەرەب کراوە .

لە کۆتایی وتارەکەیدا ئەوەی ڕون کردەوە کە عیراق و حزبە سەرکردەکەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی بەتوندی **ڕوبەڕوی** ئەم پیلانەی ئەمەریکاو زایونیزم ڕادەوستن و بەتوندی لێی دەدەن ، لەهەمان کاتدا ستایشی ئەو هەنگاوانەی کردووە کە بۆ یەکبوونی نێوان عیراق و سوریا نراوە لە ڕێگای ڕزگاری و سەرکەوتندا دوای ئەو بەرێز احمدعبدالقادر سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەراندنی ناوچەی کوردستان وتارێکی خوێندەوە لەوتارەکەیدا ئەوەی دووپات کردەوە کە جەماوەری کوردستان ئامادەیە بۆ پوچەڵ کردنەوەی ئەم پیلانە بێ نرخەی ساداتی تاوانبار مۆری کردووە .

لە کۆتایی وتارەکەیدا وتی: جەماوەر بە هەموو لایەنە نیشتمانێکانی بەوە ئامادەبە بۆ تێکۆشان دژی ئەم پیلانە تاوانبارانەبە دوای ئەوە بەرێز محمد علی محمد امین سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان وتارێکی هاوچەشنی خوێندەوە خواستی گەلی عراق و سەرکردایەتی حزبی بەعسی تێدا نیشاند، کە ئامادەن بەتوندی بەروی ئەم پیلانە چەپەڵەدا ڕابوەستن و هەوڵی پوچەڵ کردنەوەی بدەن دوای ئەوە نوێنەری لاوانی میسر لە هەولێر وتارێکی خوێندەوە لەوتارەکەیدا تووڕەیی و پەستی گەلی میسری نیشاندا لەگەڵ سەرجەمی فەسیلە نیشتمانێکانی دژی ئەم ڕێکەوتنە خۆبەدەستەوە دەریە .

سلێمانی

دوا بەدوای مۆرکردنی پەیمانە خیانەتکاریەکەی نێوان ساداتو بێگن و کارتە هەموو جەماوەری پارێزگای سلێمانی لە خۆپیشاندانێکی جەماوەری کەورەدا ناڕەزایی و تووڕەیی خۆیانیان پیشان داو زۆر بە توندو تیژی خۆ بەدەستەوەدانی ساداتی خائینیان دایە دواوە ئەم خۆپیشاندانەش سەر لە بەیانی ڕۆژی چوارشەمەی ڕابردوو ڕێکخرا کە هەموو ڕێکخراوە مبللی و پیشەیی-یەکانی سلێمانی هاوبەشیان تێدا کردو لە پێشیانەوە بەرێز ارشد احمد محمد پارێزگاری سلێمانی وهاوڕێ عبدالرزاق فارس ڕازگری سەرکردایەتی شوعبەی سلێمانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئەڕۆیشت خۆپیشاندانەکە لە بەردەم بارەگای یەکێتی تیقابەکانی کرێکارانی سلێمانیەوە دەستی پێ کرد بەرەو شەقامی کاوەو بەبەر دەرگی سەرادا بەرەو شەقامی مەولەوی هەتا بەردەم بارەگای شوعبەی سلێمانی حزب ڕۆیشت لەوێ هەموو خۆپیشاندەران کۆبوونەوەو دەنگی ناڕەزایی خۆیان بەرز کردەوەو هوتافیان ئەکێشا بە ژیانی سەرۆکی بەرێز احمد حسن البکرو هاوڕێ صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش . ئینجا هاوڕێ عبدالرزاق فارس ڕازگری سەرکردایەتی شوعبەی سلێمانی حزب دوانێکی گرنگی داو تێیدا ناڕەزایی جەماوەری دووپات کردەوەو بەرامبەر بەو کارە ناپەسندە ساداتی خۆفرۆش دژی نەتەوەی عەرەب کردی ووتی سادات تەنها بریتیە لە خۆی و کەسی تری لە گەڵدا نیەو قوڕی بەسەر لە دەستی گەل ڕزگاری نابێت و ئەو خیانەتی لە هەموو ڕەوشتە مرۆڤانەکان کرد ئەمەش لێخوش بوونی نیە ، هەروەها وتی بەعەرەب و کوردەوە پێویستە لەسەرمان کە هەوڵی تەواو بدەین بۆ پێکهێنانی یەکێتی نیشتیمانی و خۆ ئامادەکردن بۆ بەرەنگاری ئەم خۆبەدەستەوە دانەی ساداتی خاین دوای ئەوە بەرێز شیخ محمد القرەداغی خەتیبی مزگەوتی گەورەی سلێمانی دوانێکی داو تێیدا باسی کارە ناڕەواکەی ساداتی کردو گرنگی بەرەنگاری کردنی لە شەریعەتی ئیسلامدا ڕوون کردەوەو زۆر بە توندی ناڕەزایی پیاوانی ئایینی پارێزگای سلێمانی دەربڕی و داوای لە هەموان کرد کە یەک بگرن بۆ بەرەنگاری کردنی ئەم کارە خۆبەدەستەوە دەرانەیەی ساداتی خاین . لە کۆتاییدا بە ناوی هەموو ئەو جەماوەرەوە بروسکەیەک نێررا بۆ سەرۆکی تێکۆشەر کاک احمد حسن البکرو هاوڕێ صدام حسین و ئامادەیی جەماوەری سلێمانیان پیشان-دا کە سەربازی هەمیشەیی ئەوانن و ئامادەی ئیشارەتن .

پ . هاوکاری

حمە سعید حمە کریم فرج

کۆمەڵانی خەڵکی ئۆتۆنۆمی

بەباوەڕو وشەو خوێن پشتیوانی خەباتی ڕزگاری فەلەستینە

● لە ٢٨ی مانگی ڕابوردووەوە ، دوای ئەوەی سادات « ئیمزا ناڕەسەنە بێشەرمانەکەی » کرد ، خەڵکی ئەم وڵاتە لە عیراقی شۆڕشدا ، لەگەڵ هەموو خەڵکی گەلی عەرەب لەنیشتمانی عەرەبدا تووڕەیی و بێزاری خۆی دەر دەبڕێ بەرامبەر بەو هەڵویستە خیانەت کارییەی سادات ، تووڕەیی و بێزاری خۆی دەر دەبڕێ ، تووڕەیی خۆی دەردەبڕێ ، پیشتیوانی خۆی بۆ هەڵویستی شۆڕش لە عیراقدا دەر دەبڕێ کە هەڵویستی باوەڕو ڕێڕەوی سەر بە ئاوات و خواستی میللەتە . پیشتیوانی لە خەباتی گەلی فەلەستین دەکا کە تاقە ڕێگای گەڕانەوەی ، ڕێگای خەباتی سەخت دژی دەستەڵاتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو قەوارەی زایونی و ڕژێمی ساداتی مل کەچ و بەزیو .

● بەغدا هاوار دەکا ... بەرووی پیلانی سێ چوکنەی « امریکا - زایونی - سادات » دا نەء ... بەسرە هاوار دەکا ... نەء .. خەڵکی پارێزگاکانی هەولێرو سلیمانی و دهوك هاوار دەکەن .. نەء .. سادات شەرمەزارو ڕەجم دەکەن ، ئامادەن بە باوەڕو وشەو خوێن پیشتیوانی ڕێگای خەباتی ڕاستەقینەی سەر بە میللەت بکەن تا ڕزگار بوونی فەلەستین ، ئامادەن بۆ بەهێزو پتەو کردن و پشت گرتنی هەڵویستی سەرکردایەتی حزب و شۆڕش لە عیراق کە هەڵویستی خۆراگرتن و نەبەزینەو هەڵویستی باوەڕو خەباتە . هەڵویستی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست .

● کۆمەڵانی خەڵکی کورد، هەر لە سەرتاوە تا ئیستا ، کە باوەڕی بە پێکەوە بەستراوی چارە نووسی خەباتی ناوکۆیی گەلی عیراق بە کوردو عەرەب و کەمایەتیەکانیەوە بوە لەو باوەڕە سەختەوە ، کە هەموو سەرکەوتنێکی خەباتی ڕزگاریخوازی عەرەب ، مانای سەرکەوتنی ئەمەو مانای سەرکەوتنی هەق و ڕاستیە ، بەباوەڕو بە وشەو خوێن پشتیوانی خەباتی ڕزگاری فەلەستینە .

Institut kurde de Paris